محەمەدی مەلاکەریم

دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری

# حاجی قادری کۆیییەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری

# حاجی قادری کۆییەوە

یەکەم: حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە
لە ژیانی نەتەوەی کورد
دووەم: چەند بابەتێکی باش لێ نەکۆڵراوە
لە ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی گەلی کورد
حاجی قادری کۆییدا

ناوی کتێب: دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە
نووسینی: محەمەدی مەلاکەریم
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٢٤
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد + گۆران عەبدولهادی
دەرهێنانی هونەریی ناوەوەی کتێب: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووهەم: ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٠٨ی
سالّی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

مـحـەمـەدی مـەلاکـەریـم

# حاجی قادری کۆیی

## شـاعیری قـۆنـاغـێکی نـوێیـه لـه ژیانـی نـەتـەوەی کـورد

چاپی دووهـەم

ئـەم چاپـه لـه پـەراوێزەکانیدا زۆری لێ زیاد کراوه

ئەم کتێبە پێشکەش بێ:

بە گیانی پاکی ئەو حاجی قادرەی کە تا مرد بۆ کورد ژیا و،

بەو نەتەوەی کوردەی کە سەرچاوەی ئیلهامی حاجی قادر بوو.

ئەم کتێبە، بۆ یەکەمجار، لە ١٩٦٠دا،

لە چاپخانەی (النجاح) لە بەغدا لە چاپ دراوە

# پێشەکیی چاپی دووهەم

ئەمە چاپی دووهەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد)ە، کە لە ١٩٥٧دا دامناوە و، پاش سێ ساڵ، واتە لە ١٩٦٠دا، بە یارمەتیی وەزارەتی مەعاریفی عێراق، بەچاپم گەیاندووە. ئێستا کە بۆ جاری دووهەم بەچاپی ئەگەیەنمەوە، لەوە دڵنیام کە بەش بەحاڵی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کورد و توێژەرەوەی ئەدەبیی ئەم چەرخەمان کتێبێکی سادە و ناتەواوە، بەڵام لەوەیش، هەروەها، دڵنیام کە نابێ ئەم کتێبە هەر لەم گۆشەنیگاوە سەیری بکرێ و، پێویستە ئەوەیش لە یاد نەکەین کە ٥٠ ساڵ لەمەوپێش دانراوە و ٤٧ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە چاپ دراوە و، تا ئەو کاتە کە ئەم کتێبە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، هەرچەند دوو چاپی بەشێکی باش لە شیعرەکانی حاجی لە عێراقدا[1] و، چەند پارچە شیعری لە گۆڤارە کوردی – تورکییەکانی ئەستەموڵ و بەغدادا[2]

---

(١) کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، چاپی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدوڕڕەحمان سەعید (بەغدا، چاپخانەی داروسسەلام، ١٩٢٥) و؛ دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەمی خوالێخۆشبوو مامۆستا گیو موکریانی، (هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٥٣).

(٢) ئەوانەی من دیومن، ئەمانەن:

- گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، ئەستەمووڵ، ژمارە (٢).
- گۆڤاری (هەتاوی کورد)، ئەستەمووڵ، ژمارە (١).

=

بڵاوکــرابـووەوە، من پـێ بزانم، لـە کــورتـە وتارێکی چەند ئـەڵقــەیـی گۆڤاری (تێگەیشتنی ڕاستی)[٣] و، بابەتێکی خوالێخۆشبـوو مامۆستا ڕەفیق حیلمـی لە بەرگی یەکەمـی (شیـعر و ئـەدەبیاتی کوردی)دا[٤] و، بابەتێکی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سـەججادی لە (مێژووی ئەدەبی کــوردی)یەکــەیدا[٥]، بەولاوە، شــتــێکی ئەوتـۆ لە بارەی بیــر و شیـعری حاجییەوە بڵاونەکرابووەوە کە من تا ئەو کاتە تەنـها سـێـهەمی ئەوانەم دیبـوو. جا کە ئەم ڕاستییانـە ڕەچاو بکەین، ئەبێ بڕیار بدەین ئەم کتێبـە، بە هـەمـوو ناتەواویـیـەکیشـیـەوە، بە سـەنگ و ترازووی ئەو سـەردەمـە، شـتـێکی گـەورە و گران و هـەنگاوێکی مـەزن بووە بەڕێگای ناسـاندنـی بیـر و شـیـعـری حـاجـیـدا بەنەتەوەی کـورد، ئـەو نەتەوەی کوردەی کـە لەگەڵ ئەوەیش بەشـەکەی کوردستانی باشـووری لە هـەموو

= – گۆڤاری (ژین)، ئەستەمووڵ، ژمارە (٢).
– گۆڤاری (تێگەیشتنی ڕاستی)، بەغدا، ژمارە ٢٢ –٢٥، ٣٢ – ٣٣.
– گۆڤاری (دیاریی کوردستان)، بەغدا، ژمارە ١–٣، ٧، ٩، ١١–١٢، ١٣–١٤.
بۆ زانینی زۆرتر لە بارەی ئەو پارچە شــیــعــرانەوە کــە لەم ژمــارانـەی ئەم گـۆڤـارانەدا بڵاوکـراونەتەوە و، لـە بارەی خـودی ژمـارەکانـیشــەوە، بڕوانـەرە: مـحەمـەدی مـەلاکەریم، هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ڕاسـتکردنەوەی دیوانی حاجی قـادری کۆیی، لە بڵاوکـراوەکانی (دەزگـای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)، بەغدا، چاپخانەی دارولحورڕییە، ١٩٨٩، پەراوێزگەلی ٣٢ – ٣٦، ل ٣٢ – ٣٤.

(٣) بڕوانـەرە: پەراوێزی پێشوو.

(٤) بڕوانـەرە: ڕەفـیق حـیـلمی، شـیـعر و ئەدەبـیـاتی کوردی، بـەرگی یەکـەم، بەغدا، چاپخانەی تەفەییوز، ١٩٤١، ل ٩٩ – ١١٨.

(٥) بڕوانـەرە: عـەلائەددین سـەجـجـادی، مـێـژووی ئەدەبی کـوردی، چاپی دووهـەم، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١، ل ٣٤١ – ٣٦٠.

بەشەکانی تری هوشیارتر و بەگیانی کوردایەتی موتوربەکراوتر بوو، لە بواری بایەخداندا بەناسینی کەسێکی وەک حاجی قادری کۆیی لە ئاستێکدا بوو من لە کاتێکدا ئەم کتێبەم بڵاوکردەوە گوڕەی ئەو خوێنگەرمییە بوو شۆڕشی ١٤ی تەمووز خستبوویە ناو گەلی کوردی عێراق و، کورد لە کۆڕی خەباتێکی بەتیندا بوو بۆ مافە سیاسی و کولتوورییەکانی، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا و لەگەڵ ئەو ئەندازە ئازادییە دیموکراتییەیشدا کە هەبوو، لە ١٠٠٠ دانە کە من لەم کتێبەم لە چاپ دابوو و لە ناوەڕاستی ١٩٦٠دا خستبوومە بازاڕەوە و دانەی بە ١٥٠ فلس ئەفرۆشرا، لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵدا، واتە تا ڕوودانی کوودەتا شوومەکەی شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییە فاشستەکان کە ئیتر هەموو شتێکی کوردی قەدەغە کراو خەڵکیان خستە ترس و لەرزێکی واوە بەهەزاران دانە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کۆن و نوێی کوردی بکەن بەخۆراکی گڕی ئاگردان و زۆپا و تەنوورەکانیان، هەموو ٨٥٠ دانەی لێ فرۆشرابوو یا لە کتێبخانەکانی کوردستاندا دانرابوو بۆ فرۆشتن و ١٥٠ دانەیشی لای خۆم مابووەوە لەگەڵ ٦٠٠ دانە دیوانی مەولەوییەکەی باوکم کە ئەویش هەر هەمان دەردی ئەم کتێبەی منی لێ قەومابوو و سەدان دانەی لە کتێبخانەکانی سلێمانی و کەرکووکدا لە لایەن ئیستیخباراتی سوپاوە دەستی بەسەردا گیرابوو. ئەو ژمارە لای خۆمان ماوانەی ئەم دوو کتێبەم لە چاپخانەی (الوفاء) لە بەغدا دانابوو.

بەڕێوەبەری چاپخانەی ناوبراو پاش کوودەتا گیرا و چاپخانەکەی داخرا، بەڵام خۆشبەختانە هیچ دەستێکیان بۆ ناوەوەی نەبردبوو. منیش بۆ خۆم هەروا پاشتر گیرام. پاش چوار ساڵ کە هەردووکمان

بەربووین، چووم کتێبەکانم لە ژێر باری خۆڵ و تۆزی کەڵەکە کردوودی ئەو سـاڵانەدا هێنایە دەرەوە، مـەولەوییـەکـانم بردە بارەگـای شـێخ عەبدولقادری گەیلانی بۆ لای باوکم و کتێبەکەی خۆمم بردە کۆلێژی ئاداب لای برا و برادەری ئازیزم دوکـتـۆر عـیـززەدین مـسـتـەفـا و، قـوتابییـەکـان بەرە بەرە ئەچوون ئەیانکڕی و ئەیشـچـوون دیوانی مەولەوییان لای باوکم ئەکڕی.

ئەم سەرگوزەشتەی دیوانی مـەولەوی و کتێبەکەی لەمـەڕ حاجی قادرەم بۆیە بۆ گێڕانەوە نموونەیەکی مامەڵەی حوکوومەتەکانی ئەو سەردەمەی عێراق لەگەڵ کتێبی کوردی و، بایەخدانی ڕۆشنبیران و خـوێندەوارانی ئەو ڕۆژانەی کـوردتان بەکـەلەپووری بیـر و ئەدەبی گەلەکەیان لە شەخسی یەکێک لە دوو گەورەترین مەشخەڵ هەڵگری بیـری نەتەوەیی و بزووتی نوێی ڕیفـۆرمـیـسـتی لە سـەرانسـەری کوردستاندا بێتە بەرچاو کە مەبەستم لەو یەکە حاجی قادری کۆییە، یادی هەمیشە پیرۆز و زیندوو بێ.

من کە ئێستا، بۆ جاری دووهەم، ئەم کتێبەم بڵاو ئەکەمەوە، پتر بۆ ئەوەی بڵاو ئەکـەمـەوە لەگـەڵ ئەو باسـەمـدا پێشکەشی بکەم کـە لە ڤـسـتـیـڤـاڵی کـۆیەی ڕۆژانی ٦ – ٢٠٠٤/١٠/٨دا خـوێندمـەوە کـە بۆ بەزیندوو ڕاگـرتنی یادی حـاجی قـادر بەرپا کـرا و، ئەمـەویێ لەم ڕێگایەوە گوڕێکی نوێ بەگیانی قەدر زانینی حاجی قادر بدەم لە ناو ڕۆشنبـیـران و خـوێندەوارانی کـورددا کـە ئەو لە پلەی دووهەمـدا و ئەحـمـەدی خـانی لە پلەی یەکـەمـدا دوو گـەورەترین خـاوەن بیـری بنیـاتنەری گـیـانی نەتەوەیین لە ناو گـەلەکـەمـاندا و، چەند زیاتر بایەخیان بدرێتێ و لێیان بکۆڵرێتەوە هێشتا ئەو ئەرکە بەتەواوی

بەجێ نایەت کـــە لەبارەی ئەم دوو کـــەڵەپیـــاوەوە لە ئەســـتـــۆی هەمووماندایە.

لە بارەی ئەم کتێبەوە ئەبێ ئەوەیش بڵێم کە جگە لە زۆر نەڕۆیشتن لەسەر بابەتەکانی، لە ڕووی داڕشتنی زمانی و شێوە نووسینیشەوە – کە بەهەڵە ناوی «ڕێنووس»ی لێ نراوە – گەلێ کەموکورتیی تێدایە. بێگومان ئەگەر ڕێی خۆم بدایە کەموکورتییەکانی داڕشتنی ڕاست بکەمەوە شێوەی کتێبەکە لە زۆر ڕووەوە ئەگۆڕا و منیش ئەمویست کتێبەکە وەک نموونەیەکی توانی نووسینی ئەو سەردەمەم پێشکەشی جەماوەری خوێندەوارانی ئەمڕۆ بکەم و، لایشم وایە خراپم نەکردووە. بەڵام شێوە نووسینیم چاک کردووە و بەجۆرێکم دووبارە نووسیوەتەوە کە بۆچوونی ئێستامی لەم بارەوە تێدا ڕەنگ بداتەوە و، لایشم وایە لەگەڵ بەشی زۆری ئەو شێوە نووسینە جووتە کە دەزگای ئاراسی بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانیدا لەسەری ئەڕوا و، ئەویش لە بەشی زۆریدا لەگەڵ ئەو جۆرە شێوە نووسینە جووتە کە کاتی خۆی کۆڕی هەڵوەشێنراوەی زانیاری کورد بڕیاری دابوو و کەمی لێ بۆ چووە سەر و زۆری بۆ نەچووە سەر. لەمەیش بەولاوە شیعرەکانی حاجیم کە لە کتێبەکەدا وەکو بەڵگە بۆ بۆچوونەکانی بەکارهێناون و کاتی خۆی لە چاپی یەکەمی خوالێخۆشبوو گیو موکریانیم وەرگرتبوون، ئەمجارە، تەنها چەند بەیتێکیان نەبێ، لە چاپی یەکەمی مامۆستایان خوالێخۆشبوو سەردار حەمید میران و کەریم شارەزام وەرگرتوون کە بۆ خۆیشم بەشدارییەکی باشم تێدا بووە و، شوێنی ئەو شیعرانەیشم لە چاپەکەی ئەو دوو برادەرەدا، لە کۆمەڵێک پەراوێزدا دەستنیشان کردووە و، چەندین پەراوێزی تری پێویستیشم بۆ

نووسـیـوە کـە دیارە لە چاپی یەکـەمـدا نین چونکە بەمـەبەسـتی ڕوونکردنەوەی هەندێ بۆچوونی درشتی خۆم نووسیومن کە لە چاپی یەکەمی کتێبەکەدا تێیان کەوتووم. بۆ جوێکردنەوەی ئەو پەراوێزانە لەو چەند پەراوێزە کەمە کە لە چاپی یەکەمدا هەن و لێرەیش دووبارە بڵاوم کـردوونەتەوە، لە داوێنـی هەر یەکـێک لە پەراوێزە تازەکـاندا نووسیومە: (پەراوێزێکی نوێ).

لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە لە بارودۆخێکدا کە تا ئێستا و پاش پەنجا ساڵ کتێبێکی باشتر و پۆشتە و پەرداختر و تێروتەسەلتر لە بارەی بیر و شیعری حاجییەوە نەنووسراوە، کتێبە سێ بەرگییە تەواو نەبووەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەدیشی لێ دەرنەکەی[٦]، هەر هیچ نەبێ، وەک گەڵاڵەی نەخشەیەک بۆ بەرنامەی نووسینی کتێبێکی گەورە و باش لە بارەی جۆری بیرکردنەوەی حاجییەوە، وەک لە شیعرەکانیدا دەریبڕیوە، بە کارێکی سوودمەند

(٦) کتێبەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد لەسەر بنەمای مێژووی ژیانی حاجی هەر لە منداڵییەوە، نووسراوە و، تەواویش نەبووە و، کۆمەڵێ بابەتی جۆر بەجۆر بەدەوروبەری ژیانی حاجیدای تێدا هاتووەتە ئاراوە. بۆیە ناتوانرێ بیری حاجی لە چوارچێوەی ئەو کتێبەدا دەستنیشان بکرێ و، هەرچییشی لەم بارەوە تێدا نووسرابێ، زۆر بەزەحمەت لە لاپەڕەکانی سێ بەرگ کتێبدا ئەدۆزرێتەوە. من، بۆ خۆم، دەمێکە بەئاواتەوەم بۆم هەڵکەوێ بتوانم بابەتەکانی تایبەت بەژیان و بیری حاجییەوە لەم کتێبەدا کۆ بکەمەوە و جوێیان بکەمەوە و لە کتێبێکی تایبەتیدا، وەک بەشێک لە خزمەت کردن بەپرۆژەی ناساندنی حاجی، بڵاوی بکەمەوە. بڕوانەرە: مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم ١٩٧٢، بەشی دووەم ١٩٧٤، بەشی سێیەم ١٩٧٦.

ئەزانم و، هیوام وایە ببێ بە سەرەتا بۆ کارگەلێکی کات زۆر بەسەردا تێپەڕیو لەبارەی حاجی قادری زێدە مەزنەوە. وەک هیوایشم وایە زوو بەزوو یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان سەرجەمی وتار و بابەتەکانی تری ڤستیڤاڵی حاجی قادر و هەموو پێداچوونەوە و دەم تێ وەردانەکانی ئەوانەی پاش خوێندنەوەی باسەکان قسەیان ئەکرد، لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە و، بەوە خشتێکی تر بخاتە سەر دیواری پڕۆژەی هێشتا لە سەرەتادای کۆڵینەوە لە بیر و شیعری حاجی قادری هەنگاوی دووهەمی پاش ئەحمەدی خانی.

# سەرەتا

بێگومـان ئەدەبی هـەر نـەتەوەیەک، لە هـەر قـۆناغێ لە قـۆنـاغـەکـانی ژیانی ئەو نەتەوەدا، ئاوێنەیەکی باڵانمای ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیـاسی و بیـریی ئەو نـەتـەوەیە، بۆیە لە کاتێکا کە مێـژوو بەباشی باسی سـەردەمێکی ژیانی نەتەوەیەک نەکا، پیاوی ورد و تێگەیشـتـوو ئەتوانێ لـە ڕێگای کۆڵینـەوەوە لە گۆرانی و چیـرۆک و هـەڵبـەسـتی ئەو سـەردەمە، تا ڕادەیەکی باش باری ژیانـی ئەو سـەردەمـەی ئەو نەتەوەیە شارەزا ببێ[١].

بەڵێ، ئەدەبیش وەک هـەمـوو شتێکی زیندوو سـەری شۆڕە بۆ یاسای

---

(١) مەسـەلەکە بەم شێوە حەرفییە نییە و، ئەدەب هـەرگیز جێگای مێژوو ناگرێتەوە و نایشـتـوانێ ئەو کارە بکا کە مێـژوو لە بواری ئاگاداربوون لە جۆری ژیانی ڕابووردوودا ئەیکا. مـەسـەلەکـە هەرگیـز لەو ئەندازەیە تێناپەڕێ کـە ئەدەبی هەر قۆناغێکی ژیانی ئادەمیزاد سیمـا گشـتییـەکانی ئەو قۆناغـە نەنوێنێ و ئەو بـارە گـشـتی و تێکڕاییـیـەی ژیـانی تێـدا ڕەنگ ئەداتەوە کـە لـە هەر چەرخێکی کۆمەڵایەتیی مێژوودا بووە و، تێکڕا لە چوارچێوەی داب و نەریت و بیـروبۆچوونی ئـەو چەرخـەدا ئـەخـولێـتـەوە، هەرچەند هەمـیـشـە پاشـمـاوەی سـیـمـای چەرخـێکی بەسـەرچوویش، تا مـاوەیەک، کـەم یا زۆر، لـە ئەدەبی چەرخێکی لەوە پاشدا ڕەنگ ئەداتەوە. بەڵکو وایش ئەبێ، بەپێـچەوانەوە، لە ئەدەبی چـەرخـێکی بەسـەرنـەچوودا، هـەندێ سـیـمـای چەرخی دادێ سـەرهـەڵئـەدا، وەک لە شـیـعـری کـەسێکی وەک حـاجی قـادردا دەرکـەوتووە (پەراوێزێکی نوێ).

گۆڕان، وە بەپێی گۆڕانی باری ژیانی خەڵکی گۆڕاوە و ئەگۆڕێ. وە هەر قۆناغێکی ژیانی هەر نەتەوەیەک ئەدەبێکی تایبەتیی هەیە بەنیشانەی تایبەتی ئەناسرێتەوە و جوێ ئەکرێتەوە لە ئەدەبی قۆناغەکانی تر. ئێستا ئێمە زۆر باش هەست ئەکەین کە شێوە و ناوەرۆکی شیعر و گۆرانی و چیرۆکی ئێستامان زۆری جیایە لە هیی چەند ساڵ لەمەوپێش. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە ئێستا پاشماوەی ئەدەبی کۆن لە ئەدەبەکەمانا نەماوە، نەخەیر! ماوە و تا ماوەیەکی تریش ئەمێنێ، چونکە هێشتا لەناو ژیانی کۆمەڵا پشتیوانی مانەوەی هەر هەیە.

جا لەسەر ڕووناکیی ئەم قسانە ئەمەوێ کەمێ لەسەر (حاجی قادری کۆیی) بنووسم، چونکە شیعری حاجی یەکەمین ئیشێکی هونەرییە کە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی نەتەوەی کوردمان پیشان ئەدا، وە ئەمەوێ ئەوەندەی لە توانامـا ببێ دەریخەم کە حاجی چۆن هەستێکی بووە لە ژیانا، وە بیری سەبارەت بەو هەموو گیروگرفتانەی کە تووشی نەتەوەی کورد هاتوون چی بووە، وە چیی بەباش زانیوە بۆ لادانی ئەو کەند و کۆسپانەی کە لە ڕێگای کوردان، وە بۆ باسی هەر سەرێکی ئەم مەسەلەیە چەند پارچەیەک لە شیعری حاجی خۆی ئەهێنمەوە.

بەڵام ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەتە من لەم نامیلکەدا لە حاجی قادری خاوەنی هەڵبەستی وەسف و دڵداری و لاواندنەوە و پیاهەڵدان نادوێم، چونکە پەیوەندییەک لە بەینی مەبەسەکەی خۆم – کە دەربڕینی شەخسییەتی حاجی قادری تێگەیشتووی پێگەیشتوویە – و ئەم چەشنە شیعرانەی ئەوا نابینم. بەسە ئەوەندە بزانین کە حاجی لەم

مەیدانەشا لە بوێژەکانی پێش خۆی هیچی کەمتر نەبووە، ئەگەر لە هەندێکیشیان زیاتر نەبووبێ، وەک خۆی ئەڵێ:

**زاهیرەن بەیتم لە (نالی) و (کوردی) زۆر کەمتر نییە**
**تالیعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نووستووە**(٢)

یان ئەڵێ:

**بەجێما (نالی) وەک ناڵی، بە پاش کەوت (کوردی)وەک گەردی**
**کە (حاجی) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی**(٣)

وە وەک لە هەڵبەستە (بەهاری)یەکەیدا دیاری ئەدا.

شتێکی تریش بخەمە بەرچاوی خوێنەرەوەی خۆشەویست:

لەبەرئەوەی کە جگە لەو دوو نوسخەیەی کە مامۆستایان عەبدورڕەحمان سەعید و گیو موکریانی لە چاپیان داوە نوسخەیەکی ترم چنگ نەکەوت، نەمتوانی لاری و لەنگیی هەندێ لە هەڵبەستەکان ڕاست بکەمەوە(٤) و مەعنای هەندێ وشە لێ بدەمەوە کە لە شیعرەکانا هەن و سەرم لێیان دەرنەچووە. لە کاتێکا کە لەم ڕووەوە داوای لێبووردن ئەکەم، هیوام وایە هەرکەس ئەتوانێ لەم بابەتەوە یارمەتیم بدا، درێغی نەکا، بەڵکو لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکانا ئەو شوێنانە ڕوونتر بکەمەوە.

جارێ، با پێشان چاوێ بگێڕین بەمێژووی ژیانی حاجیدا.

---

(٢) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ١٣٠، (پەراوێزێکی نوێ).
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣. ئێستا لام وایە ڕاستەکەی وشەی (سوخەندانی)، نییە و (سوخەنڕایی)یە (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) لەم بارەوە تەماشایەکی پێشەکیی چاپی دووەم بکە (پەراوێزێکی نوێ).

# بەکورتی مێژووی ژیانی حاجی قادر[١]

حاجی قادر کوڕی ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتی[٢]، وە لە تیرەی (دەربەندییان)[٣] ساڵی ١٢٤٦ (١٨١٥ی. ف) لە دێی (گۆڕقەرەج)[٤] لە دایک بووە. هێشتا مناڵ بوو کە باوکی مرد. فاتمەی دایکی هەڵیگرت و بردیە کۆیە لە مزگەوتی مفتی نایە بەر خوێندن. حاجی بەفەقێیەتی

(١) ئەم کورتە سەرگوزەشتەیەی حاجی لە پێشەکیی (دیوانی حاجی قادری کۆیی) بەپێنووسی مامۆستا گیو موکریانی، وە لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) وەرگیراوە. [ئەمڕۆ، پاش کۆمەڵێک توێژینەوەی لێکۆڵەرەوان دەرکەوتووە ئەم مێژووە زۆری وانییە، بەتایبەتی مێژووی لە دایکبوونی حاجی کە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە و، مێژووی کۆچی دوایی کردنیشی کە ١٨٩٧ یان ١٨٩٨ە. نەک ١٨٩٢، وەک لە ژمارە ٣ی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرئەکەوێ کە پارچە شیعرێکی حاجیی تێدا بڵاوکراوەتەوە و لەگەڵیدا ئیشارەت بۆ ساڵی کۆچی دوایی وی کراوە. بڕوانەرە: دوکتۆر کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، ١٨٩٨ - ١٩٠٢، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٢، بێ ناوی چاپخانە. (پەراوێزێکی نوێ)].

(٢) ئۆمەرگونبەت: دێیەکە کەوتووەتە خوارووی ڕۆژاوای کۆیەوە.

(٣) دەربەندییان: تیرەیەکی کوردن لە کۆنەوە لە دەربەندی زەهاوەوە هاتوون و دێهاتی (سێ کانی، سێ گرتکان، کانی لەلە، ئۆمەرگونبەت)یان ئاوا کردووەتەوە. ئێستاش شێوەی قسەی دانیشتووانی ئەم دێهاتانە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر شێوەی زەهاو و لوڕ.

(٤) گۆڕقەرەج: دێیەکی وێرانەیە کەوتووەتە خوارووی ڕۆژاوای کۆیەوە.

خۆشناو و هەولێر و ناوچەی سلێمانی و بەشی ژووروی کوردستانی ئێران گەڕا. ماوەیەکی فەقێیەتیی لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی باوکی جەنابی مەلای کۆیەدا ڕابواردووە.

حاجی هەر لە سەردەمی فەقێیەتیدا پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتووی بەری ئاسۆی بیر فراوان بووە. هەستی وەکو هەستی مەلاکانی تری کوردستان نەبووە. لە یەکەم جارەوە چاوی لەسەر کردەوەی بەدی شێخەکان کردووەتەوە کە لەژێر پەردەی خواناسی و ئاین پەرستیدا پارە و پوولی ڕووتە و هەژار و کاسبکاران ئەڕووتێننەوە و سەریان لێ ئەشێوێنن و فێری تەمەڵی و گوێ بە کاروباری خۆیان نەدانیان ئەکەن[٥]. ئەم هەستەی حاجی، پاڵی پێوە ئەنا کە ئالای تێکۆشانێکی

(٥) ئەی چۆن بوو وا حاجی قادر لە سەرەتاوە لەسەر کردەوەی بەدی شێخەکان چاوی کرایەوە و ئەوە بوو بەسەرەتای ئەو بیرە بەرزەی کە کەس لە کوردستانا پێش ئەو هەڵینەگرتبوو؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە ئەبێ ئەوە بێنینەوە یاد کە حاجی لە حوجرە خوێندوویەتی، واتە لە بەرەی مەلایان بووە، وە مەلا و شێخیش ناکۆکییەکانی قووڵیان لە بەینا بووە (و هەیە)، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم – هەردوو لا لەسەر حیسابی خەڵک ژیاون، وە بەربەرەکانێی یەکترییان کردووە بۆ سەرکردەیی کردنی کۆمەڵانی خەڵک و کەڵک وەرگرتن لێیان.

دووهەم – مەلاکان هەڵگری ئالای شەریعەت بوون، وە شەریعەت قایل نییە بەگەلێک لە کردەوەی شێخەکان کە سوودی لێ وەرئەگرن بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵک وەک ئیددیعای کەشف و چەقۆ لەخۆدان و ئاگر خواردن و... تاد.

سێهەم – کاربەدەستانی عوسمانی لایەنی شێخەکانیان ئەگرت بەرامبەر بەمەلاکان چونکە مەلاکانیان بەئاسانی بۆ نەئەهێنرایە ژێر بار، لە کاتێکا کە کەڵکێکی زۆریان وەرئەگرت لە شێخەکان بۆ سەرشێواندن لە میللەتی ڕەنجکێش. ئەمەش دڵی مەلاکانی پڕ ئەکرد لە کینە بەرامبەر شێخەکان، وە وای لێ ئەکردن باشتر دەربارەی لە شەریعەت لادانی شێخەکان بدوون. =

گـەرم هەڵکا لە ڕووی ئەو شـێـخـە ئاین فـرۆشـانەدا، وە بەقـسـە و بەهەڵبەست لەگەڵیان تێـهەڵچێ، بەڵام چونکە پایەی بیری خەڵکی لەو حـەلەدا زۆر نـزم بوو حـاجی لایەنگرییـەکی وا نەکـرا، هەرچەند کـە هەندێ لە ئاغەکانی کۆیە تا ماوەیەک پشتیوانییان ئەکرد، بەڵام لە ئەنجـامـا نـاچار بوو سـاڵی ١٢٧٠ (١٨٣٩ی. ف) هەڵێت و بچـێـتـە کـەرکـووک و لەوێوە لـەگـەڵ (کـەیفی)ی برادەریا بەڕێگەی هەولێـر و ڕەواندزا بکەوێتە ڕێ بۆ ئەستەمووڵ.

حاجی لە ئەستەمووڵ لە پەنای بنەماڵەی بەدرخانییەکانا حەسایەوە، وە بوو بەمـامـۆسـتـای کـوڕەکانی (بـەدرخـان پاشـا)، وە تا مـرد لەوێ مایەوە. ساڵی ١٣٢٣ (١٨٩٢ی. ف) لە تەمەنی ٧٧ ساڵانا گیانی پاکی لە غـەریبییا سپارد، وە لە پاڵ نـالیی بوێژی تری دەربەدەری کوردا لە گۆڕستانی (ابو ایوب الانصاری)دا خرایە ژێر خاک.

حـاجی وەنـەبێ چووبێتـە حـەج. لەقـەبـی (حـاجی)ی تەنـهـا لەبەرئەوە وەرگرتووە کە لـە مانگی قوربانا هاتووەتە دنیاوە. حـاجی پیاوێکی چاو گەورە، بەژن و باڵا ڕێکوپێک، دەم پاراو و هێمن و لەسـەرخـۆ بووە. تا مرد ژنـی نەهێنا، وەک خۆی ئەڵێ:

**هەر منم ئێستە واریسی عیسا**

**بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا**(٦)

---

= ئەم هـۆیانە ڕاسـتـەوخـۆ حـاجی قـادریان هێنایە سـەر ئەوە کـە لە یەکـەم هەنگاوی چاوکردنەوەیا ئاڵای خەبات لە ڕووی شێخەکانا هەڵکا، وە ئەوەش بووە سـەرەتای فـراوانتـر بوونـی بیـری حـاجی، وەک لەمـەوپاش بۆمـان دەرئەکەوێ.

(٦) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢١٠ (پەراوێزێکی نوێ).

(٦- دووبارە) لەم بارەوە سـەیری پەراوێزی ژمـارە (١)ی بابەتی (حـاجی و شێخیەتی و شێخەکان) بکە. (پەراوێزێکی نوێ).

## ئەو کارەی کە کات و شوێنی ژیانی حاجی کردیانە سەر بیری

وەک وتمان، حاجی هەر لە کوردستانا نیشانەی بلیمەتیی پێوە دیار بووە، وە هەستی زۆر جیاواز بووە لە هەستی مەلاکانی تری کوردەواری، بەڵام بە چوونی بۆ ئەستەموول بەتەواوی گۆڕا و حاجییەکی تری لێ خوڵقا.

ئەستەمووڵی ئەو ڕۆژە کە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو، نوختەی لەیەکدان و بەیەکگەیشتنی ڕۆژاوای پێشکەوتووی سەرمایەدار و ڕۆژهەڵاتی دواکەوتووی دیلی کۆت و زنجیری دەرەبەگی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و فڕوفێڵی ئاین فرۆشان بوو، ئەو ئاین فرۆشانەی کە ئاینیان کردبوە دەسمایەی دەسیان و بۆ ئامانجی ستەمکارانەی خۆیان ئاڵوێڵیان پێ ئەکرد.

ئەستەمووڵی ئەو ڕۆژە جێگای کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخواکانی وڵاتانی عوسمانی بوو، لە کورد و عەرەب و ئەرمەنی و نەتەوەکانی ئەوروپای خوارووی ڕۆژهەڵات کە لەو سەردەمەدا لە تێکۆشانا بوون بۆ ئازادیی خۆیان یا تازە خۆیان لە دەسی عوسمانییەکان ڕزگار کردبوو. ئەستەمووڵی ئەو ڕۆژە دەیان کۆمەڵ و پارتیی نهێنیی لە هەموو نەتەوەکان تیا بوو کە ئیشیان بۆ ڕزگارکردنی وڵاتانی خۆیان ئەکرد. هەزاران کتێبی نوێ و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەوروپای تیا بوو کە

بیرێکی تازەیان ئەدا بە خوێندەوار و مێشکیان ئەکردەوە و شارەزای وەزعی گێتییان ئەکرد. لە ئەستەمووڵی ئەو ڕۆژەدا پیاو ئاگاداری ئەو ژێر بەژێرە و پیلانانە ئەبوو کە بۆ هێشتنەوەی ژێردەستیی گەلان و بۆ سەر پانکردنەوەی هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ئەنرایەوە.

لەو سەردەمەدا کە حاجی لە ئەستەمووڵ بوو، تازە حوکوومەتی میرەکانی (سۆران) و (بابان) و (بادینان) و ئەمارەتەکانی کوردستانی سەروو لەناوچووبوون، وە بەتەواوی ناوچەکانیان خرابووە سەر دەوڵەتی عوسمانی. بنەماڵەی بەدرخانییەکانیش تێکۆشانێکی گەرمیان ئەکرد بۆ دەسخستنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

حاجی کە گەیشتە ئەستەمووڵ و ئەو وەزعە تازەیەی دی و بیری لە کوردستان و حاڵی میللەتی کورد کردەوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی تازەی خوێندەوە و لە ڕێگای بەدرخانییەکانەوە گیانی نەتەوایەتیی تیا بزوایەوە و ڕێگای ڕاستی خۆی دۆزییەوە، وەزعی کوردستانی پچڕ پچڕ و ژێردەست و گەلی کوردی لە هەموو سەرێکی ژیانەوە دواکەوتوو کارێکی تەواوی کردە سەری. خۆیشی چەکەرەی بلیمەتیی تیا بوو، گیانێکی تازەی کرا بەبەرا. ئەو حاجییەی لێ هاتە بەرهەم کە هەتا هەتایە مایەی شانازی پێوەکردنی کورد و کوردستانە. ئەگەر تا ئەمڕۆ نەتەوەی کورد نەیتوانیبێ حەقی حاجی بداتە دەس، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو دەورەی لە بەرچاو نییە کە حاجی یاریی کردووە لە وریاکردنەوەی گەلی کوردا، بەڵکو هیی بەشخوراوی و گیرۆدەییەتی کە ماوەی نەدراوە سەری خۆی بخورێنێ. بێگومان ڕۆژێک دێ کە پەیکەرەکانی حاجی قادر بەسەر شەقامەکانی شارانی کوردستانەوە قنج ڕاوەستێ و دەیان زانستگا و کتێبخانە و قوتابخانەی بەناوەوە

ناو بنرێ و چەند کتێب و نامیلکە و وتاری لەسەر بنووسرێ و ببێ بە ماددەیەکی باشی باسکردن و لێکۆڵینەوە و، ئاوێنەیەکی بالآجامی ژیانی نەتەوەی کورد لە یەکێ لە قۆناغەکانی ژیانیا.

# شیعری حاجی

بەر لە حاجی شیعری کوردی لە چوارچێوەی قۆناغی دەرەبەگیدا ئەسووڕایەوە: هەموو ئامانجێکی مەدحی خوا و پێغەمبەر و باسی دڵداری و سوارچاکی و شەڕ و بە شان و باڵا هەڵدانی گەورە گەوران بوو. بەڵام حاجی بۆ یەکەم جار توانیی جڵەوی شیعری کوردی وەرچەرخێنێ و بەکاری بێنێ بۆ بزواندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و گرتنی ڕێگایەکی تازە لە ژیانا، وە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆنی زەمانە بەسەرچوو، وە توانیی پێی بچێ بەگژی کۆت و زنجیری کۆنەپەرستی و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانا.

من وا لەم نامیلکەدا یەکە یەکە ئەو باسانە دێنمە کایەوە کە حاجی لێیان دواوە و، بەپێی جێگا و توانا لەسەریان ئەنووسم.

# حاجی و خوێندەواری

حـاجی خـوێندنی بە پێـویسـتی هەمـوو ئادەمـیـزادێک ئەزانی وەک خـواردن و خواردنەوە. ئەگەر بیـر لەوە بکەینەوە کە ئێـسـتاش کە پلەی بیرکردنەوەی خەڵک گەلێک بەرز بـووەتەوە و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە دامودەزگای لەق بووە، کەچی هێشتا زۆر لە خەڵکی قایل نین بەوە کە ئافـرەت حـەقی خـوێندەواریی هـەیە، وە ئەڵێن ئەبێ تـەنـها وەختـی تەرخـان بێ بۆ کـاروباری ناو مـاڵ، بەڵێ ئەگـەر بیـر لەمـە بکـەینەوە، بۆمـان دەرئەکـەوێ کـە حـاجی چەند بیـری ڕووناک و چەند مێـشکی ئازاد بووە کە بەئاشکرا داوای فێرە خوێندن کردنی ئافرەتی کردووە و بەوەشـەوە نەوەسـتاوە، مۆری لە ئاین دەرچوونـی ناوە بەناوچاوانی ئەو کـۆلکە مـەلایانەوە کـە خـوێندەواریی ئافـرەتیـان بەحـەرام دائەنا و نەیانئەهێشت ئافرەت ڕێگای چوونە قوتابخانەیان بدرێ:

**بۆچی فـەرمـوویەتی نەبیـیی ئەمین**

**«اطلبـــوا علمكم ولو بالصين»**

**نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە**

**گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە**(١)

جـەنابی مـەلای کۆیەش هەر لە گـیـانی بەرزی حـاجـییەوە ئیلـهامی وەرگـرتووە کـە پاش چەند سـاڵ، وە لە سـەرەتای دانانـی مـەکـتـەبی

---

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ١٨٦ – ١٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).

کوڕانا لە کۆیە، ئازایانە و بێ پەروا، کچی خۆی خستە ناو مەکتەبی کوڕانەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە تیر و توانجی کۆنەپەرستان و مێشک پووچان.

حاجی، بەپێچەوانەی مامۆستا وشکەکانی ئەو سەردەمە – بەڵکو ئێستاشەوە – کە ڕێیان نەئەدا ئادەمیزاد لەسەر دەستی غەیری مەلادا بخوێنێ و چوونە قوتابخانەی ڕەسمییان بەگوناح ئەزانی، چ جایە چوونە قوتابخانەی بێگانان و چوونە ئەوروپا بۆ خوێندن، وە لەسەر ڕووناکیی ئایەتی قورئان کە ئەفەرموێت: «فبشر عبادي الذين يستمعون القول فيتبعون احسنه» واتە مژدە بدە بەو بەندانەم کە گوێ لە هەموو جۆرە قسەیەک ئەگرن و شوێنی باشترینی ئەکەون، وە لەسەر ڕووناکیی قسەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کە ئەفەرموێت: «خذ الحكمة لاتضرك من اي وعاء خرجت» واتە: فێری ڕاستی ببە و گوێت لەوە نەبێ کە لە چ کیسەیەکەوە دەرچووە، وە کە ئەفەرموێت: «الحكمة ضالة المؤمن، اينما وجدها التقطها» واتە: ڕاستی ماڵی گوم بووی موسوڵمانە لە هەر کوێ بیدۆزێتەوە هەڵیئەگرێ، بەڵێ بەپێچەوانەی ئەو مامۆستایانەوە، وە لەسەر ڕووناکیی ئەم ئایەت و حەدیسانە بانگی نەتەوەی کوردی ئەکرد بۆ ڕووکردنە خوێندەواری لە هەر کوێوە بێ، وە لەسەر دەسی هەر کەسێکا بێ، بێ ئەوەی هەندێ ئیعتیباراتی هیچوپووچ ببێ بەکۆسپ لە ڕێیانا:

**تۆ وەرە فەننی فێر بە، چیتە لەوە**
**گاورە، هیندووە، وە یاخۆ جووە**[٢]

حاجی باوەڕی وا بووە کە ترازووی دیاریکردنی پایەی ئادەمیزاد، ئەندازەی سوود گەیاندنیەتی بە کۆمەڵ و تێگەیشتن و زانیارییەتی کە

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).

بەکاری دێنێ بۆ ئاسانکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی ئادەمیزاد، وە ئەیوت خوایش بەم چاوە سەیری خەڵکی ئەکا. گوێ ڕاگرە بۆی کە ئەڵێ:

**ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە**
**ساحێبی فەنن و عیلم و عیرفانە**(٣)

حاجی بەو جۆرە قسانە ئەیویست، هەروەک بزووتنەوەکەی (لۆسەر) و (کاڵفن)، بیرێکی وا لە کوردستانا بڵاو بکاتەوە، وە سوود لە هەستی ئاینیی خەڵک وەرگرێ بۆ هاندانیان لەسەر خوێندن و فێربوون و گرتنی پەیڕەوێکی تازە بۆ ژیانیان. بەڵام ڕاستەکەی نە ئاینی ئیسلام، وە نە ئاینەکانی تر هیچیان بەم چاوە سەیری ئەم مەسەلەیە ناکەن. ئاینەکان هەریەکەیان بەهەشتیان بۆ ئەو کەسانە داناوە کە لەسەر پەیڕەوی ئەوان ئەڕۆن ئیتر خوا سوودیان بۆ ئادەمیزاد هەبێ یا نە، وە هیچ کامیان دان نانێن بەوەدا کە کەسێکی غەیرە دین بەدۆزینەوەی میقرۆب یا هێزی کارەبا یا ئەتۆم یا بەدروستکردنی مانگی دەسکرد ئەچێتە بەهەشت، لە کاتێکا کە نەک هەر شوانێکی بەسەزمان، بەڵکو گوناهباری خراپەکەریش، هەر ئەوەندە باوەڕی بەئاینێک هەبێ، بەپێی ئەو ئاینە دەرگای بەهەشتی بۆ خراوەتە سەر پشت. بەڵێ ئەوەندە هەیە لای ئاینی ئیسلام وایە کە لە چوارچێوەی ئیسلامەتییا پیاوی بەخزمەت لە پێشترە لای خوا تا پیاوی بێکارە و هیچ لێ نەهاتوو. پێغەمبەریش کە ئەفەرمووێ: «خیر الناس انفعهم للناس» واتە: چاترینی ئادەمیزاد ئەو کەسەیە کە سوودی زۆرتر بێ بۆ ئادەمیزاد، بەم چەشنە مەعنای لێ ئەدرێتەوە.

---

(٣) سەرچاوەی پێشوو (پەراوێزێکی نوێ).

حاجی هەرچەند بیری لە نەخوێندەواریی نەتەوەی کورد ئەکردەوە و بەراوردی لە بەینی نەتەوەی کورد و نەتەوە پێشکەوتووەکانا ئەکرد، کوورەی دەروونی ئەهاتە جۆش و دڵی پڕ ئەبوو لە ئێش و ئازار و زامی بەناسۆر ئەکەوتەوە. ناهەقی نەبوو. ئەیبینی خەڵکی پەی بەنهێنیی ئاسمان و زەوی ئەبەن، کەچی کوردی هەژار نازانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە. سەیری ئەکرد مامۆستاکانی کوردستان لە زوبانی عەرەبی و فارسیدا لە عەرەب و فارسەکان خۆیان لە پێشتر نەبن، لێیان دواکەوتووتر نین، کەچی هیچ لە زوبانەکەی خۆیان نازانن. ورد ئەبووەوە خەڵکی چیی بەکەڵک لە زوبانەکانی کەدا ببینن وەریئەگێڕنە سەر زوبانی خۆیان تا باشتر شارەزا و ئاگادار بن، کەچی کورد وەک لەسەر ئەم دنیایە نەژی وابوو. گوێ گرە بۆ حاجی سکاڵای دڵی خۆیت بۆ بکا لەم بابەتەوە:

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**
**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**
**بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی**
**ئەسراری کتێبی خەڵقی زانیی**
**یەکسەر عولەما درشت و وردی**
**ناخوێننەوە دو حەرفی کوردی**
**ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە**
**وەک دی لە زوبانی خۆی نەزانە**
**مومکین نییە دەربچێ لە چەنگی**
**حەتتا ڕەقەم و خەتی فەرەنگی**(٤)

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣ (پەراوێزێکی نوێ).

ئەوەی لە حاجی بگیرێ لەم پارچە شیعرەیا ئەوەیە کە نەتەوە دواکەوتووە دیلکراوەکانی تر لە یاد ئەکا، کە ئەوانیش وەک کورد و خراپتر لە کورد بێ بەش بوون لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، وەک لە دنیادا لە کورد بەولاوە نەتەوەیەکی نەخوێندەواری دواکەوتووی تر نەبووبێ.

# حاجی و زوبانی کوردی

لە سەردەمی ژیانی حاجیدا نووسینی کوردی نەبوو. بەشی کوردەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق بەفارسی ئەیاننووسی. ئەوانی تریشیان بەعەرەبی. کتێب دانانیش زۆرتری بەعەرەبی و کەمێکیشی بەفارسی بوو. خۆ بەکوردی ئەوە هەر نەبوو. بەڵێ جاروبار هەڵبەست بەکوردی – زۆرتر شێوەی هەورامی – دائەنرا، بەلام ئەمە شتێکی زۆر دیار نەبوو، وە لە گێژەڵووکی بەعەرەبی و فارسی نووسینا ون ئەبوو(١).

حاجی وەک ئەم وەزعەی ئەبینی بێ ئاگاش نەبوو لەوە کە زوبان چ

---

(١) ئەمەی لەم بڕگەدا وتراوە ورد نییە. بەر لە هەرچی باسی کوردستانی باکوور (تورکیا)ی تێدا نەکراوە کە لەوێ نووسین (کە مەبەست لێی تێکڕا نامە نووسینە) بەتورکییش و بەفارسییش و لە هەندێ بابەتی تایبەتیدا بەعەرەبییش باو بووە. لە کوردستانی ناوەڕاست یا باشووریشدا بەڵگە و بابەتی ڕەسمی، بەتایبەتی پاش ڕووخاندنی میرنشینییە کوردەکان، بەتورکی بووە. توێژاڵی سەرەوەی خوێندەوارانیش زۆر جار نامەیان بەتورکی نووسیوە. جاروبارێکیش کتێب بەکوردی دانان بووە، بەلام زۆرتر بەشیعر. دەمێکیش بوو شیعر وتن بەکوردی، دیالێکتی گۆرانی یا هەورامی لە کوردستانی ڕۆژهەلات و، بەکرمانجیی خواروو یا گۆرانی لە کوردستانی ناوەڕاست و، بەکرمانجیی سەروو لە کوردستانی ڕۆژاوا و باکوور، باو بوو و کەمیش نەبوو. بەلام نامە نووسین لە هەموو لایەک تێکڕا هەر بەفارسی بووە (پەراوێزێکی نوێ).

دەورێ یاری ئەکا لە پێکهاتنی نەتەوەدا. لەبەرئەوە مەردانە چاکی لێ هەڵکرد و خەڵکی بانگ کرد بۆ بەکوردی نووسین و کتێب دانان و هەڵبەست وتن. وە چونکە لەو ڕۆژەدا زۆر کەسی دووڕوو لەبەر مامەحەمەیی کردن بۆ کاربەدەستان وە بۆ دەسکەوتنی شتێک لێیانەوە زوبانەکەی خۆیانیان ئەخستە لاوە و بەزوبانێکی تر ئەدوان و ئەو زوبانە بێگانەشیان ئەکرد بەزوبانی ڕەسمیی خێزانیان، وە منداڵیان لەسەر فێربوونی ئەو پەروەردە ئەکرد، تا زوبانی هەزاران ساڵەی باوک و باپیریان لە بیر ئەچووەوە، حاجی هیچ سڵی نەئەکردەوە لەوە کە تانووتی سەخت بدا لەو جۆرە کەسانە وە بەهەموو توانایەکی بەسەریانا بخوێنێ. گوێت لێ بێ کە ئەڵێ:

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**
**موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی**[٢]

یان کە سەبارەت بەو کوردانەی کە حەز لە زوبان و نووسینی کوردی و خوێندنەوەی ناکەن، ئەڵێ:

**لە کوردی حەز نەکا کوردێ، مەڵێن بۆچی وەیا چۆنە**
**لە دایکی پرسیارێ کەن: کە ئەو بێچوەی لە کوێ هێنا؟**[٣]

لەم باسەی خوارەوەدا کە حاجی بۆمانی ئەگێڕێتەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە لە مەسەلەی زوبانی کوردیدا وەکو بۆ هیچ شتێکی تر نەبووە، وە لە ڕەزیل کردنی ئەو کەسانە کۆی نەکردووە کە بەچاوی

(٢) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ١٤٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(٣) کاتی خۆی ئەم بەیتەم لە چاپی یەکەمی گیو موکریانی وەرگرتووە. نە لە هیچ دەسنووسێکی بەردەستم و نە لە چاپەکەی عەبدوڕڕەحمان سەعید یا میران و شارەزادا نییە. لام دوور نییە دەستهەڵبەست بێ و هی حاجی نەبێ. (پەراوێزێکی نوێ)

سووک سەیری زوبانی کوردی ئەکەن، بەڵکو لەوانەش بووە دەسیان لێ بداتە دار و بەربێتە گیانیان بەلێدان. باسەکە ئەوەیە جارێکیان کابرایێکی کۆیی ئەکەوێتە بەرچاو لە ئەستەموول، دەنگوباسی کوردستانی لێ ئەپرسێ، ئەویش پێی ئەڵێ: مەلا گەورەکان هیچیان نەماون کاک ئەحمەدی شێخ نەبێ کە تەرجەمەی شەرع و حەدیس ئەکا بۆ خەڵک، وە ڕەخنەیەک لە کاک ئەحمەد ئەگرێ کەوا نووسینی بەکوردییە و، ئەڵێ:

**واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە**
**چ دەبوو گەر بەکوردی نەبوایە(٤)**

لێرەدا حاجی ئیمانی لە کەللەدا نامێنێ. گوێ گرە خۆی بۆت بگێڕێتەوە کە چیی بەسەر هات و چۆنی وەرام دایەوە:

**هەرکە وای گۆت وەها موکەددەر بووم**
**وام دەزانی کەوا لە دین دەرچووم**

---

(٤) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٤٠ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤ – دووبارە) نازانم ئەبێ مەبەسی ئەو کابرا چی بووبێ کە حاجی بەدەمیەوە ئەگێڕێتەوە گوایە وتوویەتی جەنابی کاک ئەحمەدی شێخ بەکوردی باسی شەرع و حەدیس بۆ کوردان ئەکا؟ چونکە ئەگەر ویستبێتی بڵێ بەکوردی کاروباری ئاین لە خەڵک ئەگەیەنێ و ئەمەی کردبێ بەڕەخنە لێی، خۆ تەنها ئەو وا نەبووە، هەموو مەلاکانی کوردستان وا بوون و ئێستاش وان [و دیارە ئەبێ هەر واش بن]. ئەگەر مەبەستیشی ئەوە بووبێ کە بەکوردی کتێبی ئاینی بۆ خەڵک ئەنووسێ، خۆ ئێمە ئێستا هیچ نووسراوێکی ئەومان لە دەستا نییە جگە لە (مەکتووبات)ەکەی کە بەفارسی نووسیویە. جەنابی شێخ مەعرووفی باوکیشی هەموو دانراوەکانی بەعەرەبی و فارسین (ئەحمەدی)یەکەی نەبێ کە فەرهەنگێکە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی [بە شیعر].

**گـۆتم: ئێـسـتـاش لەسـەر کـەری مـاوی**
**چا بو مـــســـتم نەدا لە نێــو چاوی**(٥)

ئەنجا دێ لەگەڵ خۆیا ئەکەوێتە گفتوگۆ و ئەڵێ:

**کـوردی ئاخـر بڵـێ چییـە عـەیبی**
**هەر کـەلامی حـەقـە نیـیـە عـەیبی**(٦)

وە تاوانی بێکەس کەوتنی زوبانی کوردی ئەخاتە ئەستۆی خۆمان:

**لەفزی کوردی بڵاو نەبوو، گرد بوو**
**وا لە مـابەینی ئـێـمـەدا تێ چوو**(٧)

ئەنجا دێ بەراوردێکی زوبانی کوردی ئەکا لەگەڵ فارسی و پرسیار ئەکا: ئەبێ بۆچی بە زوبانی ئەوان بنووسین و نووسینی خۆمان بخەینە لاوە؟

**یا لەگـەڵ فـارسی چ فـەرقی هەیە**
**بۆچی ئەو ڕاستە، بۆچی ئەم کەچەیە؟**(٨)

بەڵام لێرەدا قسەیەکی وا ئەکا کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر نییە، گوایە زوبانی فارسی لە زوبانی کوردی دزراوە، وە بەپێی گەواهیی کتێبە ئاینییەکانی کۆن کورد لە پێش فارسا پەیدا بووە:

**با وجـوودی ئەگـەر بکەی دیقـقـەت**
**تێدەگەی کام لە کـامیـە سیـرقـەت**

---

(٥) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).
(٦) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).
(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١ (پەراوێزێکی نوێ).

## چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان
## بە تەواریخی جوملەیی ئەدیان[٩]

چونکە ئەوەی تا ئێستا مێژوو ئیسپاتی کردبێ ئەوەتە چ زوبانی کوردی و چ زوبانی فارسیی ئێستا هەردووکیان لقی زوبانێکی کۆنن کە زوبانی پەهلەویی زووە، وە لەو پەیدا بوون.

ئێمە کە داوای نووسین بەزوبانی خۆمان ئەکەین، لەبەرئەوە نییە کە زوبانێکی کۆنە، بەڵکو بەڵگەمان ئەوەتە کە کورد نەتەوەیەکە زوبانێکی تایبەتیی هەیە، وە زوبانی هەر نەتەوەیەکیش بۆ ئەوەتە ئەو نەتەوە کاروباری خۆی پێ هەڵسوورێنێ، ئەمەش بە پێ دوین و پێ نووسینی، وە هیچ ڕەوا نییە تەنها بە لقی یەکەمی سوودی لێ وەرگرین. ئێمە هەرچەند لەبەر هەندێ زرووفی مێژوویی (ابجدیە)یەکی تایبەتیمان نییە[١٠]. بەڵام ئەبجەدییەی عەرەبی بووە بە موڵکی هەموو نەتەوە موسوڵمانەکان. ئێمەش ئەتوانین سوودی لێ وەرگرین و بەپێی

(٩) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).

(١٠) هەرچەند کاتی نووسین و تەنانەت لەچاپدانی ئەم کتێبەیش من ئاگادار نەبووم، بەڵام لەمێژە هەندێ کەسانی پسپۆڕ ئاگایان لەوە بووە کە (ابن وحشیة النبطي الکلداني) لە کتێبی (شوق المستهام، في معرفة رموز الاقلام)یدا ئەلفوبێیەکی کوردییشی، وەک گەلێ ئەلفوبێی تر، بڵاوکردووەتەوە. خوالێخۆشبووان حسێن حوزنی موکریانی و گیو موکریانیی برای دووان لەو پسپۆڕانەن. یەکەم لە ژمارە (١٨)ی ساڵی (٣)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی) و دووهەم لە کتێبی (گیونامە)دا باسیان لەم ئەلفوبێیە کردووە و وێنەیەکییان بڵاوکردووەتەوە. من خۆیشم لەم ساڵانەی دواییدا و پاش دەستکەوتنی فۆتۆیەکی کتێبی ناوبراو کە لەگەڵ وەرگێڕانیدا بۆ ئینگلیزی لە ١٨٠٦دا لە لەندەن لە چاپ دراوە، وتارێکی درێژم لە ژمارە(٤١)ی گۆڤاری(کاروان العربی)دا لەبارەی ئەم ئەلفوبێ کوردییەوە بڵاوکردەوە(پەراوێزێکی نوێ).

محەمەدی مەلاکەریم (٣)

پێویستی دەسی پیا بێنین و کارێکی وای لێ بکەین بتوانین زوبانەکەی خۆمانی پێ بنووسین.

حاجی پاش ئەم قسانەی دێ بەسەر و گوێلاکی مامۆستاکانی کوردستانا کە کتێبیان هەر بەفارسی و عەرەبی دائەنا و لایەکیان نەئەکردەوە بەلای زوبانی کوردیدا، وە ئەڵێ لەبەرئەوەی کە سەرمایەکەی دەسیان هیی خۆیان نەبوو هەرچییان نووسی هەمووی بەهیچ دەرچوو، وە ناویان کوێر بووەوە:

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو بۆیێ**
**گەر سولەیمانییە وە یا کۆیێ**
**بوونە ئوستادی فارسی و تازی**
**تا گەیشتن بە(فەخرەکەی ڕازی)**
**چونکە سەرمایەماڵی خەڵقی بوو**
**وەقتێ مردن هەموو بەهیچ دەرچوو**(١١)

ئەنجا یەک دوو میسال دێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی دەس لە زوبانی خۆیان هەڵئەگرن و بەزوبانی خەڵکی ئەنووسن. داوای لێبووردنیشیان لێ ئەکا ئەگەر مەسەلەکانی کەمێک کەلەکەیان بگرێ:

**ئەمە مەعلوومی عاقڵە و منداڵ**
**نییە عەیبی موناقەشەی ئەمسال**
**وەک مریشکێ کە عەقڵی نەیهێنێ**
**بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ**
**وەک بگاتە کەناری جۆگەلەیەک**
**نایەتە شوێنی، بمرێ، جووجەڵەیەک**(١٢)

---

(١١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٤١ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٢) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).

واتە: چۆن ئەو جووجەڵەی مراوییە نابێ بەهیی مریشکەکەی دایکی و شوێنی ناکەوێ، ئەمانیش هەرچییان بەزوبانی بێگانە نووسیوە بەهیی نەتەوە خاوەن زوبانەکە دائەنرێ و بەناوی ئەوانەوە ئەنووسرێ.

ڕەنگ بێ حاجی لەم قسانەیدا تۆزێ پەڕی گرتبێ، بەڵام ناهەقیشی ناگرم... کێ دیویە نەتەوەیەک بەسەدەها زانای بەرزی بووبێ، کەچی کەسیان بەزوبانی باوک و باپیری خۆی دێڕێکی نەنووسیبێ، وە هەرچی بەرهەمێکیان هەبێ هەموو بە زوبانی نەتەوەکانی تر بێ!

حاجی هەمیشە سووچی ونبوونی مێژووی پڕ لە شانازیی نەتەوەی کوردی ئەگێڕایەوە بۆ سەر نەبوونی نووسراو و هەڵبەست بە کوردی، وە ئەیوت ئەگەر تا ئێستا بەزوبانی خۆمان شتمان بنووسییایە، ئێمەش وەکو نەتەوەکانی تر کەلەپوورێکی گەورەی دەوڵەمەندمان لە زانیاری و هەڵبەست و مێژوو ئەبوو. ئێمە بێ پیاو و بێ زانا و بێ هونەرمەند نەبووین، بەڵام بەبۆنەی بەکوردی نەنووسینەوە ناومان لە ناو ناوانا کوێربووەتەوە و کەسمان دیار نییە:

**وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی**

**تەفەنون خۆشە گەر چاکی بزانی**

**سەلاحەددین و نوورەددینی کوردی**

**عەزیزانی جزیر و مووش و وانی**

**موهەلهەل، ئەردەشێر و، دەیسەمی شێر**

**قوباد و، باز و میری ئەردەڵانی**

**ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت**

**لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی**

**کـتـێب و دەفـتـەر و تـەئریخ و کـاغـەز**
**بـەکـوردی گـەر بـنووسـرایە زوبانـی**
**مـەلاوو شـێخ و مـیـر و پادشـامـان**
**هەتا مـەحـشـەر دەمـا ناوونیـشـانی(١٣)**

حـاجی ئەهات بـەراوردی کوردی ئـەکرد لـەگـەڵ نەتەوەکـانی ترا کـە بەزوبانی خـۆیان ئەیانخـوێند و ئەیاننووسی، وە ئەیوت هـەر هـیچ نەبێ چاوێک لە ئەرمەنییەکان بکەن کە:

**بەزوبانی کـەچ و خـەتی خـواری**
**بەجـەریدە و کـتـێـبی خـەڵواری**
**چوونـە ڕیزی مـوعـەززەمـاتی مـیللەل**
**وەختە خۆیان حیسـاب بکەن بە دووەل(١٤)**

---

(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٤) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٤٠ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٤- دووبارە) لە پێش ئەم دوو بەیتەوە بەیتێکی تریش هەیە کە بەراورد لە نێوان دوو زمانی کوردی و ئەرمەنیدا ئەکا و ئەڵێ:

**لە فـەسـاحـەت بلا مـوعـەڕڕا بێ**
**چ قیامـەت! بەئەرمـەنییش نابێ»**

حاجی لێرەدا جێگای ڕەخنە لێ گرتنە کە بە شێوەیەکی وا باسی زوبان و خەتی ئەرمەنی ئەکا کە مانای بە سووکی سەیرکردنیان بگەیەنێ، لە کاتێکا کە پێویستە لەسەر هەموو ئادەمیزادێکی بەشەرەف، نەخوازەلا ڕۆشنبیران و تێکۆشەران، کە بەچاوی ڕێز لێ گرتنەوە سەیری هەموو نەتەوەیەک بکەن، وە قەدری خوو و ڕەوشت و زانست و مێژوویان بزانن، وە لە کاتێکا کە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن ساڵەهای ساڵ گیرۆدەی دەستی یەک داگیرکەر بوون، وە مێژوویەکی تێکەڵیان بووە کە تا ئێستاش هەر ماوە. ئەوەتا ئێستا=

ئەنجا ئەیپرسی بۆچی ئێمەش وەک ئەوان نەتەوەیەکی تایبەتی نین؟ بۆچی مافی خوێندن و نووسینمان بەزوبانی هەزار ساڵەی باوک و باپیرمان نییە؟ بۆچی زوبانەکەی ئێمە بۆ پێ خوێندن و نووسین ناشێ؟ بێ گومان ئەمانە هیچی نییە... ئەی کەواتە بۆچی ئەبێ نووسین و خوێندنمان بەعەرەبی و فارسی بێ و کوردییەکەی خۆمان بخەینە لاوە، لە کاتێکا هەرچی نەتەوەی تر هەیە خوێندن و نووسینی بە زوبانی خۆیەتی؟

---

= کەمایەتیی کورد باشترین و پێشکەوتووترین ژیان ئەژیی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا، وە ئەوەتە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن تاڵ و سەختترین ژیانیان هەیە لە ژێردەستی حوکمڕانە فاشستەکانی تورکیادا.
(دیارە ئەم پەراوێزە لە سەردەمی سیستەمی سۆڤیەتیدا نووسراوە کە لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکیشیدا لە مەیدانی دیموکراسی و جێبەجێ کردنی بەڕاستی ئەو قانوونە پێشکەوتووانەدا کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی سۆڤیەتەوە لە بارەی نەتەوە و میللەتەکانی وڵاتی سۆڤیەت و مافە سیاسی و بەڕێوەبەری و کولتوورییەکانیانەوە، لە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە بیگرە تا ئەگاتە مافی ئۆتۆنۆمی و مافەکانی ناوچە نەتەوەییەکان و هەر قانوونێکی تر کە بۆ سوودی کەمینەکان دانرابوو، لە زۆر ڕووی ژیانەوە لە بارودۆخێکی باشدا ئەژیان. بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی سۆڤیەتی و جوێبوونەوەی کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران و گەڕانەوەی سەرمایەداری، گەلێک لەو مافانەی کوردی ئەرمەنستان هەیانبوون پێشێل کران و ئەو مافە سیاسی و کولتووری و بەڕێوەبەرییانەی ددانیان پێدا نرابوو بۆیان و کەڵکیان لێ وەرئەگرتن، یا هەر هەڵوەشێنراونەتەوە یا تەنیا قەوارەیەکی بۆشیان لە شوێن بەجێماوە و، زۆر لە ڕۆشنبیرانی کوردی ئەرمەنستان و هەزاران کورد و ئەرمەنی بەهۆی ناخۆشیی ژیانەوە وڵاتیان بەجێهێشتووە و کۆچیان کردووە بۆ هەر لایەک لە کیشوەرەکانی جیهان کە بۆیان ڕەخسابێ (پەراوێزێکی نوێ).

**ساحێب کوتوب و پەیامە هەرکەس**

**ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس**

**کاکە! ئێمە موئمینین، نە ڕووسین**

**بۆچ کــــفـــرە زوبانمان بنووسین**

**مـیللەتی بێ کـتـێب و بێ نووسین**

**غەیری کوردان نییە لە ڕوویی زەمین**(١٥)

بە تێگەیشتنی من مەبەستی حاجی لێرەدا وەرامدانەوەی هەندێ لەو کۆلکە مەلایانەیە کە وشکایەتییان گەیاندبوونیە ڕادەیەک کە نووسین بەعەرەبی بەبەشێک لە ئاین دابنێن، وە نووسینی کوردییان لە لا لە ئاین دەرچوون بوو... بەڵام ئەوەشمان لە یاد بێ کە حاجی خۆیشی بێبەش نەبووە لە ئەندازەیەک لەو دەمارە وشکە وەک هەر لەو چەند شیعرەیدا دیاری ئەدا کە بەچاوی سووک سەیری نەتەوەی چەرکەس و ڕووس ئەکا...

وەک پێشانیش وتمان ئەم حوکمەی حاجی لەم هەڵبەستانەیدا ئەیدا، گوایە غەیری کورد نەتەوەیەکی تر نییە نووسینی بەزوبانی خۆی نەبێ، خاڵی نییە لە زیاد ڕۆیشتن، چونکە نەک ئەو کاتە کە حاجی ئەم هەڵبەستەی داناوە، بەڵکو ئێستاش دەها نەتەوەی تر وەکو نەتەوەی کورد گیرۆدەی نەبوونی ئەبجەدییەی تایبەتین، وە بەزوبانی بێگانە ئەنووسن، تەنانەت گەلی هیند کە حوکوومەتێکی گەورەی ئازادی هەیە و لە وڵاتە خاوەن ڕێ و شوێنەکانی گێتییە، هێشتا زوبانی ڕەسمیی خۆی و حوکوومەتەکەی هەر ئینگلیزییە.

---

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣ – ٢٦٤ (پەراوێزێکی نوێ).

بەڵام با حاجی گیانی پاکی شاد بێ، وا نەتەوەی کورد دەسی داوەتە نووسین و خوێندنەوە بە زوبانەکەی خۆی، وە زۆری پێ ناچێ کە نووسین و خوێندنی کوردی سەرانسەری کوردستان ئەگرێتەوە، وە زوبانی کوردییش ئەبێ بەیەکێ لەو زوبانانە کە ئێستا بەشداری ئەکەن لە بۆ پێشەوە بردنی کاروانی ئادەمیزادا بەرەو کامەرانی و بەختیاریی یەکجاری.

# شیعر لای حاجی

حـاجی له کـاروانی ئەو هـونەرمـەندانه بوو کـه باوەڕیان وایه هونەر ئەبێ بۆ گەل بێ، وه ئەو شـاعیرانەی کـه هـەمیشه باسـی زوڵفی درێژ و چاوی خەواڵوو ئەکەن، به قسـەی بـێهوودەکەری ناوئەبردن، وه له ڕیزی شێخه دەسبڕ و خواجه و سـەیاحه گەڕۆکه بێ ئامانجەکانا دایئەنان و هێرشـی ئەبردە سـەریان و پێی ئەوتن ئیتـر نەبڕایـەوە، تاکەی له وتنی ئەم چەشنه شیعره بێ کەڵکانه ناکەون؟

**شـاعیـر و شـێخ و خواجـه دەربەدەرن**
**له قـــسـەی بێ نەتیــجــەدا دەمــرن**
**باسـی زوڵفـی درێژ و چاوی بەخـــەو**
**نـەبڕاوە، بـووه تـڕی خـــوســـــرەو**[1]

حـاجی خـۆی له ناوەڕاسـتی قـەسیدەیەکیا کـه سـەرەتاکەی بەباسـی جوانچاکیی خەڵکی کۆیه دەس پێ ئـەکا، ئەکەوێته ڕەخنەگرتن له خۆی وا وەخـتی خـۆی بەو چەشـنـه شـیـعـره بێ کـەڵکانـەوە ئەباته سـەر، وه بەخـۆی ئەڵێ شـوورەیی نییـه، بەس نەبوو، قسـەیەک بکه سـوودێکی بۆ خەڵکی هەبێ و ئامۆژگارییەکی بۆ ژیانیان لێ وەرگرن:

**بەسه ئـەی خامه با ئەم باسـه پەی بێ**
**وەره سـەر باسـەکی وا فـائیـدەی بێ**

---

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٥ (پەراوێزێکی نوێ).

**ئەمــانە قـیـســـسـەیێکە زۆر کـراوە**
**وەکــوو ئاوی شـــەوێ تامـی نەمــاوە**[٢]

جـا هـەر لـەو پارچە شـیـعـرەدا جلـّـەوێ قـەسـیـدەکـەی وەرئەگـێـڕێ و دەست ئەکا بەباسـی بەرز و کۆمەڵایەتیی بەسـوود، وە بەڕەخنەگرتن لە شێخ پەرستیی خەڵکی کۆیە.

لەوەش بەولاوە حـاجی مـەبەسی لە شـیـعـر دیمەن و وێنەکەی نەبووە ئەوەندە کە مـەبەسی لە بەرزی و پێگەیشـتـوویی نـاوەرۆک و ئامـانجی بووە. بێ گـومان حاجـی زۆر باشـی بۆ چووبوو بەپێی وەزعی ئەو ڕۆژە. بەڵێ ڕاستە شـیعر نە تەنها بەبەرزیی ناوەڕۆک، وە نە بەتـەنها جوانیی دیمەن بەشـیـعری تەواو نادرێتـە قەڵـەم، وە شـیـعـر وەک گـیـانلەبەر وایە چۆن ئـەو نە بەتـەنـهـا لەشـــەکـەی کـار مـــەیســـەر ئـەبێ، وە نە تـەنـهـا بەگیانەکەی، بەڵکو بەهەردووکیان شتێکی تەواویان لێ پێکدێ، ئەمیش بەبەرزیی ناوەڕۆک و جـوانـیـی دیمەن ئەنجا شـیـعـری ڕاسـتـەقـینەی لێ پێکدێ، بەڵام چونکە ئەو ڕۆژە – بەڵکو ئێسـتـاش – هـەڵبەست دەورێکی گـەورەی هەبـوو لە تێگـەیاندنی خـەڵکا بە هـەر گـیـانێک کـە مـەبەست بووایە، وە زۆرتر ئەچووە دڵی خـەڵکەوە و باشـتـر گوێیان بـۆ شل ئەکرد لە هـەر هـۆیەکی تری فـێـرکـردن، وە چـونکە ئەو ناوەڕۆکـەی ئەو ڕۆژە ئەخـرایە قـاڵبی بەرزی هونـەرییـەوە و ئـەکرا بـەشـیـعـر کەڵکێکی وای نەبوو بۆ وریاکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ گرتنەبەری ڕێی ژیانێکی نوێ، حـاجی بەپێویسـتی زانی – لە ڕاسـتـیـیـشا وا بوو – کـە لە ڕێگای هەڵبـەسـتـەوە خـەڵک وریا کاتەوە و ئامـۆژگـارییـان بکا و ئەرکی ژیانی

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧ – ٢٥٨ (پەراوێزێکی نوێ).

نوێیـان بۆ ڕوون کـاتەوە، هەرچـەند دیمەنە شـیـعـرییـەکـەشـی تەواو نەبێ[٣]. حاجی ئەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن**
**مـەقـسـەدم لەم بەند و باوە دەربـچن**[٤]

حاجی هەمیشە شیعرەکانی بەوەجاخێکی ڕۆشن دائەنا بۆ خۆی کە لە پاشی بەجێ ئەمـێنـێ و ناوی بەزیندوویی ئەهـێـڵـێـتـەوە، چونکە شیعرەکانی بۆ ڕزگارکردنی کورد وتووە و فروستادەی بیری بەرز و مـێـشکی پێگەیشـتـووی بوون بۆ لای هـەمـوو کـوردێک لە هـەمـوو سووچێکی کوردستانا، وە چونکە ئەیزانی هەمیشە نەتەوەی کورد کە شیعرەکانی ئەخوێنێتەوە ئافەرینی ئەکا و دان بەحەقیا ئەنێ کە چ دەورێکی گـێـڕاوە بەهـۆی شـیـعـرەکـانـیـەوە لە شـەڕی وریاکـردنەوەی کوردا:

(٣) دارِشـتنی ئەم بەشـەی دوایی بەجـۆرێکی وا نـەهاتووە بـێ گـرێ و گـۆڵ واتا بەدەسـتـەوە بدا. بۆیە لێرەدا بەکـورتی واتاکەی لێ ئەدەمـەوە کـە ئەوەتە ئەو مەبەستەی جاران ئەخرایە قاڵبی شیعرەوە و شیعرێکی جوانی – بەشێوە – لێ دائەڕێژرا، لەو جـۆرە مـەبـەسـتـانـە نەبوو پێـوەندێکی ئەوتۆی بەژیـانی خـەڵکەوە ببێ. بۆیە هەرچەند شـیـعـرەکە بەدیمەن جوان و بەرز و باڵا بوایە ناوەڕۆکـەکـەی شـتـێکی ئەوتۆ نەبوو سـوودێکی وای لێ بووەشـێـتـەوە. بۆیە حـاجی دێ جـوانی و بەرز و باڵایی دارِشـتنی شـیـعـر ئەکـا بـەقـوربـانی سـوودمـەندیی واتـاکـەی و ئەوەی لە شـیـعـر ئەوێ. خـزمـەتی پێـویسـتـیـیـە ژیارییـەکـانی کـۆمـەڵانی خـەڵک بکا و سـوودێکی بۆ ڕاسـتکردنەوەی باری ژیانیـان هەبێ، هـەرچەند بـۆ خـۆیشی لار و لەوار و سـادە و ڕەمـەکی بێ (پەراوێزێکی نوێ).

(٤) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٠٥ (پەراوێزێکی نوێ).

**(حـاجـی)یە شـیـعـرەکـانـی وەک کـاوە**

**ڕۆژێ دەبـیــێـن درەفــشـی هەڵداوە[٥]**

یاخۆ کە ئەڵێ:

**لە سایەی شـیعرەکانی وەک فەرەیدوون**

**دەمێنێ (حـاجی) تا دەورانی گەردوون[٦]**

یاخۆ کە ئەڵێ:

**ئەوی شــاعــیــر نەبێ کــۆرە وجــاغی**

**لە ســایەی شـیـعـرەکـان بابی کـوڕانم[٧]**

حـاجی هەمـوو جـارێ داخی دڵی خـۆی هەڵئەڕێژا لەوە کـە خـەڵکی بەدەیان دیوانی شیعری دڵداری و تەعریف کردنی ئەم و ئەو و باسی شەڕ و سەرگوزەشتەی خۆشەویستییان ئەنووسییەوە و لەملا و لەولادا کۆڕیان ئەبەست و گوێیـان ڕائەگرت کە بۆیان بخوێنرێتـەوە، کەچی هیچ کـام لەو دیوانە شـیـعرانە بەئەندازەی پووشێ کـاریان نەئەکـردە سـەر گـۆڕان و باشـبـوونی باری ژیانیـان، وە لە هەمـان کـاتا شـیـعرە بەرزەکــانی حــاجـیــیــان ئەخــســتــە پشــتگوێ و لەبەر نەفــامی و دواکەوتوویی خۆیان نەیانئەکرد لەبەری بکەن و بۆ یەکتری بخوێننەوە و مـێـشکی ژەنگاویی خـۆیانی پێ زاخـاو بدەن، تا لـە داوی نەزانی و دواکەوتوویی ڕزگار ببن و بگەنە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکانی گێتی:

**ئـەو هـەمـــوو مـــەدحی بادەوو دولبـــەر**

**نـووســـراوە لە ســـەدهـەزار دەفـــتـــەر**

---

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤ (پەراوێزێکی نوێ).

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١ (پەراوێزێکی نوێ).

(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦ (پەراوێزێکی نوێ).

**وەکو (خـەمسە)ی (نیزامی)یی (گەنجە)**
**کـە لـە لای خـەڵقی کـیـمـیـا و گـەنجـە**
**یا وەکــوو بەیتـی (شــیـرن و فــەرهاد)**
**شـیـعـری حـاجی لەبـەر کـرایە بە یاد**
**ئێستـە میللەت دەبوونە ساحێبی جاە**
**یانـە هـەمــــتـــــایی (اولیــــاء اللە)**[٨]

بەڵام حاجی لەگەڵ ئەوەشا کە ڕەخنەی لە شاعیرەکانی کوردستان ئەگرت لەسەر بێهوودەییی ناوەڕۆکی شیعرەکانیان، لەسەرێکی تریشەوە بەڕێزەوە ناوی ئەبردن و شانازیی پێوە ئەکردن چونکە شیعرەکانیان کەلەپوورێکی هونەریی بەنرخە بۆ میللەتی کورد، وە دەورێکی ئێجگار باشی یاریی کردووە لە پاراستن و بۆ پێشەوە بردنی ئەدەبی کوردیدا، لەو دەمەدا کە لە شیعرەکانی ئەوان بەولاوە هیچ وتراوێکی تری کوردی نەئەخرایە سەر قاقەز. بێ گومان ئێمەش کە ڕەخنە لە شیعری کۆنمان ئەگرین، نابێ ئەم سەرەیمان لە بیر بچێ و ئەو ئەندازە قەدرگرتنەی کە شایانیەتی، بیخەینە ژێر پێوە.

لە باسی پاشەوەی ئەم بەشەدا نموونەیەکی ئاشکرای هەستی حاجیمان بەرامبەر بەشاعیرە کۆنەکانی کوردەواری بەرچاو ئەکەوێ و تێئەگەین کە تا چ ئەندازەیەک جێگرتوو بوون لە دڵی حاجیدا....

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩ (پەراوێزێکی نوێ).

## حاجی و کەلەپووری زانیاریی کوردی

حـاجـی ئاگـاداریـیـەکی باشی لە بوێژەکـانـی کـوردسـتـان بووە، وە شیعری زۆریانی خوێندووەتەوە و هەندێکیشیانی دیوە. کە باسیان ئەکا، زۆر بەشانازییەوە ناویان ئەبا و سەناخوانییەکی بەرزیان ئەکا. گوێت لەم هۆنراوەی خوارەوەی بێ کە باسی شاعیرەکانی کورد ئەکا تیایا:

**شەهسەواری بەلاغەتی کوردان**
**یەککەتازی فەساحەتی بابان**
**(مستەفا)یە تەخەللوسی (کوردی)**
**غەزەلی کردە بەربتی کوردی**
**ناوی (ساحیبقرانی) خاسی ئەوە**
**چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە**
**ئەو کە نۆشیی شەرابەکی تاڵی**
**(نالی) لەو عەرسەدا بووە تالی**
**نالی ئوستادەکی گەلێ چا بوو**
**(خضر)ی ئابی حەیاتی مەعنا بوو**
**یەکێ تر بوو (موحەممەدی فیکری)**
**مووی دەئەنگاوت بە تیرەکی فیکری**
**یەکێ (ڕەنجووری)ی ئەهلی کەرکووکە**
**فیکری بیکری هەموو وەکوو بووکە**

**یەکی تریان (ئەمین بەگی دزەیی)**
**دز نییە، شاعیرێکە جەربەزەیی**
**(کەیفی) حاجەت نییە بکەم باسی**
**ئەم کتێبەی بخوونی دەیناسی[(١)]**
**(سالم) و (مەشوی)، (شێخ ڕەزا) و (خەستە)**
**شاعیرن هەر چواری بەرجەستە**
**وەک (وەفایی) کەمە لە شوعرایی**
**خەتی، وەک بەیتی، چاک و ئەسپایی**
**لە کون و قوژبنی کەلاوەی دەهر**
**چەندی تر هەن میسالی گەنجی گوهەر**
**سەبکی (جامی)ن و غیرەتی (سەلمان)**
**بەیتیان ون بووە وەکو خۆیان[(٢)]**

جا ئەڵێ:

**چەند ئەوەندەی کە عەرزی ئێوەم کرد**
**شوعەرامان هەیە بەدەستوبرد**
**شاعیری کۆن و تازەیی کوردان**
**کە لە تەعدادی عاجیزە ئینسان**
**ئەوی خۆم دیومە یانەخۆ ئەسەری**
**ئەمەیە بۆت دەڵێم بەموختەسەری:**
**مەعدەنی عیلم و عالیمی عامیل**
**قوتبی دەوران و مورشیدی کامیل**

(١) لەوانەیە ئەم نیوە بەیتە بکرێ بەنیشانە بۆ ئەوە کە حاجی کتێبێکی بەشیعر داناوە و ئەم پارچە شیعرە بەشێک بووە لەو کتێبە (پەراوێزێکی نوێ).
(٢) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢١٩ – ٢٢٠ (پەراوێزێکی نوێ).

هەر لە ئەووەڵ جەنابی (مەولانا)
نەقشبەندی ڕەواقی ئیللەڵلا
غەوسی سانی ییو حاتەمی مەزهەب
(عەبدوڕەحمان)ی خالسی مەشرەب
وەکو بێتووشی شاعیری عەرەبی
تا قیامەت نە کەس بووە و نە دەبی
خۆ (مەلا مستەفایی بێساران)
بێ نەزیرە لە نەزمی کوردستان
(مەلکە)مان مەلکەمەوتی مەعنایە
یەعنی هەر چۆنێ حەز بکا وایە
وەک (مەلا خدری ڕوودباری) نییە
شیعری ئابی حەیاتە، تاریی نییە
حیکمەت و نەزمی (میرزا یەعقووب)
وەک فلاتوونە، لەفزەکان وەک کووب
یەعنی فیکری لە ئاسمان بەدەرە
باعیسی عەیشە، دافیعی کەدەرە
(حەسەن)ی باوکی (فەقێ ئۆمەر)
کوڕی (ئۆمەر) (موحەممەد)ی سەروەر
مەنجەڵی نەزمی گەورەوو گچکەن
بۆ خەیاڵاتی عەینی سێکوچکەن
شاعیری زەنگەنە نییە حەددی
وەکو شوجعانی ناکرێ عەددی

چونکە مەجمووعی تەبعی مەوزوونە
سینەیان میسلی ئاینە ڕوونە
ئینتیخاب ناکرێ لەبەر چاکی
وەک لە شەڕدا سوار و لاوچاکی
دوو وەحیدن (موحەممەد) و (ئەحمەد)
یەکی کۆماسییە، یەکی دەربەند
هەمەوەندیش کە خزمی خۆمانن
شاعیری زۆرە پاکی دەیزانن
چونکە تیژیی زوبانیان یەکسەر
کەوتە نووکی ڕم و دەمی خەنجەر
بێ کتێبن، ئەمە لەوان دوورە
مەردی ئازا لە ناقیسان دوورە
دەشتی کەرکووک و کێوی هەورامان
شاعیری زۆرە بێ حەد و پایان
سادە هەر ناویان بکەم ئیملا
ئەم کتێبە بچووکە بەش ناکا(٣)
هەر لە شیرازەوە هەتا بابان
پاکی یەک نەزمە پێی دەڵێن گۆران
هەر لە مووسڵ هەتا حەدی بابان
بەیتیان کردووە وەکوو جافان(٤)

---

(٣) ئەم نیوە بەیتەیش هەروەک نیوە بەیتەکەی پەراوێزی ژمارە (١) بۆ بەڵگە لەسەر هەمان بابەت دەست ئەدا (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٢١ – ٢٢٤ (پەراوێزێکی نوێ).

جا ئەڵێ:

**ئەم فەسیحانە پاکی بێ ناون**
**باعیسی پێت بڵێم: نەنووسراون**
**دوو (عەلی)ن شاعیرن وەکوو حەسسان**
**(بەردەشان) و (حەریر)ه مەسکەنیان**
**یەکێ هەمنامی خۆم بەخۆم دیبووم**
**شێخ وەسانی بوو مەردەکی مەعلووم**
**وەکو من بوو بە زاهیری جاهیل**
**باتینەن شاعیرێکی زۆر کامیل**
**(ئەحمەدی کۆر) لە شاری سابلاغە**
**بەیتەکی داغە، بەیتەکی باغە**
**ئەمە مەجمووعی شاعیری غەڕان**
**هەروەکوو مەسنەوین لە نێو کوردان**
**هەموویان بێ نەزیر و یەک وەزنن**
**قابیلی بەزم و لایقی ڕەزمن**(٥)

حاجی ئەڵێ لە شیعری کوردیدا شیعری باسی ئازایی و قارەمانی و سیلاحشۆڕی (مەلحەمە)ی وای کوردان هەیە کە ئەگەر گوێی بدرایەتێ و چاودێری بکرایە هیچی لە (شاهنامەی فیردەوسی) کەمتر نەئەبوو، کە نەتەوەی فارس ناوی لێ ناوە (قورئانی فارسی) وە لە ڕیزی نووسراوە بەرزەکانی گێتیدا دانراوە:

(٥) داخەکەم سەرچاوەی مێژووییم دەس نەکەوت تا بتوانم کورتە باسێکی ئەم شاعیرانە بنووسم.
(٥ – دووبارە) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٢٥ – ٢٢٦ (پەراوێزێکی نوێ).

**بەیتی (دمدم) کە قەدری نازانن**
**پاکی سیحری حەلاڵی کوردانن**
**وەکو (شانامە) گەر بنووسرایە**
**لێت موعەییەن دەبوو چ وەستایە**(٦)

یان ئەڵێ:

**وەکو بەیتی (حەتەم) لە دەعوادا**
**نییە فیردەوسی سەد کلک بادا**(٧)

حاجی ئەڵێ وردببنەوە ئەبینن گەلێ چیرۆکی وا لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە و ئەیخوێننەوە کە بەئاشکرا درۆ و دەسهەڵبەسە، بەڵام چونکە لەسەر قاقەز نووسراوەتەوە جێی خۆی گرتووە. کەچی بەیتەکانی کوردەواری چونکە نەنووسراونەتەوە و گوێیان نەدراوەتێ خەڵکی هیچی لێ نازانن و تیایا سەرکوێرن:

**ئەسپی شەش پێیی قەهرەمانی عەجەم**
**مەحزی کیزبە بەئیتتیفاقی ئومەم**
**چونکە نووسراوە خەڵکی دەیخوونن**
**لەم هەموو بەیتی ئێمەدا کوورن**
**وەرە ئەمجا لە حەسرەتان مەمرە**
**چوار پەلی ئەسپی سوننییان مەبرە**(٨)

بەڵام سەد مخابن کە کوردەکان ئەم یادگارە بەرزانەی خۆیانیان لێ ونە و هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لێ نییە، وە لەسەر ئەمە ئەیانداتە

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤ – ٢٢٥ (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥ (پەراوێزێکی نوێ).
(٨) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).

بەر تیر و توانج:

**بەسیە بێعاری ئەی گەلی خزمان**

**لەم هەموو بەیتی میللەتی خۆمان**

**ئەگەر ئێمە و سنە و سولەیمانیین**

**ناوی یەکیان بەچاکی نازانین**(٩)

ئێمەش لێرەدا بەپێویستی ئەزانین هاوارێک بکەینە نووسیار و رۆشنبیرەکانمان کە هەوڵێک بدەن بۆ کۆکردنەوە و لە چاپدانی ئەم بەیتانە، چونکە مانەوەیان لەسەر زوبانی لاوانی لادێ و نەنووسینەوەیان، بەدرێژاییی رۆژ ئەکێشێتەوە بۆ گۆڕان و لەناوچوونیان، وە لە سەرێکی تریشەوە ئەم جۆرە بەیتانە پایەیەکی بەرزیان هەیە لە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک و لە رۆشنکردنەوەی وەزعی کۆمەڵایەتی و بیریی ئەو سەردەمەی ئەو نەتەوەدا کە بوێژە نەناسراوەکانی ئەو بەیتانەیان وتووە(١٠).

لە ئاخری ئەم باسەوە ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە حاجی چەند شانازیی بە شوان و جووتیار و لادێییە کوردەکانەوە کردووە کە بۆیان رێ نەکەوتووە فێری خوێندن و نووسین بن، لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندە دڵیان چووبوو بەکەلەپووری شیعری کوردییا و ئەوەندە خۆشیان ئەهات لە چیرۆکە شیعرییەکان، لەبەریان ئەکردن و بەشەوی زستان لە گوێ ئاگردانەکانا کۆڕیان ئەبەست و بەدەم شەوچەرە خواردنەوە ئەیانخوێندنەوە:

---

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤ (پەراوێزێکی نوێ).

(١٠) شایانی سوپاسە مامۆستا موحەممەد تۆفیق وردی کە هەندێکی لەم بەیتانە کۆکردووەتەوە و لە چاپی داوە.

**ئەمـــە هـەر کـــوردە لایقـی تەحـــسـین**
**بێ کـتــێب و مــوعــەللیم و نـووسین**
**کـامـە – منداڵ و شـێـتی لێ بگری –**
**هەر کـە بیـسـتی بـەجـارێ دێتـەبەری**[١١]

(١١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٢٦ (پەراوێزێکی نوێ).

## حاجی و شێخیەتی و شێخەکان

کوردستانی ئێمە بەر لەوەی بکەوێتە ژێر چنگی عوسمانییەکانەوە بەهەزاران مەلای زانای بەناوبانگ و مەدرەسەی پڕ لە فەقێی تێدا بوو. زاناکانی کوردەواری دەورێکی گەلێ دەرکەوتوویان یاری ئەکرد لە پەرەپێدانی عیلمی ئیسلامیدا. گەورەکانی کوردستانیش درێغییان نەئەکرد لە باخت کردن بۆ مەلا و فەقێ و بۆ ئاوەدانکردنەوەی مەدرەسە و دامەزراندنی کتێبخانە. لاپەڕەکانی مێژوو شاهیدی ئەوەن کە ئەو حەلە کوردستان لە چ ڕادەیەکی پێشکەوتنا بوو بەپێی ئەو ڕۆژە. لەو سەردەمەدا ئەمارەتەکانی کوردستان هەرچەند یەک نەبوون وە هەمیشە لە ناو خۆیانا ناکۆکی و دووبەرەکییان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا سەربەستیی کوردستانیان پاراستبوو، وە بەناو نەبێ – ئەویش جاروبار – ئەگینا تابیعی هیچ کام لە دەوڵەتەکانی دراوسێیان نەئەبوون. نە خەلافەتی عەباسی و نە بەنی بووەیە و نە سەلجووقی و هەتاوەکو موغوول و تاتارەکانیش نەیانتوانی باڵی ڕەشی دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوی بەسەر کوردستانا بکێشن.

بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی هاتە ناو، وە ویستی دەس بکێشێ بەسەر کوردەواریدا و ئەویش قووت بدا، بۆی نەکرا بەئاسانی بەم مەرامەی بگات. بەهەڵخەڵەتاندنی هەندێ مەلا و بەئاشووب نانەوە لە بەینی گەورەکانی کوردا لە سەرێکەوە، وە بەهێزی سوپا لە سەرێکی ترەوە، کە ناوچەیەکی داگیر ئەکرد گورج سیاسەتی کەمکردنەوەی

خـوێندەواری و وشـککردنی زانیـاری و دروسـتکردنی دەیان تەکیـە و خانەقای ئەگرتە بەر.

مـێژووی کـوردسـتـان لە مـاوەی حوکـمی عوسـمـانیدا ناوی دە کـتێبی بەناوبانگمـان پیشان نادا کە مەلاکـانی کورد لە عولوومـی ئیسـلامیـدا نووسـیـبێتـیـان کـەچی لە پێشـانا سـەدان کـتێبـیـان دائەنا. فـەقـێکانی کوردستان لە ماوەی عوسمانییەکانا هەر کتێبە کۆنەکانیان ئەخوێند و وەک بنێشت ئەیـانجوینەوە. هـەروەهـا بەر لە عوسـمـانییـەکان بەدەگـمەن تەکیـەیەک یان خـانەقـایەک لە کـوردسـتـانا دەس ئەکـەوت، بەڵام هـەرکـە ئەوان هـاتن لە هـەر قوژبنێکا شـێخێکیان ڕاست کردەوە و لە هـەر شـار و ناوچەیەکا چەند تەکیە و خانەقایان دروست کرد. ئەمە بۆچی؟[1]

---

(١) ئێستا کە پاش پەنجا ساڵ پتر لە نووسینی ئەم کـتـێبـە و چلوحەوت سـاڵ لە لەچاپدانی، جـارێکی تر بۆم ڕێئـەکـەوێ سـەرلـەنوێ لە چاپی بدەمـەوە، بەپێویستی زانستی و ئەخلاقیی خۆمی ئەزانم چاوێکی ڕەخنەگرانە بەهەندێ بڕگەی ئەم بابەتە و هەر شـوێنێکی تری ئەم کـتێبـەدا بگێڕمـەوە کـە بە بیـر و بۆچوونی ئێـسـتـام پێـویسـتی بە ڕەخنە لێ گـرتن بێ. بۆیە وا ئێـسـتـا بەشێوەیەکی، بەتێگەیشتنی خـۆم، لەو کاتە مەوزووعییانـەتر، بەسەرەتای ئەم بابەتـەدا ئەچمـەوە و هەندێ ڕسـتـەی پێـویست بەڕاسـتکردنـەوەی لێ ڕاست ئەکەمەوە و ئەڵێم:

دیارە کـوردسـتـان کـە مـوسـوڵمـان بووە، وەک هـەر شـوێنێکی تـری وڵاتانی ئیسـلام مـزگـەوت و قوتابـخانـەی ئاینیی زۆری تێدا دروست کراوە و چەندین مەڵبـەندی گەورە و بچووکی خوێندنی ئیسـلامیی تێدا بـەرپا بووە. لە خۆڕایی نییـە ئێستایش لە ناو مـەلا و فەقێیاندا دەم بەدەم ئەگێڕڕێتەوە کەوا ئیـمامی شافیعی لە هەولێر خـوێندوویەتی، یا بنەماڵەیەک لە بیارەی هەورامان هەبووە بنـەمـاڵەی (مـەلازادەکـان)یان پێ وتووە. لە منداڵیی من خـۆمـدا لـە بیـارە پیـاوێکی پیـر لەم بنەمـاڵەیە مـابوو (سـۆفی برایم)یـان پێ ئەوت هـەمـوو جـارێ =

..................................................................

= ئەهاتە لای باوکم. ئەم سۆفی برایمە ئەیوت بنەماڵەی ئێمە بیست و هەشت پشتیان مەلا بوون. لەم بەڵگە زارەکییانەیش پڕ بایەختر گەشتەکەی ئەولیا چەلەبییە کە باسی خوێندنگا و کتێبخانەکانی ئەو شارانەی کوردستانی تێدا ئەکا کە بۆ خۆی سەری لێ داون. بەڵام بەداخەوە تێکڕا مێژووەکانی ئیسلام زۆر کەمیان لە بارەی باری ژیانی خوێندەواری و خوێندن و خوێندنگا و کتێبخانەکانی کوردستانەوە بۆ ئێمە تۆمار کردووە و ئەگەر چەردەیەکیشی لە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکاندا لێ تۆمار کرابێ، کەسێکی بۆ هەڵنەکەوتووە لەو سەرچاوانەی وەرگرێ و لە بەرهەمێکی نوێدا بیخاتە بەردەستی وەچەکانی ئەم سەردەمەمان. بۆیە دیارە ئەم بڕیارە قەتعییانەی من لەم سەرەتایەدا داومن جێگای متمانە نین و، لەوە بەولاوە ئاگادارییەکی کۆنکرێتیمان نییە کە شوێنانێکی وەک (دینەوەر)ی لای کرماشان و هەولێر و مووسڵ لە سەردەمانێکی تایبەتیدا مەڵبەندی مەزنی خوێندەواری بوون و، کوردستان زاناگەلێکی گەورەی زۆری وەک دینەوەرییەکان و بنەماڵەی بەناووبانگی (شارەزوورییەکان) و وەک (ئیبنولحاجیب) و (ئیبنوخەلەکان) و ئەوانەی تێدا هەڵکەوتووە. ئێمە تەنها ناوی ئەمانە ئەزانین چونکە لە کوردستان دەرچوون و گەیشتوونەتە بەغدا و مووسڵ و شام و نوسخەی هەندێ لە دانراوەکانیان ماوەتەوە، بەڵام دیارە ئەبێ دەیان و بەڵکو سەدانیشیان بووبن کە کوردستانیان بەجێ نەهێشتبێ و هەر لەوێ مابنەوە و مەلا و فەقێیان بۆ کوردستان و میللەتی کورد پێگەیاندبێ و، چونکە نەگەیشتوونەتە شوێنانی ئەوتۆ نوسخەی زۆر لە رووی دانراوەکانیان بگیرێتەوە و بڵاو ببێتەوە تا ئەگەر لە چەند شوێنیش ئەو کتێبانەیان بفەوتێن، لە چەند شوێنی تر لێیان بمێنێتەوە. سەیری مێژووی بنەماڵەیەکی وەک حەیدەرییەکانی ماوەران بکە کە هەر لە سەرەتای سەردەمی سەفەوییەکانەوە کە بوون بەشیعە و خەڵکیشیان بە زەبری شیر کردووە بەشیعە، ڕێبازی ئایینیی خۆیانیان گرتووە بەکۆڵەوە و پەنایان هێناوەتە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و چەندین وەچەیان بەگەورە مەلایی لە کوردستان لێ =

.......................................................................

= بڕاوەتەوە و بەشێکی زۆری ئیجازەنامەی مەلاکانی کوردستان ئەگەڕێتەوە سەر ئەوان و، دەیان کتێبی مەلایانەیان بۆ مەلا و فەقێی کوردستان داناوە. کوا، ئێستا کتێبێکیان لە ناوا ماوە، یا بەرهەمێکیان لە چاپ دراوە؟ دیارە نەخێر، چونکە لە خاکی پاشکەوتووی کوردستاندا ماونەتەوە و نەگەیشتوونەتە بەغدا و حەلەب و شام و کەس دەسوبردی نەکردووە دانراوێکیان بگەیەنێتە وڵاتێکی ئاوەدان و دەرفەتی بەچاپ گەیشتنی بۆ بڕەخسێنێ!

بێ گومان میرانی کوردستانیش، وەک حاجی ئەفەرمووێ، درێغییان لە خزمەتی مەلا و فەقێ و خوێندەواریدا نەکردووە و، ئەبێ ئەوەیش بزانین کە دەرەبەگی کورد لە ناوچە تەختانەکاندا نەبێ شتێکی ئەوتۆی زیاتر لە لادێییەکی دەوڵەمەند شک نەبردووە و تەنها بەدەسەڵاتی زەبر و زەنگ بەکارهێنان بەرانبەر لادێیی بێ دەسەڵات دەرەبەگ بووە و لەوە زیاتر نا. لادێیی کوردیش، جووتیار بووبێ یا باخەوان یا وەرزێر یا شوان و گاوان یا هەرچی، وەک دەرەبەگی کورد و بەڵکو بەپێی حاڵی خۆی لەویش زیاتر، هەروا هەمیشە لە خزمەتی مەلا و فەقێ و خوێندەواریدا بوون. تەنانەت کۆچەرەکانیش لە زۆر حاڵەتدا لە گەرمیان و کوێستان کردنیاندا مەلا و فەقێیان لەگەڵ بووە، وەک لە هەندێ دەسنووسی مەلایانەوە دەرئەکەوێ کە لە هەوارەکانی هاویناندا نووسراونەتەوە و ئێستا لەم کونج و ئەو کونجی هەندێ کتێبخانەی وڵاتانی ئیسلامدا و بەتایبەتی لە بەغدا و تاران و مووسڵ و حەلەب و ئەو جۆرە شارانەدا هەڵگیراون.

بەشی هەرە زۆری ئاگاداریی ئێمە لە باری خوێندەوارییەوە لە کوردستاندا لە سەرەتای ئیسلام بوونیەوە، پێوەندی بەسەدەکانی دواییی سەردەمی عوسمانییەکانەوە هەیە. دەسنووسەکانی کتێبەکانی خوێندنی حوجرە کە لە کوردستاندا نووسراونەتەوە و تا ئێستا ماون و لە کتێبخانە گشتییەکانی دەسنووسەکاندا پارێزراون، تێکڕا، ئەوەندەی من پێ بزانم، هیی ئەو ماوەیەن، کە لەگەڵ هەندێ بەڵگە و نیشانەی تری کەموکورتدا. تیشکێکمان

..............................................................

= بۆ دەهاوێنە سەر باری خوێندەواری لە کوردستانی موسوڵماندا. لەم بوارەدا ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە نیشانەی لایەنگرتنی عوسمانییەکان بێ لە خوێندن و خوێندەواری لە کوردستاندا، بەڵام پشتگیرییان لە شێخایەتی بەدروستکردنی تەکیە و خانەقا بۆ شێخەکان و وەقف کردنی زەوی و جۆگە ئاو لەم لا و لەولا لە سەریان، دیارە و سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پاش کۆتایی پێهێنانی سەردەمی میرنشینییە کوردەکان کە ئیتر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا ڕاستەوخۆ حوکمی کوردستان بکەن و کاروباری هەڵسووڕێنن، لە کاتێکدا کە لە سەردەمانی میرنشینییەکاندا پێوەندی کوردستان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە تەنها لەو سنوورەدا بووە کە جاروبار ئەم میرنشینییانە لە کاتی پێویست بووندا جەنگاوەر بنێرن بۆ بەشداربوون لە بەرە نزیکەکانی جەنگی عوسمانی و دەوڵەتە دوژمنەکانیدا و خەرج و باجێکی ساڵانە بنێرن بۆ گەنجینەی دەوڵەت و ددانێکی سەرزارەکی بەسەروەریی دەوڵەتی عوسمانی بەسەریانەوەدا بنێن و دەوڵەتیش لە کاتی گۆڕانی میرەکانی ئەو میرنشینییانەدا فەرمانی سوڵتانییان بۆ میرە تازەکان بۆ دەرکا، هەرچەند گەلێ جاریش ڕووی داوە جەنگ و ناکۆکی کەوتووەتە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەو میرنشینییانەوە و عوسمانی بەزۆر میرێکی لاداوە و یەکێکی تری هەر لە خۆیان خستووەتە شوێنی. پێوەندی دەوڵەتانی پێش عوسمانیی حوکمڕانی کوردستانیش لەگەڵ میرنشینییە ناوخۆییەکانی کوردستان تێکڕا و بەشی زۆری کات، هەر پێوەندێکی لەم جۆرە بووە.

لە دوو سەدەی دوایی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەبۆچوونی من، بەهۆی ئەوەوە کە دەوڵەتی عوسمانی، لە لایەکەوە، هەستی بەبزووتنەوەی دەماری نەتەوەیی گەلانی وڵاتە ئورووپاییە ژێر دەستەکانی خۆی ئەکرد کە ئارەزوویان لە سەربەخۆیی گەیشتبووە ڕادەیەکی باڵا و، هەوڵی دانیشتووانی میرنشینییە دەرەبەگییەکانی ئورووپایشی بۆ یەکگرتنی وڵاتەکانیان، لە ئەنجامی گەشەکردنی سەرمایەداریدا لە ناویاندا ئەدی وەک لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و، لە لایەکی تریشەوە ئەیدی میرنشینییەکانی کوردستان، هەریەکە بۆ خۆی، لە =

............................................................

= ڕاستیدا دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆیە و ئەگەر ئارەزووی یەکگرتن لە نێوانیاندا پەیدا ببێ هێنانە دیی ئەو یەکگرتنە زۆری پێ ناوێ و، (دەرکی ئەو ڕاستییەی نەئەکرد کە یەکگرتنی کورد لە خودی خۆیدا گەورەترین کۆسپی لە بەردەمدایە)، ترسی ئەوەی لێ ئەنیشت کە ئەم گەرای یەکگرتن خوازییەی ئورووپا تەشەنە بکا و بگاتە کوردستانیش. (میرەکانی کوردستان زۆر لەوە زیاتر کە لەوانەیە ئێمە بیری لێ بکەینەوە ئاگاداری ئەوزاعی جیهانی ئەو ڕۆژە بوون و، بۆ ئەمەیش هۆی زۆر لە ئارادا هەبوو. کێ چوزانێ پێشەکییەکەی «مەم و زینی ئەحمەدی خانی»ی نەمر بۆ خۆی ڕەنگدانەوەیەکی ئەم ڕاستییە نەبووبێ، یا بەپێچەوانەوە، بەش بەحاڵی خۆی، دەورێکی کاریگەری، هەر لەو سەردەمەوە لە بزواندن و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەییدا لە کوردستان، یاری نەکردبێ؟). لەبەر ئەم هۆیانە دەسپێشخەریی خۆی کرد و لە قۆناغێکی زۆر زوودا هەموو ئەو میرنشینییانەی، یەک لە دوای یەک، لەناوبرد و، لام وایە لەم کارەیدا، ژێر بەژێر، گفتوگۆی لەگەڵ ئێرانییەکانیش کردبێ و هانی ئەوانیشی دابێ کارێکی لەم چەشنە لە وڵاتەکەی خۆیاندا بکەن و، هەر بۆیەیش بووبێ هەر لەو سەردەمەدا لە ئێرانیش میرنشینییە کوردەکان بەتەواوی لەناوبران یا لووت و گوێی دەسەڵاتیان کرا.

لە بارەی خوێندنیشەوە، خوێندن لەم سەردەمەی کوردستانی عوسمانی و ئێرانیشدا خوێندنێکی پاشماوەی سەدان ساڵ بوو. بەرنامەی خوێندن هەر ئەو بەرنامەیە بوو چەند سەد ساڵ بوو بەمیرات هاتبووەوە و، کتێب هەر کتێبە کۆنەکانی مەلایانی عەرەب و فارس بوو و بەدەگمەن لە ماوەی چەندین ساڵدا کتێبێکی نوێ ئەهاتە ئاراوە. مەلای کوردستانی لەگەڵ پایەی بەرزی زانستیشیدا کتێبێکی نەئەخرایە بەرنامەی خوێندنەوە مەگەر بۆ مێردمنداڵان و ئەویش چۆنها. هەموو هیممەتی مەلاکانی کوردستان بۆ ئەوە تەرخان بوو شەرح و حاشیەی هەندێ کتێبی کۆن بتوانن لێک بدەنەوە. دەرزی حیساب و هەندەسە و ئاسمانناسی، ئەویش ئاسماناسییەکەی پتر لە هەزار ساڵ=

..................................................................................

= لەوەو پێش، زۆر کەمی مابوو. ئەم دەرزانە دەرزی سەرەکییش نەبوون و هەموو فەقێیەک وەرینەئەگرتن. کەس بیری لە بابەتگەلێکی وەک مێژوو و جوگرافیا و گیاندارانناسی و کیمیا و فیزیا و زمانێکی بێگانەی لە عەرەبی و فارسی بەولاوە نەئەکردەوە، هەرچەند ئەم بابەتانە لە خوێندنگاکانی ولاتانی ئیسلامیشدا خوێنراون و لە زۆر شوێندا لە چوارچێوەی بەرنامەی خوێندندا بوون. خۆ زمانە کوردییەکەی خۆمان لەگەڵ ئەوەیش کە کتێبە عەرەبی و فارسییەکانی پێ ئەخوێنرا و لێک ئەدرایەوە، کەس بیری لەوە نەئەکردەوە بنەماکانی بدۆزێتەوە و کتێبێکی گەرامەری بۆ بنووسی. بەکورتی بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن پێویستی بەچاکسازییەک بوو لە ڕیشەوە، بەلام ئەوەیش بێ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و کۆمەلایەتی نەئەکرا و مەرجەکانی ئەو گۆڕینەیش لەو ڕۆژەدا نەئەهاتنە دی.

لە بواری دەستنیشانکردنی هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانییشدا لە ئاست شێخ و مەلاکانی کوردستان ئەڵێم ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم دەوڵەتە تەنها پشتگیریی شێخانی کردووە و لایەکی ئەوتۆی بەلای مەلا و فەقێکانی کوردستاندا نەکردووەتەوە کە بەهەڵگری ئالای شەریعەت ناسراون و خۆیان بەپارێزگاری سنووری حەرام و حەلاڵ و بەدەستنیشانکەری ڕەوا و ناڕەوا داناوە و، لەبەرئەوەیش کە مەبەستی دەوڵەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ شێخ و مەلا دابینکردنی مەبەستە ملهوڕانەکانی خۆی بووە، پرکێشیی نەکردووە ڕووی دەمی بکاتە مەلاکان و قورساییی خۆی خستووەتە سەر شێخان. مەبەستم لەم قسەیە ئەوە نییە بەئاسانی توانراوە ئەو شێخانە دەستەمۆ بکرێن و بهێنرێنە ژێر باری دەوڵەتەوە، بەلام عوسمانییەکان کە دیویانە ئەمانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ توێژاڵی نەخوێندەوار و پاشکەوتووی کۆمەڵ ئەکەن کە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵ بوو و ئەوانیش پێویستیان بەدەست بەسەرداگرتنی ئەوانە بووە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە وەدەستهێنانی مەبەستەکانیان لە ناو جەماوەری نەخوێندەوار و پاشکەوتوودا تەنها لە ڕێگای شێخانەوە ئەتوانرێ دابین بکرێ. لەم بوارەدا دەوڵەتی عوسمانی پاش =

..........................................................................

= بڕینەوەی میرنشینییەکان، لەگەڵ شـێخە خواناس و ڕاستەقینەکان هاتووەتە کایەوە کە جێی متمانە و باوەڕی جەماوەری خەڵک بوون و، ئەوانیش، واتە شـێخەکان، لە دیدگایەکی ئیسلامیی ڕووتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەوڵەت کردووە کە بەخەلافەتی ئیسلامییان زانیوە. لەم بوارەدا دەوڵەتی عوسمانی خانەقای بۆ ئەم شێخ و تەکیەی بۆ ئەو شێخ کردووەتەوە یا بۆی نوێ کردوونەتەوە و عەرد و جۆگە ئاوی بۆ لەسەر وەقف کردوون و ئەوانیش وەک خێرێک لە ڕێی خوادا و هەروەها جەماوەری خەڵکیش بەو چاوە سەیری مەسەلەکەیان کردووە. عوسمانییەکان هەرچەند لەم قۆناغەیشدا چەردەیەک سوودیان لەم جۆرە مامەڵەیە وەدەست هێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ دووریان ڕوانیوە و دوارۆژیان لە پێش چاو بووە. ئەوان ئەیانزانی ئەم شێخە پیاوچاکانەی ئەو ڕۆژە تەنها وەچەیەک دوانیان بەو بێگەردییەیان ئەمێننەوە و، لەوەلا، وەک لە هەموو چەرخ و زەمانێکدا، داوێنی ئاین پەرستییە خاوێنەکەی باوک و باپیرانیان بەرئەدەن و لە ڕاستیدا ئەبن بەدەرەبەگێک لە سیپالێکی ئاینیدا، بەڵام ناو و ناوبانگە باشەکەیان کە لە باوک و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە تا سەردەمانێکی درەنگ لە ناو خەڵکە نەخوێندەوار و پاشکەوتووەکەدا هەر وا ئەمێنێ و، لەو حاڵەدا خستنە کاریان بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت کارێکی زۆر ئاسان و سوودمەند ئەبێ، چونکە لە لایەکەوە دەسەڵاتەکەی باوک و باپیرانیان بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکدا بۆ ماوەتەوە و، لە لایەکی تریشەوە ئەو ئاینداریییە ڕاستەقینەی ئەوانیان نییە ڕێی جێبەجێکردنی مەبەستەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیان لێ بگرێ.

خۆ خەلیفەکانی ئەم شێخانە لەم لا و لەولا کە کەمیان لەوانە بوون بەڕاستی شایانی خەلیفەیی مورشیدە بەڕاستی پیاوچاکەکانیان بن و دەوڵەت ئەیتوانی بەئاسانی کاریان تێ بکا و بۆ خۆیشیان بەشێک لە شان و شکۆی مورشیدەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆ بارەگاکانیان و خەڵکەکە بەئاسانی شوێنیان ئەکەوتن، ئەوانە هەر لە قۆناغێکی زۆر زووتردا دەستەمۆ کران و=

.............................................................................

= بوون بەپشتیوانی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیدا بۆ دەستگرتن بەسەر مێشک و بیری جەماوەری نەفام و نەخوێندەوار و پاشکەوتوودا. حاجی لە بەدوتنی بەشێخاندا ئەم توێژاڵەیانی مەبەست بووە کە زۆر بەتوندی پەردەیان لە ڕوو هەڵئەماڵێ و سیمای دزێویان پیشانی جەماوەر ئەدا و ئەیەوێ کارێک بکا ئەو جەماوەرە زۆر و زەبەندەیان لە دەوروبەر بتەکێنێتەوە.

بابەتێکی تریش ماوە کە پێویستە لێرەدا کەمێکی لێ بدوێم، ئەویش ئەوەیە کە لەو سەرەتایەدا ئێستا ئەم پەراوێزە نوێیەی بۆ ئەنووسم، وتوومە: دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنی هەندێ مەلاوە، وەک ڕێگایەک لە ڕێگاکانی دەستکێشانە ناو کوردستانی، توانیی کوردستان داگیر بکا.
من ئەمەم لە ژێر کاریگەریی بیر و بۆچوونی هەندێ بنووسی نەتەوەییدا نووسیوە کە مەلا ئیدریسی بدلیسی بەوە گوناهبار ئەکەن کە ئەو بووە میرنشینییەکانی کوردستانی قایل کردووە بچنە ژێر ئالای دەوڵەتی عوسمانییەوە و، مەلا محەمەدی خەتێ کە گوایە لە شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و میر محەمەد پاشای ڕەواندزدا فتوای داوە هەرکەسێ بەگژی لەشکری خەلیفەدا بچێ تەڵاقی ئەکەوێ و ژنی لێ حەرام ئەبێ و، لەسەر ئەم فتوایە لەشکری پاشا چەکیان داناوە و میریش لە ئەنجامدا ناچاری گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرلەشکری عوسمانی بووە و خۆی بەدەستەوە داوە.
نە من لە هیچ کام لەم دوو بارەوە دۆکۆمێنتێکم لە بەردەستدایە بگەڕێمەوە سەری و نە کەسیش لەوانەی لەم بابەتە دواون، من پێ بزانم، هیچ بەڵگە و دۆکۆمێنتێکیان بۆ پێ سەلماندنی ڕاستیی قسەکەیان پیشان داوە. بۆیە دەرخستنی چۆنیەتیی ڕاستەقینەی هەردوو مەسەلەکە پێویستی بەپیشاندانی بەڵگە و دۆکۆمێنت هەیە.
بەش بەحاڵی ئەوەی مەلا ئیدریس، بێ گومان لەبەر بایەخی زۆری بابەتەکە، ئەبێ لە ئەرشیفەکانی دەوڵەتدا لە ئەستەمووڵ دۆکۆمێنتی وا هەبێ چۆنیەتیی هاتنە ژێر ئالای عوسمانیی میرەکانی ئەو میرنشینییانەمان بۆ بگێڕێتەوە.
بۆیە ئەبێ بەدوای ئەو ئەرشیفانەدا بگەڕێین تا چۆنیەتیی ڕاستەقینەی =

.....................................................................

= مەسەلەکەمان بۆ دەرئەکەوێ. بۆ ئەمی مەلای خەتێیش، لام وابێ دوورە دۆکۆمێنتێک هەبێ شتێکمان بۆ ڕوون کاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەبێ هەر بکەوینە پەیجۆر، بەڵکو لە لایەکەوە کەلاوڕۆژنەیەکمان بۆ دەرکەوێ شتێکی لێوە ببینین.
لەگەڵ ئەمەیشدا من بەپێی لێکۆڵینەوەی سیاسیی خۆم لام وایە ئەگەر ڕاست بێ مەلا ئیدریس ئەو کارەی کردبێ و توانیبێتی میرنشینییەکانی کوردستانی باکوور لەسەر ئەوە کۆکاتەوە کە بەهەموویانەوە ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی مۆر کەن بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا کە لەو سەردەمەدا لە هەرەتی هێز و برەوا بووە، وەک مەشهوورە ئەمەی کردووە، کارێکی زۆر باشی کردووە و، لەو سەردەمەدا کە نە میللەتی کورد خۆی ئەو هەستە نەتەوەیییەی بووە بیخاتە سەر کەڵکەڵەی یەککگرتن و جاڕدانی سەربەخۆیی و نە میرەکانی میرنشینییەکانیشی ئەوەیان بەخەیاڵدا هاتووە ئەگینا بەچوونە ژێر باڵی سوڵتانی عوسمانی ڕازی نەئەبوون و گوێیان بۆ ئامۆژگاریی مەلا ئیدریس شل نەئەکرد و، بەڵکو مەلا ئیدریس خۆیشی ئامۆژگاریی وای ئەوانی نەئەکرد و، لەولایشەوە کوردستانی ڕۆژاوا (واتە کوردستانی تورکیا و عێراق و سووریای ئێستا) لە ژێر مەترسیی بەردەوامی دەوڵەتی ئێراندا بووە، کارێکی باش و ڕەوای کردووە و، هەر ئەوەیش بوو بۆ ماوەیەکی زۆری لەوە پاش سەربەخۆیی ناوخۆی کوردستانی پاراست.
پاش نووسینی ئەم بەشەی ئەم پەراوێزە نوێیە، خۆشبەختانە بەرگی یەکەمی (سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ)م دەستگیر بوو لە ئامادەکردنی کاک سدیق ساڵح و بڵاوکردنەوەی (بنکەی ژین) لە سلێمانی. لەم بەرگەدا کە گەلێ لە نووسراوەکانی محەمەدئەمین زەکی بەگی گرتووەتە خۆی، وتارێک لە بارەی (مەولانا ئیدریسی بیتلیسی)یەوە هەیە لە ژمارە (١ – ٢)ی ساڵی (٢)ی کانوونی دووەم – شوباتی ١٩٤١ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەبوو من هەر لە کاتی نووسینی کتێبەکەمدا بەدوای =

........................................................................

= سەرچاوەدا بگەڕێم و ئەو وتارەم بەرچاو بکەوێ، بەڵام لەبەر نەشارەزاییم لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەو سەردەمەدا وام نەکردووە. لەو وتارەدا بنووس لەبارەی ئەم مەسەلە و هەڵوێستی مەلا ئیدریسەوە نووسیویە:
«ئەووەڵ کەسێ کە ئیدارەی داخیلییەی کوردستانی بەگوێرەی ئیحتیاجاتی ئەو عەسرە بۆ حوکوومەتی عوسمانی ڕێکخست، ئەم زاتە بوو».
«بەتەتبیق کردنی شکڵی فەدراسیۆن (و) تەسهیلی دەوامی ئیماراتی مەحەللییەی کورد، بناغەیەکی باشی بۆ کوردایەتی دانا و، ئەگەر ئەم ئیماراتانە خۆخۆرییان نەکردایە و لە ناو خۆیانا یەکیان بگرتایە، ئیستیقبالی کوردایەتییان زۆر باش تەئمین ئەکرد».
لە بارەی مەسەلەکەی مەلای خەتێیشەوە، لە وتارێکی تری کتێبی ناوبراودا بەناوونیشانی (میر محەمەد پاشا) کە لە ژمارە (٢)ی ساڵی (١)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٠ی دیسانەوە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکراوەتەوە، لە باسی هێرشی لەشکری سەدری ئەعزەم و والیی عوسمانیدا لە بەغدا بۆ سەر محەمەد پاشا، نووسراوە: «لەشکری سەدری ئەعزەم و والیی بەغدا لە دەشتی حەریردا هەڵیاندا و زۆر سڵیان لە قووەت و جەرائەتی پاشا کوێرە و سەختیی گەلیی عەلی بەگ کرد. سەدری ئەعزەم بەم تەئسیرە قەراری بەتەفرەدانی محەمەد پاشا دا. لە ڕێگای دیانەتیشەوە لە ژێرەوە هەوڵێکی زۆری دا. ئەڵێن بەهێزی ئەم فروفێڵەوە بوو کە مەلای خەتێ لە خوتبەدا نەهیی لە شەڕکردن لەگەڵ لەشکری خەلیفە کرد. چ ئەو، چ وتەی مەلاکانی تر، لەشکری سۆرانی لە شەڕ سارد کردەوە و، میری ڕەواندز بەناعیلاجی بەوەعدەی سەدری ئەعزەم ڕازی بوو... تاد».
لەمەوە کە لە محەمەدئەمین زەکی بەگەوەمان گێڕایەوە دەرکەوت کەوا تێکڕا ئەو لە بارەی هەڵوێستی مەلا ئیدریسەوە پشتی بۆچوونەکەی ئێستای منی گرتووە و، لە بارەی مەلای خەتێیشەوە ئەوەی ئەو نووسیویە پێشنیاکەی من بەنادروست دەرناکا کە داوای گەڕان بەدوای دۆکۆمێنتدام کردووە، چونکە ئەو هەرچەند تەنها بابەتی زانستەنی (معلومات)ی نووسیوە و خۆی =

چونکە دەروێشی و سۆفیەتی گیانی سەرشۆڕی و خۆبەدەستەوەدان و عەودالّی و دوای خەیالّ کەوتن و پشت لێکردنەوە لە ناو خەڵکا ئەبزوێننەوە، وە گەل بەتەواوی سڕ ئەکەن. ئەزانی سۆفیەتی و دەروێشی لە تورکستان و لە هیندستان و لە توونس و جەزائیر و مەراکیشا چ پاڵپشتێک بوون بۆ هێزی داگیرکەر؟ گوێت لە حاجی بێ ئیشارەت بە واقیعاتی ئەو ناوە چی ئەڵێ:

**ناکرێ بەم هایوهوویە دەفعی ڕووس**

**هەروەکوو شێخی بوخارا و ئەندەلووس**

= بەدۆکۆمێنت و بەڵگە پیشاندانەوە خەریک نەکردووە، بەڵام کە ئەفەرموێت «ئەڵێن بەهێزی ئەم فڕوفێڵە بوو کە مەلای خەتێ لە خوتبەدا نەهیی لە شەڕکردن لەگەڵ لەشکری خەلیفە کرد... تاد»، ئەوە ئەگەیەنێ کە مەسەلەکە هەر گێڕانەوەی دەمییە و هیچ بەڵگە و دۆکۆمێنتێک لە ئارادا نییە.

لەگەڵ ئەمەیشدا من بەهیچ جۆرێ ئەوە بەدوور نازانم کە مەلای خەتێ و مەلایانی تریش ئەو خوتبانەیان خوێندبێتەوە و خوتبەکانیان کاری خۆیانیان کردبێ و، دیارە ئەمە عەقڵییەتی مەلایانی ئەو سەردەمە بووە و، بەڵکو ئەمڕۆیش شتی وا بەئاسانی ڕوو ئەدا. ئەوەی لای من لێرەدا مەتڵەبە ئەوەتە کە نابێ گۆتاوڕۆی ڕووخانی میرنشینیی سۆران تەنها بخرێتە ئەستۆی خوتبە خوێندنەوەی چەند مەلایەک و، ئەبێ لەوەیش بپرسینەوە کە میر محەمەد بۆ بەگوێی قسەی ئەو مەلایانەی کرد و، لەوەیش ورد ببینەوە ئاخۆ میری ڕەواندز دەرەقەتی لەشکری عوسمانی ئەهات و، ئەو پرسیارەیش بکەین کە: بۆ میر، وەک سەرکردەکانی لەوە پاشی کورد، لەو شاخە سەخت و گەردنکەشانەی ناوچەی سۆراندا دەستی نەدایە شەڕی پارتیزانی تا هیچ نەبێ چەند مانگێ لەشکری عوسمانی بەخۆیەوە خەریک بکا و شەڕەفی داهێنانی شەڕی پارتیزانی، بەر لە هەرکەسی تر، لە کوردستانا بەو ببڕێ؟ (پەراوێزێکی نوێ).

**مـــیـــسلـی ئێـــوە پاڵیـــان دا بـە دوعـــا**
**ئاخـــری کـــافـــر بـه ڕیشـــیـــاندا ڕیا**
**پشتیان دا هیممەت و شەیخووخەتی**
**تا فـــەرانســـز پاکی کــردە مـــیللەتی**
**مەرقەدی ئەقطاب و قوببەی ئەهلی ڕاز**
**بوونە جێگەی گاگەل و مۆڵگەی بەراز**
**هیند و داغـســتـــان و قـــازان و قـــەرم**
**خـێـوەوو هـیند و بوخـارا و خــوارەزم**
**یەک بـەیەک وەک ئـێـــوە بوون و زیدەتر**
**سەر بەسەر بۆ باری کافر بوونە کەر**[٢]

مـوسـوڵمـانـانـی ئـەو وڵاتانە لە نـاو خـۆیـانا بووبوون بەچەنـد پارچە و دەسـیـان لە پەیداکـردنی هۆی بەهێـزکـردنی خـۆیان هەڵگرتبـوو، وە خوویان دابووە تەکیە و خانەقا و، سۆفیەتی و دەروێشی تا ڕادەیەکی دوور لە ناویانا پەرەی سەندبوو. ئەوروپای سەرمایەدار و پێشکەوتوویش بەدوای بازاڕا ئەگەڕا بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆی، وە سەرچاوەی کەرەسەی خاوی ئەویست بۆ کارگاکانی. وەزعی ئەو وڵاتە ئیسلامییە دواکەوتووانەی بەفرسەت زانیی، لە لایەکەوە فەرەنسە دای بەسەر توونس و جەزائیر و مەراکیشا، لە لایەکی تریشەوە ئینگلیز هیندستان و میسر و سوودان و گوێ دەلیاکانی جەزیرەی عەرەبی داگیر کرد. ئیتالیایش دای بەسەر لیبیای ئێستەدا. ڕووسیای قەیسەرییش دای بەسەر قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستا... ئەم داگیرکەرانە گەلانی ئەم وڵاتانەیان ئەچەوساندەوە و هەستی ئاینی و

(٢) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٠٢ (پەراوێزێکی نوێ).

نەتەوەییان پێشێل ئەکردن... قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست تا شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ژێر ئەو حاڵەدا مانەوە، جا لە سایەی ئەو شۆڕشەوە بۆ یەکجاری هەموو مافێکی خۆیان وەرگرت، وە بۆ هەمیشە ئازادبوون و تەوقی یاسای چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینییان لەسەر شان لاچوو. خەڵکی میسریش تا پاش شەڕی یەکەم، وە خەڵکی هیندستان تا پاش شەڕی دووهەم، وە خەڵکی لیبیا و سوودان و توونس و مەراکیش تا ئەم دواییە سەربەخۆیی سیاسیی خۆیانیان وەرنەگرتەوە، وە تا ئێستاش لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئیستیعمار ڕزگار نەبوون. خۆ گەلی قارەمانی جەزائیر ئەوە چەند ساڵە چەکی هەڵگرتووە و دەسەویەخەیە لەگەڵ داگیرکەران بۆ وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی وڵاتەکەی. لەم هەموو کارەساتەدا گیانی دەروێشی مەسئولیەتێکی گەورەی لەسەرە شان بەشانی هەموو هۆ مێژووییەکانی تر.

عوسمانییەکانیش سوودیان لەوەدا بوو کە گەلی کورد تەنها بۆ ڕەنجدان بۆ ئەوان بە لەش زیندوو بێ، ئەگینا مێشک و بیری ئەبێ بمرێ. تەکیە و خانەقاکانی عوسمانییەکان کە بەهەزاران لیرەی گەنجینەی خەلافەتیان تیا باخت ئەکرا، ئاخری کاری خۆیانیان کرد و گیانی خەڵکییان مراند. ئەوەتە ئێستاش لەو کۆسپە گەورانەن کە ڕێگای ڕاست لە میللەت ئەشێوێنن...

جا هەرکەس لە کوردەواریدا بیرێکی تیژ و هەڵکەوتووی بوایە، یەکەم جار چاوی لەسەر کردەوەی نالەباری شێخەکان ئەکردەوە. حاجیی خۆیشمان یەکێ بوو لەوانە کە لەم مەسەلەیە گەیشتبوون، وە بۆیان دەرکەوتبوو کە تەکیە و خانەقاکان بۆ خوا نین، وە شێخەکان زۆربەیان خواپەرستی ڕاستەقینە نین، وە هێنانە کایەی ناوی خوا و ئاین

پەرستیی لە دیمەنێکی جوان بەولاوە نییە کە لە پشتیەوە هەر ڕۆژێ چەند تاوانی قورس ئەکرێ:

**شکڵی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان**
**واقیعەن ڕەنگینە، ئەمما بۆ ڕیيان**
**لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا**
**فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا**(٣)

وە ڕوونی ئەکردەوە کە لەگەڵ ئاوەدانی و پۆشتە و پەرداخیی تەکیە و خانەقاکاندا، مزگەوتەکان کە جێگای خواپەرستیی ڕاستین، وە مەدرەسەکان کە جێگای بڵاوکردنەوەی زانستن، هەموویان وێرانن و بێکەس کەوتوون... ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حوکمڕانەکانی عوسمانی دوژمنی زانست و خواپەرستیی ڕاست بوون، وە هەموو هەوڵیان بۆ بڵاوکردنەوەی نەفامی و سەرلێشێواوی بوو تا باشتر بتوانن خەڵکی ڕەنجکێش وا لێ بکەن بارەگوێزیان لێ بنێن خرەی نەیەت. گوێ بگرە بۆ حاجی کە ئەڵێ:

**مەسجید و میحراب و مینبەر بێکەسە**
**هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە**
**شەیخەنا! گەر ئەم قسەت نایێتە گوێ،**
**سەیری، وا چۆڵە کەری تێدا بگێ!**(٤)

جا بۆیە حاجی ئاڵای خەباتی لە ڕووی شێخ و شێخیەتیدا هەڵکرد و بانگی خەڵکی ئەکرد کە لەو شێخانە بکۆڵنەوە بزانن چییان لەبارەدایە و هەوڵی چییانە و خانەقا و تەکیەکان سوودیان چییە:

---

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١ – ٢٠٢ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢ (پەراوێزێکی نوێ).

**خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر**
**پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخر**
**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**
**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن**
**دەفعەیەک ئیمتیحانیان ناکەن**
**تێ بگەن زەهر، یا نە، تریاکن**
**لە مەحەککی بدەن ئەگەر وەکو زەڕ**
**تێدەگەن ڕێگرن وەیا ڕەهبەر**(٥)

حاجی زۆر جاریش باسی ئەوەی ئەکرد کە خەڵکی دەسیان لە کار و کاسبیی خۆیان هەڵئەگرت و ماڵ و منداڵیان بە ڕووت و قووت و برسییەتی بەجێ ئەهێشت و ئەکەوتنە دوای شێخەکان، بەتەمای ئەوە کە بە بەرەکەتی ئەوانەوە گوزەرانیان بەڕێ بچێ:

**دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا**
**هیچ کەسێ ڕزقیهیچ کەسی نادا**(٦)

وە بەخەڵکی ئەوت کە بوون بەدەروێش و شوێنی شێخەکان کەوتن، هەژار خستنی گەلی بەدەمەوەیە، وە یەکێ لە هۆیەکانی هەژاری و ڕووت و قووتیی کورد بڵاوبوونەوەی گیانی دەروێشایەتییە لە کوردستانا:

**عیشقبازی و هەوایی دەروێشی**
**میللەتی خستە فەقر و بێ ئیشی**(٧)

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥ – ١٨٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠ (پەراوێزێکی نوێ).

لە کوردستانا هەندێ لە شێخەکان بە(پیری دەستگیر) و بە(قوتب) ناوبانگیان دەرکردووە. حاجییش مەعنایەکی جوان بۆ ئەم دەستگیری و قوتبایەتییەی ئەو شێخانە لێ ئەداتەوە کە ئەڵێ:

**کە دەیگوت شێخی من من دەستگیرم**
**لە لام وابوو لەبەر جەهل و جەوانی**
**کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم**
**لە کەسب و کار و تەحسیلی مەعانی**
**بەڵێ شێخ قوتبە، ئەمما قوتبی ئاشە**
**بە ئاو و نیعمەتی خەڵقە گەڕانی(٨)**

ئەی ئافەرین بۆ حاجی! چەند مەردانە پێ لە هەڵەی خۆی ئەنێ کە خۆیشی ماوەیەک لە ژیانی هەڵخەڵاتەوە، وە چەند وێنەیەکی جوانی ئەو شێخە لەسەر گیرفانی خەڵک ژیاوانە ئەکێشێ!

حاجی بەخەڵکی ئەوت: ئەگەر ئەو (پیری دەستگیر)انەی کە ئێوە شوێنیان کەوتوون و عومری خۆتان لە خزمەت کردنیانا باخت نەکەن، دەستان نەگرن و نەتانخەنە سەر ئیشێ کە پێی بژین و وەزعتانی پێ باش ببێ و یارمەتیی ئاسانکردنی تەنگوچەڵەمەی ژیانتان نەدەن، مەعنای وایە (دەستگیری)یەکەیان لە ئیش کردن بووە نەک بۆ ئیش کردن، وە پێوەندی کردوون و ماوەی هەنگاونانی بڕیون:

**دەستگیریت لە عەمەلدا کە نەکا مورشیدی پیر**
**دەستی تۆی گرتووە، پێی بەستووی مانەندی ئەسیر(٩)**

ڕوویشی ئەکردە شێخەکان خۆیان و بەئاشکرا ئەینەڕاند بەسەریانا

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤ (پەراوێزێکی نوێ).

ئەیوت ئێوە کە هەمیشە خەریکی کردەوەی ناپەسەند و فڕوفێڵ کردن بن، تەریقەتەکەتان چ سوودێکی ئەبێ و ئەم و ئەو چ کەڵکێکی لێ وەرئەگرن و وڵات و میللەت چییان دەستگیر ئەبێ لێتان:

**بڵێ بەو سەرکزۆڵەی کوزپەرستە**
**بە چاوی کلدراو و ڕیشی پانی**
**کە نەفعێکت نەبێ بۆ دین و دەوڵەت**
**بە من چی (نەقشبەند)ی یانە (مانی)**(١٠)

حاجی هەموو جارێ سەرنجی خەڵکی ڕائەکێشا بۆ ئەوە کە چۆن وا ئەو شێخانەی کە بەرەنجی شانی ڕووتە و هەژاری کوردەواری ملیان ئەستوور بووە و بەری ئیشی جووتیار و کاسبکارانی کوردیان لا کۆبووەتەوە، کەچی ئەوان خۆیان لە برسانا ملیان لار ئەبێتەوە و جلوبەرگیان سەد پینەی پێوەیە:

**ئەگەر دیققەت بکەن، حاجی، دەزانن**
**لەبەرچی شێخەکان وا بوونە کەندوو!**(١١)

ئەوەشی لە یاد نەئەکرد کە جاروبار تیر و توانج بگرێتە ئەوانەی کە وەختی خۆیان بە(تەلیسم) و (ویفق) و نووشتە نووسین ئەبردە سەر و خەڵکی ساویلکەیان فریو ئەدا و، بێ بەراوردێکیان بکا لەگەڵ زاناکانی ئەورووپادا کە هەزاران شتی سەیریان داهێنا و بەشدارییەکی گەورەیان کرد لە بۆ پێشەوەبردنی کاروانی ئادەمیزادا:

**ئەی خەریکی ڕەمووز و ڕاز و نیاز**
**ئەورووپا فەننی گەیوەتە ئیعجاز**

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(١١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢ (پەراوێزێکی نوێ).

**قـــوللـەیی ئیـــڤلی لە ئەفـــلاکـــە**
**عەکسی ئەو گەردشـی لە ژێر خاکە**
**کـــورەیی ئەم زەمـــینـەیان پێـــوا**
**خاتری تۆ بێ چوونە جەووی سەما**(١٢)

حاجی گیان! لە کوێ گۆڕ هەڵتەکێنی. ئێستا وا ئادەمیزاد مانگی دەسکردیشی دروست کرد و گەیاندیە مانگ و وەختە خۆیشی پێی بگات. کەچی هێشتا کوردەواریی ئێمە بەدەس شێخ و شێخیەتی و پاڵپشتەکانیانەوە ئەناڵێنێ.

حاجی زۆری ڕق ئەهاتەوە لە خۆلێبابیبوونی ئەو جۆرە شێخانەی کە خۆیان وا ئەدەنە قەڵەم کە ئاگایان لە هەس و نێسی گێتی هەیە و هەموو کەسێکی تر بەهیچ ئەزانن. هەموو سەرمایەیەکیشیان ئەوەتە هەندێ نەفام و نەزانیان دواکەوتووە:

**هەر شێخێ کەوتە شوێنی یەک دوو کەسی ڕەشوڕووت**
**خـەڵکی بە مـوور دەزانێ خـۆی حـەزرەتی سـولەیمان**(١٣)

وە لە هێرشی بێئامانیا بۆ سەر شێخە دەسبڕەکان دێ بەسەر و گوێلاکی خەڵکی کۆیەدا کە خۆیان بە فامیدە و تێگەیشتوو ئەزانی، کەچی ئەشکەوتنە دوای هەندێ لە کەرتە شێخەکان و قسەیانیان بەئیلهامی خوایی دائەنا و جڵەوی خۆیانیان ئەدایە دەسیان، هەرچەند لە زیان بەولاوە هیچیان لێیانەوە تووش نەئەهات.

**گـــەلێ ســـاڵە ئەهالیی شـــارەکـــەی کـــۆ**
**شـــەو و ڕۆژی لەگـــەڵ شـــێـــخـــانی بێ پۆ**

(١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).

**مـــيـــســـــالی ئاگـــر و ئاگـــر پەرستن**
**دەســـووتێن و هـەمــیــســـان دەپـیــەرستن**
**لە عـەهدی (کەر نەبی) تا دەوری (گا کوێر)**
**لە گوێی گا نووستوون، زۆر حەیفە بۆ شێر**
**لە کن خـــۆتان فـــڵان ئیـــبنی فـــڵانن**
**لـە دنـیـــــــــا ئـایـن و ئـۆیـن دەزانـن**
**کـــەچی کــــەچ مـــەشـــرەبێکی بێ دیانەت**
**بەحـیلە مل دەنێـــتـــە بەر عـــیـــبـــادەت**
**شـــــەریعــــەت گـــــەر بزانی یا نەزانی**
**وەکـــوو کـــەر دەچنە بن باری گـــرانی**(١٤)

حاجی دەمکوتی ئەو شێخانەی وا ئەدایەوە کە ئیددیعای کەشف و کەرامەتیان ئەکرد، ئەیوت: ئەی بۆچی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێ) کە کافرەکان داوای موعجیزەیان لێ ئەکرد ئەیفەرموو موعجیزەی من هەر قورئانە، وە من لە ئادەمیزادێکی فروستادەی خوا زیاتر نیم. خۆ ناشێ ئەمان لە پێغەمبەر گەورەتر بن کە لە غەزایەکا ددانی شکا و لە غەزایەکی تریشا بریندار بوو، وەک هەر ئادەمیزادێکی تر:

**موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعا**
**بۆچی نەیبوو فەخری عالەم موستەفا**
**جیسمی نوورین و ددانی گەوهەرین**
**ئەو شکا، ئەمیان بووە جێگای برین**(١٥)

حاجی زۆر باش بۆی چووبوو کە تێگەیشتبوو دەس لە دنیا

---

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨ (پەراوێزێکی نوێ).

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣ (پەراوێزێکی نوێ).

هەڵگرتنی ئەو کەسانەی کە بە واتەی خۆیان خەریکی خواپەرستین و هەمیشە خەریکبوونیان بە هەندێ شتی ڕۆتینییەوە و گوێ نەدانیان بە ناوکورۆکی ئاین کە پێویستی ئەکا لەسەر موسوڵمانان هەمیشە هەوڵی ژیانێکی خۆشیان هەبێ و بەسەربەرزی بژین، بوو بەهۆی مردنی گیانی بەربەرەکانێ لە ناو خەڵکا، وە لە نەوەی پێغەمبەر و یارانی کە لە ماوەی چەند ساڵێکا بەباوەڕی پۆلایینیان ئاینی ئیسلامیان بەهەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیکا بلاوکردەوە و چرای زانستیان هەڵکرد و کێتییەکی نوێیان دامەزراند. بەڵێ لە نەوەی ئەوانا ڕیزە خەڵکێکی هەڵخەڵەتاوی هێنایە پێشەوە کە کەشکۆڵ هەڵگرتن و دەف لێدان و کونج گرتن و هەڵخستنەوەیان کردووە بەپیشە، وە ئاینی ڕاست و نیشتمانپەروەرییان ناوەتە تاقەوە:

**سیبحەوو میسواک و خەرقە و تەیلەسان**
**بوونە پابەندی جیهادی غازییان**
**ئەم هەموو شەهبازە بوونە کوندەبوو**
**خەڵوەکێشان و چلە سوودی چ بوو**
**کێ گوتی: میسوا کە تیرم، یا عەسا**
**نێزەمە، گورزی گرانم مونتەشا**
**یا کەمەندم ڕوشتەیە، تیغم تەبەر**
**پۆست و کەشکۆڵ و دەفە و تاج و کەمەر**
**کام حەدیس و ئایەتی موعجیز نوما**
**هاتووە بۆ ڕەغبەتی ڕەقس و سەما**(١٦)

بەم چەشنە حاجی دێت ئیسپاتی ئەکا کە ئەم کردەوانەی شێخ و

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣ – ٢٠٤ (پەراوێزێکی نوێ).

دەروێشان هیچ پەیوەندییەکی بەئاینەوە نییە و نە خوا و نە پێغەمبەری خوا نەیانوتووە و لە فڕوفێڵی دەسکردی خۆیان زیاتر نییە کە بۆ ڕێگا بەگەل گوم کردن و بەگورگان خواردان و دزینی ڕەنجی شانی دایانهێناوە و خەڵکی نەفام و تێنەگەیشتوویان پێ هەڵفریواندووە.

حاجی لای وابوو هەر کەس تەمەڵ و تەوەزەل و هیچ لێ نەهاتوو نەبێ نابێ بە دەروێش و سۆفی، چونکە بەم چەشنە بۆیان ئەلوێ ئیش نەکەن و لەسەر حیسابی ئەم و ئەو بلەوەڕێن. بەڵگەی هەرە گرنگ لەسەر ناڕاستیی ئاین پەرستییان ئەوەیە ئەوەندە لە زنجیرەی دەروێشان نارۆنە دەرەوە تا بەباشی کاروباریان بۆ بڕواتە سەر، ئەگینا هەر کاتێ هەستیان کرد کەڵکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیانی پێوە نییە دەسی لێ هەڵئەگرن و سەر ئەکەنە ئێشێکی تر کە کاریان بۆ مەیسەر بکا:

**هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسبی کەماڵ**
**دەبنە دەروێش و مارگر و حەماڵ**
**سۆفی وەک تیشنە بوو لە زیکری هەتاو**
**سەد نوێژی دەدا بەکاسەک ئاو**(١٧)

دیارە حاجی ئازاری زۆری لەسەر دەسی شێخەکان و دارودەسەکانیان چەشتووە، بۆیە جاروبار گەیوەتە گیانی و هەجوی توندی کردوون و هەتاوەکو جنێویشی پێ داون و پەردەی لە ڕوو هەڵماڵیون و بڕیاری داوە کە ئەبێ هەمیشە هەر بەپێچەوانەیان بخوێنێ تا بیانکاتەوە بەقاپوغی خۆیانا و تەنگیان پێ هەڵچنێ تا نەتوانن لە ناو خەڵکا سەر هەڵبڕن و دەنگیان لە دەم دەربێ. گوێت لەم

(١٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ – ١٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

پارچە شیعرەی بێ کە ئەڵێ:

**وشکەسۆفی بڵێ بە شێخی تەرەس**
**با بەسەرما نەیێ میسالی هەرەس**
**کەر نەبی! کام پیاوی پێ غەڵەتا**
**بەن گرێدان و تا برین و نەفەس؟**
**فەرقی ناکەس لەگەڵ سەگان ناکەم**
**ها بەعەکسی بخوێنەوە ناکەس**
**حەز دەکەی تێبگەی لە بێ دینی**
**ببە دەروێشی شێخەکان بەهەوەس**
**هەر زەمانێ کە گوێت زرینگاوە**
**پێت دەڵێ باری خۆت ببەستە جەرەس**
**چەند پوولێ ئەگەر بهێنی تۆ**
**قەسرت خۆشتر دەبێ لە هیی هەر کەس**
**بۆچی (حاجی) نەخوێنێ وەک تووتی**
**ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفەس**(١٨)

لەم شیعرانەدا دیمان چۆن حاجی مەسەلەی لەرزوتا برین و زاوا بەستن و بەسراو کردنەوە و بەهەشت فرۆشتن و داوای پارە و پوول هێنان لە خەڵک کردنیان باس ئەکا کە بۆ ئەوە باشە هەموو ئادەمیزادێکی تێگەیشتوو بەرامبەری بجەنگێ، وە ئەیکا بەهۆیەک بۆ ڕەخنە لێ گرتنیان و ئابڕوو بردنیان.

***

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦ – ٦٧ (پەراوێزێکی نوێ).

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هێرشانەشا کە حاجی بردوویە بۆ سەر شێخ و شێخیەتی، وەنەبێ هەموو شێخێکی بەتاوانی شێخیەتی گوناهبار کردبێ. حاجی پیاوێکی تێگەیشتوو بووە. زۆر چاک ئەوەی زانیوە کە گەلێ شێخی وا بوون بەڕاستی پیاوی خوا و خزمەتگوزاری خەڵک و پارێزگاری کەلەپووری نەتەوەییمان بوون، وە کە کوردستان گەلێ شێخی وای تێدا هەڵکەوتووە کە خزمەتی زانین و نیشتمانپەروەرییان کردووە، گیان و ماڵ و توانای خۆیان لە پێناوی کوردەواری وە لە ڕێگای نەتەوەی کوردا داناوە. هەرگیز ڕێی تێ ناچێ حاجی قادری بلیمەتی ڕاستی پەرست، (ئەحمەدی خانی) و (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و (کاک ئەحمەدی شێخ) و (شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی) و (شێخ عومەری بیارە) و بنەماڵەی شێخەکانی (بارزان) و (نەهری) لەگەڵ کەرتە شێخەکان وەک یەک دانێ، وە بە یەک چاو سەیریان بکا. ئەوانەی کە هەندێکیان مەشخەڵی دەستی کورد بوون لە خەباتیا، وە هەندێکیشیان چرای زانیارییان لە کوردستانا هەڵکردووە، وە بەڕاستی خواپەرست و خزمەتگوزاری ڕاستەقینەی موسوڵمانان بوون. سا گوێت لێ بێ چۆن باسی ئەحمەدی خانی ئەکا:

**لە جزیرە یەکێکە شێخ ئەحمەد**
**ساحیبی ناو و مورشیدی ئەرشەد**
**ئەوی (جامی) گوتوویەتی، ئەمەیە**
**لەو قسە و مەدحە مەقسەدی ئەمەیە:**
**«پیر مردی بدیدەام ز جزیر**
**نیک مردی بدیدەام ز حریر»**

**(ئەحمەدی خانی) ساحیبی (مەم و زین)**
**شـــاهبـــازی فـــەزایی عـــیللیین**(١٩)

یاخود چۆن باسی مەولانا خالید ئەکا:

**قـوتبی زەمـانە (خـالیـد) ئاوارە بوو وەکـوو من**
**بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خانومان و بێ نان**(٢٠)

یان ئەڵێ:

**مـەعدەنی عیلم و عـالیـمی عـامیل**
**قوتبی دەوران و مورشیدی کـامیل**
**هـەر لە ئەووەڵ جـەنابی مـەولانا**
**نەقـشـبـەندی ڕەواقی ئیللەڵڵا**(٢١)

یاخود چۆن باسی کاک ئەحمەدی شێخ ئەکا، هەرچەند بەدەمی یەکێکی ترەوە ئەیگێڕێتەوە، بەنیشانەی ئەوەدا کە کابرا ڕەخنەیەکی ناپەسەند لە کاک ئەحمەد ئەگرێ، ئەم زۆر لێی تووڕە ئەبێ وەک لە باسی (حاجی و زوبانی کوردی)یا تێپەڕی:

**کەس نەماوە بەغەیری کاک ئەحمەد**
**شەیخی مەعرووف و عالیمی ئەرشەد**
**چاکـە ئێـسـتـا دەکـا لە بۆ کـوردان**
**تەرجـەمـەی شـەرع و ئایەتی قـورئان**
**واقـیـعـەن خـزمـەتی لە بۆ خـوایە...**

تاد(٢٢)

(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠ – ٢٢١ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١ – ٢٢٢ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩ – ٢٤٠ (پەراوێزێکی نوێ).

یاخود چۆن باسی شێخ عەبدوڕڕەحمانی خاڵسی تاڵەبانی ئەکا:

**غەوسی سـانییو حاتـەمی مـەزهەب**
**عەبدوڕەحـمـانی خـاڵسی مـەشرەب**(٢٣)

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢ (پەراوێزێکی نوێ).

# حاجی و مەلاکان

لە سەردەمی حاجیدا باری خوێندەواری لە کوردستانا لەسەر شانی مەلا و فەقێکان بوو. ئەوان بوون تاقمی ڕووناکبیری ناو نەتەوەی کورد، بەڵام ئاخۆ خوێندنەکەیان خوێندنێ بوو لەگەڵ گیانی ئەودەمەدا بگونجێ؟ خوێندنێ بوو کە سوودێکی بۆ زۆربەی خەڵکی هەبێ و بارێکی سەرشانی ڕەشوڕووتی کوردەواری سووک بکا و تیماری دەردێکی کۆمەڵایەتییان بۆ بکا؟ بێ گومان نەء... مەلا و فەقێکان ساڵەهای ساڵ عومری عەزیزی خۆیان لە مەعنا لێدانەوەی قسەی پیرەژنە عارەبێک و مەتەڵی مەلایەکی خۆمان و فێربوونی نەحو و سەرف و هەندێ لە بەناو فەلسەفەی یۆنانییە کۆنەکانا و لە باسی چۆنیەتیی تارەت گرتن و دەسنوێژ شتن و ئاو بەدەمولووتا ڕادان ئەبردە سەر، بێ ئەوەی هیچ بەشدارییەکی ئیجابی بکەن لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکا. حاجی بەدڵێکی پڕ لە داخەوە لەم بابەتەوە ڕوو ئەکاتە مەلاکان و پێیان ئەڵێ:

**حەیفە بۆ مەردی ساحیبی تەمییز**
**هێندە باسی مەکانی پیسی و میز**(١)

وە هاواریان لێ ئەکا کە شێوەی خوێندنیان بگۆڕن و دەس لە شێوەی کۆن هەڵگرن چونکە وەختی بەسەر چووە و، ڕۆژی ئەمڕۆ شێوەیەکی تازەی خوێندنی ئەوێ:

---

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ١٨٩ (پەراوێزێکی نوێ).

**قـەید و تەزبیب و حـاشـیـە و ئیـعـراب**
**هەمـوو با بردی بوونە مـەوجی سـەراب**[٢]

یان ئەڵێ:

**ئێستە مەعلوومی بوو هەموو میللەت،**
**ئەی مەلای دەرس و موفتییی ئوممەت،**
**قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەکان**
**بوونە سـەددی مـەعـاریفی کـوردان**[٣]

ئەنجا دێتە سەر ئەوە کە مەلاکان چونکە هەموو عومری خۆیان لە باسی بێ کەڵک و بێ سوودا ئەبەنە سەر و هیچ پیشەیەک فێر نابن کە لە سایەیا بژین، وە لەبەر زرووفی سەختی ژیانیان وە بۆ ئەوەی گەوران و کاربەدەستان نانیان نەبڕن، وە لە سایەی ئەوانا پایەیەکی کۆمەڵایەتیی باشیان دەس کەوێ، لە عاستی ستەمکارییان بێ دەنگ ئەبن، بەڵکو ئەبن بەداردەسیان، وەک بڵێی بیەوێ مەسەلەکەی (مەلا ئیدریسی بیتلیسی) و (سوڵتان سولەیمانی قانوونی) و، (مەلای خەتێ) و (میری گەورەی ڕەواندز)مان بێنێتەوە یاد کە ئەویان ڕێگای بۆ سوڵتان خۆش کرد و حوکوومەتی بیتلیسی دایە دەستی و، ئەمیشیان میری گەورەی بۆ عوسمانییەکان هەڵخەڵەتاند و فتوای دەرکرد کە هەر کەس بەگژی سوپای خەلیفەدا بچێ کافر ئەبێ و تەلاقی ئەکەوێ و ژنی لێی حەرام ئەبێ[٤]:

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥ (پەراوێزێکی نوێ).
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) لە بارەی ئەم قسانەوە لەم دەقەدا نووسراون بگەڕێرەوە بۆ پەراوێزی ژمارە (١)ی باسی پێشوو (حاجی و شێخیەتی و شێخەکان). (پەراوێزێکی نوێ).

**عـولەمــامــان بە قــەولی بێ ســەروپا**
**پاکی خنکا لە بەحـــری وشکی هـەوا**
**سەنعەتێک فێر نەبوون لە پاش تەحسیل**
**ســەیری چۆن بۆ مـەناهی بوونە دەلیل**
**یەک بـەیەک بـوونە خـــائینی دەوڵەت**
**خــائینی مـوڵک و دوشــمنی مــیللەت**(٥)

حــاجی لێــرەدا زیاد لە ئەندازە تـوند بووە لـەگــەڵ مــەلاکــانا کــە ســەرجـەمـیــان بەتـاوانی خــەیانەتـی دەوڵەت و دوژمنـایەتیی مـیللەت گوناهـبار ئەکا. ئەم حـوکمـە ڕەمـەکـییە کـە ئەو داویەتی حـوکمـێکی نارەوایە، چونکە ئەو مەلایانەی کە ئاین پەروەریی ڕاستیان نابووە لاوە و وڵاتەکـەیان بەچەند قـران و لیرەی بێگانان ئەگۆڕییـەوە، نەک هـەمـوو بەڵکو زۆربەی مەلاکانیش نەبوون. مێژووی کوردسـتان لە هەر دەمـێکا باسی ڕیزێ مەلای وای تیایە کە لە عاسـتی دەربڕینی ڕاسـتیدا سامی کەسیـان لە دڵا نەبـووە، وە لەبەر هێـزی هیـچ سـتـەمکارێکا نەلەرزیون. بەبیـری من ئەگـەر حــاجی بیـوتایە زۆربەی مـەلاکـان ورتـەیان لە دەم دەرنایەت سـەبارەت بەچـۆنیـەتیی ژیانی خـەڵک، وە هیـچ جـۆرە هـەوڵێک نادەن بۆ باشکردنی، وە لە هـەمـان کاتا ڕەخنەشی بگرتایە لـەوانەی کە ئاین و نیشـتمانیـان ئەگۆڕنەوە بەسـوودێکی وەختیی خـۆیان و هێرشی ببردایەتە سەر تەنـها ئەوانە، قسـەکـەی زۆر ڕاست و بـێگەرد ئەبوو وە کەس گلەییی لێ نەئەکرد.

شــایانی وتنە ئـەمــە کــە حــاجی هەرچـەند وا تووڕەیە لە شــێــوە و ناوەڕۆکی خـوێندنـی مـەلایـەتی و پاشــەڕۆژی ژیانی مــەلاکـان، بەڵام لە

(٥) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٦ (پەراوێزێکی نوێ).

هەمـان کـاتا ئەوەی لـە یاد نەچووە کـە شـانازی بـەزانیـارییـان و ئەو دەورەیانەوە بکات کـە لـە بۆ پێـشـەوە بردنـی زانسـتی ئیـسـلامـیـیـا گـێڕایان. لـە باسـی (حـاجی و کەلەپووری زانیاریی کوردی)دا گـەلێ شـیـعری وامـان بەرچاو کەوت کە بەباڵای زاناکانی کوردا ئەخـوێنێ تیـایانا. هەروەهـا ئەوەشـمـان لە بـاسـی (حـاجی و شـێـخـیـەتی و شـێـخـەکـان)ا خـوێندەوە کـە داخی دڵی خـۆی لە وێرانـی و بێکەسـیی مەدرەسەکانی کوردستان دەرئەبڕی و ئەیوت:

**مەسجید و میحراب و مینبەر بێ کەسە**

**هەر مـەپرسـە حـاڵی چۆنە مـەدرەسـە**[٦]

لە سـەرەوە باسمـان کرد کە حاجی چەند دڵی پەشێو بووە لەبەر بێ سـوودیی مـەلاکانـی کوردسـتـان بۆ گەلەکـەیان، بەڵام با ئێـستا گیـانی پاکی شـادمـان بێ چونکە ئەو هێـزی گۆڕانەی کە ئەوی هێنایە ناو لە کاتێکا کـە کوردستان تررووسکەی ڕووناکیی تیا دیار نەبوو، هەر ئەوی نەهـێنایە دی و ئـیـتـر بەس، ڕیزە مـەلایەکی تـازەی بۆ نەتەوەی کـورد پەیدا کـرد کـە بەڕاسـتـی ڕوونکەرەوەی ڕێگای بن. مـەلای وا پەیدا بوو کە گـیـانی لـەسـەر کـورد و کـوردسـتـان دانا[٧]، مـەلای وەکـو جـەنابی (مـەلای کۆیە)ی هێنایە بەرهـەم. بەشـانازییـەوە ئەیڵێم ژمـارەیەکی زۆر لە مـەلاکـانـی ئێسـتـای کوردسـتـان لە ڕیزی پێشـەنگانی نەتەوەکەیانا

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢ (پەراوێزێکی نوێ).

(٧) مـەبەست قازی مـوحـەممەدی سـەرکۆمـاری دیموکـراتی کوردسـتـانە لە مـەهاباد کە لە کـاتی نووسینی ئەم کتێبەدا نەمتوانیوە ناوی بهێنم چونکە بەتەمای لە چاپدانـی کـتـێـبـەکـە بووم. کـە پاش شـۆڕشـی تەمـووز لە چاپم دا ئەمـتـوانـی ناوەکـەی بـەئاشکرا بهێـنم، بەڵام بەهەڵە بەسـەرمـا تێپـەڕیوە و نەمنووسـیـوە (پەراوێزێکی نوێ).

ئەرۆن و بەڕاستی ئەرکی مەلایەتییان گرتووەتە ئەستۆ، وە هەریەکە لە ڕاستکردنەوەی بارێکی ژیانی میللەتی کوردا بەشدارن.

## گەل و نیشتمان پەروەری و هەستی نەتەوایەتیی حاجی

حاجی هەستێکی نەتەوایەتیی پیرۆز و خۆشەویستییەکی بەسۆزی بووە بۆ نیشتمان و گەلەکەی. ئەو هەست و خۆشەویستییەینی بوون بە سەرچاوەی ئەم هەموو شیعرە بەرزانەی کە چ ئەو کاتە و چ ئێستاش بەچرایەکی ڕێگا ڕوونکەرەوەی نەتەوەی کورد دائەنرێن، وە هەر ئەو هەست و خۆشەویستییەی بووە وای لێ کردووە کە یەکیەتیی هەموو ڕوویەکی ژیانی میللەتی کوردی زۆر مەبەس بێ، وە بگاتە ڕادەیەکیش کە جاروبار مەعنای یەکیەتی بە هەڵە تێبگا، وە دروشمی وا هەڵگرێ کە لە توانادا نەبێ بهێنرێتە دی. ئەوەبوو بانگی تێگەیشتووان و خاوەن بیرانی کوردی ئەکرد کە یەکبگرن لەسەر ئەوە کە کارێک بکەن لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوای نیشتمانی گەورەیانا یەک شێوەی خوێندن و نووسین و قسەکردن و یەک چەشنە جلوبەرگ و عورف و عادەت بڵاو ببێتەوە تا هەموو نەتەوەی کورد لە هەموو شتێکا یەک ڕەنگ و یەک شێوە بن:

**وەکوو بیستوومە بۆ دەفعی مەسائیب**
**ئەمە تەدبیری کورت و فکری سائیب**
**لە دەشت و دێ و ویلایەت ببنە ئەحباب**
**وەکوو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب**
**لە بۆتان تا بەبان و سەرحەدی ڕەی**
**لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی**

**ببـــینە یەک لە تەعلیم و لە نووسین**
**جلـوبەرگ و زوبـان و ڕەسم و ئـایـین**[١]

بەڵام لە ڕاستیدا، بەپێچەوانەی ئەم داوا و پێشنیارەی حاجییەوە، ئەبێ نەتەوەی کوردیش، وەک هەموو نەتەوەکانی گێتی، هەموو جۆرە جلوبەرگێکی میللی و عورف و عادەتی بەرزی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ. خۆ یەکخستنی شێوەکانی دوین و ئاینەکانی نەتەوە ئەوە هەر لە تواناادا نییە دەسی بۆ ببرێ، بەڵکو ئەبێ بدرێتە دەسی گۆڕانی پلە پلەی گەردوون، ئیتر ئەو خۆی لە ئەنجاما چیی لێ ئەکا، ئەیکا. بەڵێ نزیککردنەوەی شێوەکانی زوبانی کوردی لەیەک، شتێکی پێویستە و لە تواناشایە، بۆ ئەوەی ئەگەر کوردێکی سۆرانی لەگەڵ برایەکی بادینانی بەیەک گەیشتن، وا نەبن وەک ئێستا کە وەک دوو کەسی بێگانە بەیەک بگەن، وایە... یاخود نووسراوێکی ئەوانی دەس کەوت دەسە پارچە نەبێ و بەدەسیەوە دانەمێنێ...

حاجی چونکە ئادەمیزادێکی ڕاست بووە، هەمیشە شانازیی بەوەوە کردووە کە نەتەوەکانی تر چۆن جوێکەرەوە نەتەوەییەکانی خۆیان ئەپارێزن، وە چ بۆ خۆیان و چ بۆ خەڵکی تر زیانیان نییە:

**ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک**
**خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک**
**یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ**
**بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ**[٢]

بەچاوی بەگەورە گرتنیشەوە سەیری نەتەوەی کورد و سروشتە

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٣ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩ (پەراوێزێکی نوێ).

بەرزەکانی کردووە، وە بە ئازایی و لاوچاکی و وریایی و تەگبیر دروستییدا هەڵداوە، وە بۆی باس کردووین کە مێژوو پڕە لە باسی قارەمانیی کورد و ڕابوردووی پیرۆزیان:

**خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد**
**لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد**
**هەموو عالیم، هەموو شێخ و میرن**
**زیرەک و ژیر و ئەهلی تەدبیرن**
**وەسەتی پانی پازدە ڕۆژ ڕێیە**
**پڕ لە ڕەشماڵ و خانەوو دێیە**
**بەدرێژی لە قاف کە ڕابووردن**
**تا بەشیراز و ئەسفەهان کوردن**
**شەهسەوارن، پیادەیان ئازان**
**بەردی نیشان و کۆلکی مەیدان**
**دان و بەخشینیان لە لا باوە**
**خوونی مەیدانیان لە کن ئاوە**
**بەشەجاعەت هەموو وەکوو ڕۆستەم**
**بەسەخاوەت هەموو وەکوو حاتەم**
**لە وەفا سموەئیل و ئیسماعیل**
**عەهد و پەیمانیان چیای قەندیل**
**گوردی شانامە پاکیان کوردە**
**کافی ئەم سافە، کافی ئەو وردە**
**لە شەڕا زۆر دەفعە قەوماوە**
**ڕومییانیان چلۆن جواب داوە**(٣)

---

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١ – ٢١٢ (پەراوێزێکی نوێ).

شانازی کردنی حاجی بە سروشتە بەرزەکانی گەلی کوردەوە، جاروبار گەیوەتە ڕادەی خەیاڵبازی و لە سنووری واقیع دەرچووە. گوێی لێ گرە کە ئەڵێ:

**لە گاوان و شوانی کوردەکان یەک**
**بەسە بۆ لەشکری سەد کەڕڕە دوولەک**
**فیدای جووتیارتان بێ حاتەمی تەی**
**بەقوربانی سەپانتان ئالی بەرمەک**
**مریشکی ئێوە سەییادی شەهێنە**
**لەکن عەنقا فڕووجە حاجی لەکلەک**
**شوانی مێگەلی ئێوە لە شەڕدا**
**وەکوو قەسسابە، دوشمن مێگەلی شەک**(٤)

بەڵام لە هەمان کاتا ئەوەی لە بیر نەچوەتەوە کە ئەوەشیان بخاتەوە یاد کە تا یەک نەگرن و خۆیان چەکپۆش نەکەن و شارەزای کاروباری دنیا نەبن، هەموو ئازایی و پیاوەتییەکیان بەفیڕۆ ئەڕوا و سوودێکی نابێ بۆیان و هەر ژێردەستەی ئەم و ئەو ئەبن:

**هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک**
**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان، بەپووشەک**
**لە گوێی گا نووستوون بۆیێکە ڕێوی**
**لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەک سەگ**
**سەلاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە**
**تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک**(٥)

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١ (پەراوێزێکی نوێ).
(٥) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).

هەر لە کوردپەروەریی حاجییە کە بەڕێزەوە ناوی حاکم و گەورەکانی ئەوسای کوردستان ئەبا و ئاخ هەڵئەکێشێ بۆ ئەو زەمانە کەوا هێشتا کوردستان قەوارەیەکی سیاسیی خۆی هەبوو، وە ڕۆم و عەجەم باڵی ڕەشیان نەکێشابوو بەسەریا، وە دێ هەندێ لە ئەنجامەکانی نەمانی ئەو قەوارە سیاسییەمان بۆ باس ئەکا و، ئەڵێ هەرکە گەورە و فەرمانڕەوامان لە خۆمان نەما و وڵاتەکەمان کەوتە ژێر چنگی داگیرکەرانی بێگانەوە، ئەوان لەبەر سوودی خۆیان ماوەیان بۆ شێخ و سەیدەکان بەرەڵڵا کرد تا لە ژێر پەردەی ئاینا دەس کەن بەڕووتاندنەوەی خەڵک و دەماری تێکۆشانیان تیا بمرێنن. ئێستا وا ئەبینین گەورە و پیاوماقووڵانی کوردستان تاقمێکیان لەملاوە بوون بەنۆکەری عوسمانییەکان، تاقمێکی تریشیان لە لایەکی کەوە بوون بە بەردەستی عەجەمەکان، وە لەبەر سوودی شەخسیی خۆیان بەربوونەتە کەلاکی یەکتری، وە لەم ناوەشدا هەر خەڵکی ڕەشوڕووت تیا ئەچێ و ڕۆڵەی ئەدرێ بەکوشت و ناموسی پێشێل ئەکرێ. خۆفرۆشتووەکانیش لەسەر حیسابی گەل فرۆشتن بوون بە نۆکەر، هەریەکەیان بارەگا و شکۆ و دامودەسگایەکی بۆ خۆی پێکەوەناوە و شێخەکانیش خەڵکی بۆیان بوون بە کەری باری و دەسیان ماچ ئەکەن و بە قوربان قوربان دێن بەدەوریانا:

**حاکم و میرەکانی کوردستان**
**هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان**
**یەک بەیەک حافیزی شەریعەت بوون**
**سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون**
**سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان**
**مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان**

**هەر کـە فـەوتان، ڕیای ئەوان دەرکـەوت**
**سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت**
**یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکـاتە عـەجـەم**
**دوو لـە ئـەولاوە دەبـنـە دوژمـنـی هـەم**
**دوو هـەزار ژن فـەسـاد کـرا لـەم لا**
**بـوونـە قـاتـیـل ئـەوانـی تـر لـەولا**
**یەک بەیەک بوونە نائیـبی هـەمـەوەند**
**سـاحـیـبی مـارتین و مـاری گـەزەند**
**مـیللەتیش هێند کـەرن وەکـوو جـاران**
**دەسـتـیـان مـاچ دەکـەن، دەڵـێن: قـوربان**(٦)

جا دەڵێ:

**گـەر لە سـەحـرا مـەلا نەمـردایە**
**گـورگـە شین با کـەری بخـواردایە**
**شـێـری دڕندە وەک لە بێـشـە نەمـا**
**گـورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقس و سەمـا**(٧)

حـاجی ئەیزانی کـە دەردی گـەورەی کـورد نەبوونی قـەوارەیەکی سیاسییە بۆی، نەبوونی حوکمڕان و فەرمانڕەوای لە خۆیەتی، دوودڵی و دووبەرەکـیی ناویانە کـە لەو باوەڕەدا بوو لە ئەنجـامـا جـێـیـان لە نیشـتـمـانەکەی خۆیانا پێ لێژ ئەکا. بۆیە وا بەسـۆز داخی دڵی خۆی دەرئەبڕێ و ئەڵێ نەتەوەی کورد لەبەر بێ کەسی وەک گۆشتی گای بۆ قوربانی سـەربڕاو دابەش کراوە بەسـەر ئـەم و ئەوا و نیشـتـمـانەکەی

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣ – ٢١٤ (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤ (پەراوێزێکی نوێ).

بووە بەموڵکی بێگانان:

**لە قـۆچ پاشـاوە تا ئێـسـتـا ئەمـیـرەک**
**لـە کــۆی پەیدا نەبوو یاخــود وەزێرەک**
**لەبەر بێ ئیـتـتـیـحـادی بوونە مـسکێن**
**لە ئاخـیـردا، وەکـوو زانیـومـە، هەڵدێن**
**لە مـابەینی (کـڵاوسـوور) و (کـڵاوڕەش)[٨]**
**پەرێشـان و دیارن مـیـسلـی گـای بەش[٩]**

حـاجی هەرچەند لەم شـیـعـرانەیا تەنـها لە خـەڵکی کـۆیە دوا، بەڵام نابێ وا بگەیەنێ کـە تەنـها مـەبەسی لەوانە. شـیـعـرەکـانی تری لەم بابەتەی گەواهی ئەوەن کە بەنیسـبەت هەموو نەتەوەی کوردەوە هەمان هەستی بووە.

هەر لە هەستی نیشتمانپەروەریەتیی حاجییە وا بەئازایانە پەردە لە ڕووی کاربەدەستە عوسمـانییەکان هەڵئەماڵێ و ڕاستییان بۆ گەل ڕوون ئەکاتەوە، ئەوانەی کە لە وڵاتی خۆیانا بۆ ئەوە نەئەشیان کەریان پێ ببەسترێتەوە، کەچی هێزی داگیرکەر کاروباری نەتەوەی کوردی ژێرکەوتووی پێ ئەسـپاردن و ئەیکردنە گیـانی کـوردی بەدبەخت، ئەوانیش هەرکە ئەگەیشتنە کوردستـان وەک شمڵـی شەڕ ئەکەوتنە گیانی جووتیار و کاسبکارانی کورد و ئەیانخستنە ژێر دار و فەلاقە و سوخرە و بێگاریان پێ ئەکردن و هەر ڕۆژە جۆرە خەرج و باجێکیان لێ ئەسەندن و هەر تاوە پەلپێکیان پێ ئەگرتن. لە لایەکی تریشـەوە بەناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە خەڵکی بەسەزمان و ساویلکەیان فریو

(٨) کڵاوسوور: ئێرانییەکان. کڵاوڕەش: ڕۆمییەکان.
(٩) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٥٤ (پەراوێزێکی نوێ).

ئەدا و گیانی بەربەرەکانێیان تیا ئەکوشتن و پێویستیی پاراستنی خەلافەتیان ئەکرد بەقەڵغان بۆ خۆپاراستن لە ڕاپەڕینی خەڵکی ستەمدیدە و لە تەقینەوەی کینەی دەروونیان. حاجی بەکوردەکانی ئەوت ئەمانە لە بچووکترین ژاندرمەیانەوە بیگرە تا گەورەترین گەورەکانیان هەموویان دز و جەردە و مەردم ئازار و پارە کۆکەرەوەن، فڕیان بەسەر ئیسلامەتی و خواپەرستییەوە نییە:

**ئەم سەگانەی کە لە لای ئێوە وەزیر و وکەلان**
**بێنە لای تۆ بەخودا نایکەیە گاوان و شوان**
**ئەمە کەرمیزە دەڵێن واریسی شەرعی نەبەوین**
**هەموو عەبدی سەنەمن، باسی مەکە گەورەکەیان**(١٠)

حاجی ئەوەندەی زوڵم و ستەمی ڕۆمییەکان دیوە لە کوردستانا و ئەوەندە تووشی ئازار هاتووە لەسەر دەسیان لە ئەستەمووڵ، گومانی تەواو خراپ بووە دەرهەق هەموو نەتەوەی تورک، وە هەندێ خوو و ڕەوشتی وای بەسروشتی ئەو نەتەوەیە داناوە کە گەلێکی زۆر سووک و ناشیرینە. گومانی تیا نییە هەر نەتەوەیەک یا هەر کەسێک لە ئەنجامی زرووفی هەزاران ساڵەی ژیانی ئابووری و جوغرافیایی و کۆمەڵایەتییەوە هەندێ خوو و ڕەوشتی تایبەتیی بۆ پەیدا بووە، بەڵام دیاریکردنی ئەو خووانەی هەر گەلێک یا هەر کەسێک بۆ هەموو کەس ئاسان نییە، نەخوازەڵا لەمەوپێش چونکە شتێکی وەها شارەزاییەکی باشی ئەوێ لە هەموو بارێکی ژیانی ئێستا و لەمەوپێشی ئەو گەلە یان ئەو کەسە. دیارە ئەمەش بۆ حاجی هەڵنەکەوتووە نەک بەنیسبەت نەتەوەی تورک بەڵکو بەنیسبەت نەتەوەکەی خۆی، بەڵکو شەخسی

---

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣ (پەراوێزێکی نوێ).

خـۆیشـیـەوە، بەڵام لـەگـەڵ ئـەوەشـا هـەندێ لەو خـووانە کـە ئـەو باسـی کردوون شتێکی ڕاست و ئاشکران، وەک ئەڵێ:

**حـاکـمی ڕێگری مـەعـمـوورەیە، قـازیی دزی ڕۆژ**
**وزەراوو وکـەلای گـورگـە، ڕەعـیـیـەت گـەلەیە**(١١)

یان ئەڵێ:

**ئەو گـەڕ و گـێـچـەڵی بۆ ڕەعـیـەتی خـۆی داناوە**
**زەجر و تەوبیخی مەکە چونکە خەتای گای بنەیە**(١٢)

حـاجی بێ هـەست نەبووە بـە ڕەنج خـوراویی نەتەوەی کورد. ئەیزانی کە چۆن بە شـەو و ڕۆژ خـەریکی ڕەنجدانە، بەڵام بەری ڕەنجـەکـەی بۆ خۆی نیـیـە، بۆ داگیـرکـەرانی بێگانـەیە کـە ئەو ڕۆژە عـەجـەم و تورکـە عوسـمـانییـەکـان بوون. گـوێت لـێ بـێ چۆن بـاسـی ئـەمـەت بۆ ئەکـا و لە چرچ و لۆچی شیعرەکانیشیا پلار ئەگرێتە ئەو داگیرکەرانە:

---

(١١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠ (پەراوێزێکی نوێ).

(١٢) بۆ وەرگرتنی ئەم بەیتە لەم چاپەدا، گەڕاومەتەوە سەر دیوانی حاجی، چاپی یەکەمی گیو موکریانی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥٣، ل ٧٧، چونکە ئەوەی لەو چاپەدا هـەیە زۆری جیایە لەوەی لە چاپەکـەی میـران و شـارەزادا هەیە کـە شـیـعـرەکـانی لەم چاپەدا لە ڕوو ڕاست ئەکـەمـەوە و، ئەگـەر پەراوێزەکەم بەرانبەر بەو بەیتەی چاپەکەی میران و شارەزا بووایە، بەبەڵگە هێنانەوەی بەیتەکە، بەو جۆرە کە لە تێکستی کتێبەکەدا نووسراوە، بەتەواوی لە جێی خۆیا نەئەبوو، هـەرچەند دڵنیام لەوە کەوا تێکستەکەی چاپی میران و شارەزا زۆر ڕاستتر و وردترە. شایانی وتنە ئەمە کەوا من کاتی خۆی کە ئەم بەیتـەم لە چاپی یەکـەمـی گـیـو وەرگـرتووە، لە نووسـینەوەی دوا وشـەی ئەم بەیتەی ئێرەدا هەڵەیەکم کردووە لێرەدا ڕاستم کردووەتەوە. هەڵەکەیش ئەوەیە لەجیاتیی (گای بنەیە) نووسیومە (سەرگەلەیە) کە دواییی بەیتێکی ترە لە پارچە شیعرەکەدا (پەراوێزێکی نوێ).

**حاسڵی ئێمە وەک دەکەم تەخمین**
**کرمی ئاوریشمین و مێش هەنگوین**
**نییە ئارام و ڕاحەتی و خەوتن**
**شەو و ڕۆژێ هەتا دروستی دەکەن**
**کەچی ڕۆمی کە ئێمە دەیناسین**
**وا دەزانێ کە ئێمە (نەسناس)ین**
**یانە ئێرانییەک کە مەعلوومە**
**دایکی موتعە، باوکی مەوهوومە**
**ئەمە دەیکاتە کاسە دەینۆشێ**
**ئەو کەوای لێ دەکات و دەیپۆشێ**(١٣)

ئاواتێکی پیرۆزی حاجی یەکێتیی کورد و کوردستان بووە. دڵی بۆ ئەو ڕۆژە لێی داوە کە بەچاوی خۆی کوردستانێکی یەکگرتووی یەکپارچە ببینێ کە میللەتی کورد لە چوارچێوەیا بحەسێتەوە و بەکامەرانی و بەختیاری بژیی، وە سەروبەری خۆی بۆ لەیەک بکرێتەوە و خۆی بناسێ و بزانێ پایەی لە ناو نەتەوەکانی تری گێتیدا چۆنە... ئەم هەستە پیرۆزەی خۆی لە چەند شیعرێکا داڕشتووە، وە لەو شیعرانەیا سنووری کوردستان و ژمارەی نەتەوەی کوردی دیاری کردووە بەو جۆرەی کە خۆی زانیویەتی. پێش ئەو مەگەر ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپا، ئەگینا کەسێکی تر ئەمەی نەکردووە، وە نەیتوانیوە ئەم نەخشەیە بکێشێ. دەسا با چاوێک بەم نەخشە و سەرژمێرییەی حاجیدا بگێڕین کە تیا ئەڵێ:

**کوردە! دەزانی لە کوێ ساکنە خزمانی تۆ**
**کۆ گرە بۆ تۆ بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ**

---

(١٣) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٢٧ (پەراوێزێکی نوێ).

**کێوی تەورووس و عومق حەوزەیی ئەسکەندەروون**
**غەربییە تا بەحری ڕەش سەرحەدی مەیدانی تۆ**
**بەحری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئاراسە بزان**
**حەددی شیماله ئەمە کە چووبێ جەولانی تۆ**
**ئەڵوەند و گۆلی ئورمییە تا سەری ئاوی ئاراس**
**سەرحەدی ڕۆژهەڵاتە جۆگەوو کێوانی تۆ**
**ئەهواز و کێوی حیمرین، ژەنگار و ڕێی نوسەیبین**
**بۆ جوونووبی ڕەوزەیی ڕیزوانی تۆ**
**داخڵی ئەم حدوودە دوازدە ویلایەت هەیە**
**دەڵێن دوازدە ملیۆنە نوفووسی کوردانی تۆ**
**حاجی! درۆیە ئەسڵەن نوفووسیان نەنووسرا**
**دەکاتە بیست ملیۆن بنووسرێ قەومانی تۆ**(١٤)

لام وابێ بەجۆشترین هەڵبەستێکی حاجی کە گیانی نەتەوایەتی و کوردپەروەریی دەرببڕێ و سۆزی دڵی خۆی بۆ ڕابووردو و ئێستای

(١٤) ئەم شیعرانەم هەر بەم جۆرە لە ئاخری (شەرەفنامەی بیتلیسی) وەرگرت، چاپی قاهیرە، بە لێکۆڵینەوەی خوالێخۆشبوو موحەممەد عەلی عەونییەوە.
(١٤ – دووبارە) شەرەفنامەی شەرەفخانی بیدلیسی، چاپی میسر (بێ دیاریکردنی ساڵ و چاپخانەی لە چاپدانی)، ل ٥٨٧، بەڵام ئەم پارچە شیعرە لە ڕاستیدا هیی حاجی قادری کۆیی نییە و هیی سەیید عەبدولخالقی ئەثیرییە و لە گۆڤاری (هاوار)ی دیمەشقیدا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانەرە: هاوار، کۆڤارا کوردی، هژمار ١٠، سال ١، روپل ٨، ١٣٥٤هـ، ١٩٣٢م، (مطبعە الترقی بدمشق). ئەم پارچە شیعرە لە شەرەفنامەکەدا لە ژێر ناوونیشانی (سرحدان کردستان)دا بڵاوکراوەتەوە. بۆ زانینی زیاتر لەم بارەوە بڕوانەرە: دیوانی ئەسیری، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی مستەفا عەسکەری، ل ١٤٨–١٥٣ (پەراوێزێکی نوێ).

کوردستان باس بکا، ئەم پارچە شیعرەیەتی کە بە شێوەی گفتوگۆی بەینی خۆی و کوردێک دایناوە کە لە ئەستەمووڵ دیویەتی:

**لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران**
**بەهەیئەت تێیگەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان**
**کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟**
**لە کام لا هاتووی؟ گریا. گوتی: بابان! گوتم: بابان؟**
**دڵم داوە، گوتم: باوکە، هەموومان بێ کەسین لێرە**
**چ قەوماوە؟ گەلێ حەیفە، مەگریێ هەروەکوو باران**
**گوتی: بۆ غوربەت و ڕووتی نییە ئەفغان و هاوارم**
**لە داغی حاکمی خۆمە، لە شان و شەوکەتی تورکان**
**گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵەتان ئەمما**
**جیهان نەیدیوە پەستیی وا میسالی حاڵی کوردستان**
**لە وەقتی خۆی هەموو شا بوون، سەراپا بێ غەم و شا بوون**
**لە جوودا حاتەمی تائی، لە شەڕدا ڕۆستەمی مەیدان**
**لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو**
**ئەمێستا مار و مێروو، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران**
**لە کوێ ما نەعرەتەی تەقلە و جلیت و ڕمب و ڕمبازی**
**لە کوێ ما دەنگی زوڕناوو دەهۆڵ و شاییو سەیران**[١٥]

ئەنجا جڵەوی عاتیفەی لە دەس بەر ئەبێ و بەعاسمانی خەیاڵا، لەسەر زوبانی حاجی، ئەداتە شەقەی باڵ:

**دەهاتە جونبوش و لەرزین لە ماهی بگرە تا ماهی**
**لە تەقەقەی ناڵ و شەقەقەی سم، لە ڕەقەقەی تۆڕز و قەڵخان**

(١٥) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٩١ (پەراوێزێکی نوێ).

**بەغــەیری وان لە شــیــربازی کــەســێکی تر نیــیــە هــەرگــیــز**
**لە سـەحرا چەندە وەحشی بوون لە ترسـان چوونە سـەر کێوان**(١٦)

دیسان کەمێک هێمن دەبێتەوە و لەسەر وتنی خۆی ئەڕوا:

**لـە ڕیزی زەبر و زەنگی وان کـــەســـێکی تر نـەبوو هـەرگـــیـــز**
**بە شـــیـــر و حـــیـــشـــمـــەتی وانـە دەمــێنێ دەوڵـەتی ئێـــران**
**ســـەرا و هـەیوانیـــان ئێـــســـتـــا کـــەلاوەی کـــوند و دالاشـــە**
**ئەگـــەر مـــەیدان و دیوانـە ســـەراپا بوویتـــە جـــێی ڕۆمـــان**(١٧)

جـا کـە ئـەو سکالای خـۆی تـەواو ئەکـا، حـاجـی دێ تروووسکەی ڕووناکی دێنێتەوە بەرچاوی و دڵخۆشیی ئەداتەوە و تێی ئەگەیەنێ کە لە خێزانی بەدرخانییەکانا گەورەیەکی کورد دۆستی کۆڵنەدەر هەیە و، پێی ئەڵێ:

**لە پاشی ئەو هەمـوو گریان و ناڵە و زارییـە پێم گـوت:**
**عەزیزم خەم مەخۆ هێندە، لە سایەی ڕەحمەتی ڕەحمان**

---

(١٦) دیوانی حاجی، چاپی گیو موکریانی، ل ٨٣.

(١٦ – دووبارە) ئـەم دوو بەیتـە و دوو بـەیتی پاشــەوەیشــیــانم، وەک بەیتــەکــەی پەراوێزی ژمارە (١٢)یان لـەسـەرە، هەروا هێشتـەوە کـە یەکـەمـجار لە چاپی یەکەمی گیو موکریانیم وەرگرتوون و لە کتێبەکەمدا نووسیومنەوە، لەبەر ئەو هۆیەی لە پەراوێزی ناوبراودا باسم کردووە. هەرچەند دڵنیایشم کە ئەوانەی لە چاپەکـەی میران و شـارەزادا چاپ کراون ڕاسـتـتر و دروسـتـترن و لەو تێکستانەوە نزیکترن کە حاجی بۆ خۆی گوتوونی و بەر هێرشی دەسکاری کـردنی ڕوونووسـکاران نەکـەوتوون. بۆ نموونە سـەرنجی دوا دێڕی ئەم دوو نیـوە بەیتـە و نیـو دێڕی یەکـەمی دوو بەیتی پاشـەوەی بدە و بەراوردیان بکە بەیەک، تێئەگەی شاعیرێ تۆزێ چەشنی شیعری هەبێ زۆر دوورە دوو نیوە دێڕی وا لە ڕیزی یەکدا دابنێ (پەراوێزێکی نوێ).

(١٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣ – ٨٤ (پەراوێزێکی نوێ).

**ئەمیرێک ماوە، پاشایە. گوتی: کێیە؟ گوتم: شێرە**
**گوتی: لێرە؟ گوتم: لێرە هەتا تاران و هیندستان**
**بەخۆی شێرە وەکوو ناوی، لە شەڕدا دوشمن ئەندازە**
**تەمایان هەر بەئەو ماوە جەمیعی خاکی کوردستان(١٨)**

بەڵام لە هەمان کاتا لە بیری ناچێ کە تێیگەیەنێ ئەو ڕۆژە کورد پێویستی بە چەک بووە و بە پشتبەستن بە ڕۆڵەکانی خۆی:

**هەرچی جێگای ئومێدمانە و ئەوەی دڵ خۆش ئەکا ئەمڕۆ**
**چەکە، چون لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی کوردان(١٩)**

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٩) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).
(١٩ – دووبارە) ئێستا کە خەریکی ئامادەکردنی ئەم چاپی نوێی ئەم کتێبەمم، لە خوێندنەوە و لێ وردبوونەوەی ئەم پارچە شیعرەی حاجییەوە ئەگەمە ئەو ئەنجامە کە حاجی لە ڕۆژانی پێش شۆڕشی عیززەددین شێر، واتە لە قۆناغی خۆ بۆ ئامادەکردن و چەک بۆ پەیداکردنی ئەو شۆڕشەدا وتوویەتی و، وایشی بۆ ئەچم عیززەددین شێر لە بارەی بەرپاکردنی ئەو شۆڕشەوە قسەی لەگەڵ حاجی کردووە، چونکە دیارە حاجی لەو سەردەمەدا لە ناو کوردانی کوردپەروەری ئەستەمۆڵدا ناسراو بووە و ئەوانیش لە بیر و بۆچوونەکانی ئاگادار بوون و دوور نییە جۆرە ڕێکخراوێکیشیان بووبێ چونکە خۆ ڕێکخستن و کۆمەڵە دانان لە ناو نیشتمانپەروەرانی گەلانی ژێر دەستی عوسمانیدا کە لە ئەستەموولّ کاریان کردووە کارێکی باو بووە و، ئەبێ ئیتر حاجی گەیشتبێتە ئەو متمانە کە ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ڕێگای شۆڕش و پەنابردنە بەر چەکە. هەروا دووریش نییە لام حاجی ئەم دەمەتەقێیەی لەگەڵ ئەو کابرا کوردەی خەڵکی ناوچەی بابانەدا بەنیازی ئەوە دروست کردبێ لەو ڕێگایەوە بڵێ میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بیگرە تا ئەگاتە ئەستەموولّ شۆڕ و جۆششی نیشتمانپەروەریی تێدا پەیدا بووە و بۆیە ئەم قسە و باسە پڕ لە گیانی کوردایەتییانە بەزوبانی ئەو کابراوە=

حاجی لە پارچە هەڵبەستێکی تریا دێت ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە گوایە کەشتییەکەی نووح پێغەمبەر لەسەر کێوەکەی (جوودی) لەنگەری دادا، وە دانیشتووانی کەشتییەکە پاش نیشتنەوەی تۆفانەکە بەکوردستانا بڵاوبوونەوە. بەم پێیە ئادەمیزادی یەکەم لە کوردستانا بووە. ئەنجا دێ باسی ئەوە ئەکا کە کوردەکانی پێشوو یەک خوو و ڕەوشت و جلوبەرگ و ڕەنگ و ڕوویان هەبوو، بەڵام هاتنی ئاین و مەزهەبی جوێ جوێ و پەیدابوونی هۆزەکان لەیەکی کردن. جا شانازی ئەکا بەو کوردانەوە کە نیشتمانی باوک و باپیری خۆیان بەجێنەهێشتووە و، دێتە سەر ئەوە کە زوبانی کوردی زوبانێکی تازە نییە. هەزاران ساڵە نەتەوەی کورد پێی ئەدوێ و، گلەییش لەوە ئەکا کە چۆن میللەتی کوردی قارەمان کەوتووەتە ژێر حوکمی ڕۆم و عەجەمەوە و ئەوان حوکمی ئەکەن:

**ئەو ڕۆژە بەئەمری حەییی مەننان**
**ئەم عالەمە پاکی بوو بە تۆفان**
**دەییارێ نەما لە جینسی زی ڕووح**
**غەیری ئەمی هاتە کەشتییی نووح**
**ئەو ڕۆژە گەیشتە وەقتی مەعهوود**
**وەستاوە لەسەر چیایەکەی جوود**

---

= ئەکا و، مەبەستیشی بووبێ لە ڕێگای ئەم پارچە شیعرە و ئەو دەمەتەقێوە عیززەددین شێر وەک سەرکردەی شۆڕشێکی چاوەڕوان کراو بەجەماوەری کورد بناسێنێ و، بۆ ئەم مەبەستە، وەک نوماینەدەی ڕاگەیێنی، پرۆپاگەندە بۆ عیززەددین شێر بکا و داوا لە هەموو توێژاڵەکانی گەلی کورد بکا کە چەک خرکەنەوە و خۆیان بۆ ئەو شۆڕشە چاوەڕوان کراوە ئامادە بکەن (پەراوێزێکی نوێ).

**هەرسێ کوڕی کوردیانە مەسکەن**
**ئەو جێوو مەکانە میسلی گولشەن**
**ئێستاکە جەزیرە بێ موحابا**
**مەعموورەیی ئەووەڵە لە دونیا**
**ئەولادی سەحیحیان بە بورهان**
**کوردن لە مەکانی جەددی خۆیان**
**سوککانی بیلادی ڕوبعی مەسکوون**
**بیلجوملە لەمانە مونشەعیب بوون**
**بێ تەفرەقە بوون، موتیع و هەم دەنگ**
**هەم مەشرەب و هەم لیباس و هەم ڕەنگ**
**ئایین و مەزاهیب و ڕەسائیل**
**وا کوردییە فیرقەوو قەبائیل**
**وەک خەڵقی نەچوونە موڵکی ئەدنا**
**جێی باوکی خۆیان کردە مەئوا**
**ئارێ، بەحەدیس و نەسسی قورئان**
**حوببی وەتەنە دەلیلی ئیمان**
**حادیس نییە، ئەسڵە گفتوگۆیان**
**مەورووسە لە دەوری جەددی خۆیان**
**ئێستاکە کەوا جەماعەتی وان**
**ئەسڵن بەنەسەب، کەریم و شوجعان**
**مونقادی عەجەم، موتیعی ڕۆمن**
**مەحکوومی خەڕات و حێز و دۆمن**[٢٠]

حاجی لێرەدا کینەی دڵی خۆی لە داگیرکەرانی کوردستان بەوە

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥ – ١٩٦ (پەراوێزێکی نوێ).

دەرئەبڕێ کە پێیان بڵێ حیز و خەڕات و دۆمن، ئەگینا وەنەبێ ئەوەی نەزانیبێ کە داگیرکەرانی کوردستان سوڵتان و شاهە ستەمکارەکانی عوسمانی و عەجەم بوون نەک خەڕات و دۆمی کاسبی بێ دەسەڵات و چەوساوەی تورک و فارس.

ئەنجا حاجی ئەکەوێتە خەیاڵی شاعیرانە و تەفسیرێکی چەوت دێنێتەوە بۆ ژێر کەوتنی کورد و، ئەڵێ:

**ڕەسمێکی قەدیمە: دەوری گەردوون**
**خەسمی نوجەبایە، هەمدەمی دوون**(٢١)

ئەڵێم چەوت، چونکە مەسەلە مەسەلەی نەجیب و نانەجیب نییە. گەردوون وەک بەمەرامی دڵی کورد نەبووە، وەنەبێ بەمەرامی دڵی فارس و تورکیش بووبێ. میللەتی فارس و تورک خۆیشیان هەروا گیرۆدەی دەسی زاڵم بوون. گەورە و کاربەدەستەکانی کورد خۆیان – وەک حاجی خۆی چەند جار باسی ئەکا – قامچیی دەسی ئەو داگیرکەرانە بوون بۆ گیانی جووتیار و ڕەشوڕووتی کورد. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیەی حاجی ئەبێ ئەو نەتەوانەی کە بەخەباتی سەختیان مافی خۆیان دەسگیر بووە و گەردوون ئێستا بەپێی مەرامی ئەوان ئەگەڕێ، بەنانەجیبیان دانێین. ئەی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان نەتەوەی کوردیش حەقی خۆی دەسگیر بوو، وە بێ گومان ئەمە ئەبێ، ئاخۆ هەر ئەتوانین بڵێین گەردوون دوژمنی نەجیب و دۆستی نامەردانە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەگەر وا بڵێین ئەبێ نەتەوەی کورد، خوا نەکردە، بە نەتەوەیەکی نانەجیب دانێین، هەرچەند لە دنیادا نەتەوەی نەجیب و نانەجیب نییە، وە هەموو نەتەوەیەک چونیەکە.

***

(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦ (پەراوێزێکی نوێ).

جـێگەی خـۆیەتـی لە ئاخـری ئەم باسـەوە قـسـەیەکـیش لەو هـەڵە گەورەیە بکەین کە حاجی تێی کەوتووە، کاتێک کە لە ڕووی تێکۆشانی خـەڵکی ئەرمـەنسـتـانا ڕاست ئەبێـتـەوە و بەهـەمـوو هێـزێکی بانگی نەتەوەی کـورد ئەکـا بۆ بەرهـەڵسـتـیی دانی مـافی سـەربـەخۆییی ئەو نەتەوەیە، وە وا تێ ئەگـا ئەگـەر ئەرمـەنسـتـانی سـەربەخـۆ دامـەزرێ نەتەوەی کورد ئـەفـەوتێ و هـەمـوو مـافێکی ئاینی و نەتەوەییی پێشێل ئەکرێ، لە کاتێکا کە بەپێچەوانەی تێگەیشتنەکەی ئەوەوە سـوودێکی زۆری بۆ پاشەڕۆژی کوردستان و دیاریکردنی چارەنووسی کورد ئەبوو.

جارێ با کەمێ لە زرووفی ئەو ڕۆژەی مەسەلەی ئەرمەنی بدوێین:

لە زەمانی عوسمانییەکانا نیشتمانی نـەتەوەییی ئەرمەن دوو پارچە بوو، پارچەیەکی لە ژێر دەسـتـی عـوسـمـانیـیـەکـانا بـوو، ئەو پارچەکـەشـیـان لەژێر دەسـتـی ڕووسـیـای قـەیسـەریدا. پارچەی ژێر دەسـتـی عـوسـمـانیـیـەکـان لـە پیـسـتـرین شـێـوەی ژیانـا ئـەژیا، وە نارەحـەتترین چەشنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ئاینیی بەسـەرەوە بـوو. پـارچـەکـەی تـریشـی هـەرچـەنـد هـەروا ژێـردەسـت بـوو، بـەڵام حـوکـوومـەتێکی ڕووکـەشـی هـەبوو کـە داردەسـتـی ڕووسیـای قـەیسـەری بوو بۆ ڕاکێشـانی دڵی ئـەرمـەنییەکانی عـوسـمـانی(٢٢). حـوکـوومـەتـی عوسمـانییش لە زەمانی حـاجیدا لە دوارۆژەکانی ژیانیا بوو، وە هێزی لەبەر بڕابوو. چ دەوڵـەتە ئیـسـتـیـعـمـارییـەکـانی ڕۆژاوا و چ ڕووسـیـای

(٢٢) زیاد لەوەیش کـە مـەسـیـحـیـیـەتی هەردوولا، چ ڕووسـیـا و چ ئەرمـەنسـتـان، تیـژیی کێـشـەی نەتەوەییی ئەرمـەنـی لای خـەڵکی پاشکەوتووی ئەرمـەنسـتـان بەرانبـەر بە ڕووسیـا لەچـاو عـوسـمـانیـدا، تا ڕادەیەکی زۆر، خـاو ئەکردەوە. (پەراوێزێکی نوێ).

قەیسەری هەریەکە لە لایەکەوە قەپاڵیان گیر کردبوو لە لەشی (پیاوی نەخۆش) – وەک ئەو ڕۆژە بەحوکوومەتی عوسمانییان ئەوت – وە ئەیانویست ڕۆژێ زووتر لە پێی بخەن و کەلەپوورەکەی دابەش بکەن لە بەینی خۆیانا. بەم پێیە زۆرانبازییەکی سەخت لە بەینی ئەم ولاّتە تەماعکارانەدا پەیدا بووبوو، بۆ ئەوەی هەر کامیان بەشێکی زۆرتری لە کەلەپووری عوسمانییەکان دەس کەوێ و باشتر بەرهەڵستی سەرکەوتنی ئەویان بکا. لەسەر ئەم بنچینەیە هەردوو لای ئەم دوو ئۆردووگایە هەوڵی ئەوەیان بوو چاکتر جێی خۆیان لە دڵی نەتەوەی ئەرمەندا بکەنەوە کە لە خەباتێکی سەختی خوێنینا بوو بۆ دەسخستنەوەی سەربەخۆیی ولاّتەکەی، وە لە هەموو ئازادیخواهانی گێتییەوە پشتیوانییەکی گەرمی لێ ئەکرا(٢٣)، هەتا کار گەیشتە ڕادەیەک مەسەلەکەیان کەوتە ناو بەینی دەوڵەتان و ئەوەندەی نەمابوو مافی خۆیان وەرگرن. ئا لەم کاتەدا حاجی بێ ئەوەی لە ناوکورۆکی ئەم خەباتەی نەتەوەی ئەرمەن بگات، وە لەبەر شوێنی عاتیفەی ڕووت کەوتن، دێتە دەنگ بەرانبەر بەئازادیی ئەرمەن و سەربەخۆیی ئەرمەنستان، وە بانگ ئەکا بۆ پووچکردنەوەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لەم بارەوە ئەدرا، وە بەبێ ئەوە بەخۆی بزانێ ئەبێ بە پارێزەری مەسڵەحەتی داگیرکەرە تورکەکان، وە ڕێگای ئیشکردن بۆ کورد دائەنێ تا ببن بەکۆسپ لە ڕێی مافە ڕاستەکانی ئەرمەنا و ئاخ هەڵئەکێشێ بۆ ئەوە کە چۆن گەورە گەورانی کورد نەماون تا ڕاپەڕن

(٢٣) وەک وتارەکانی تێکۆشەری بەناوبانگی چینی کرێکاری فەرەنسە (جان جۆریس) – سەرۆکی ئەو بەشە سۆشیالیستە فەرەنسەییانە کە پاشان پارتیی کۆمۆنیستی فەرەنسەیان دامەزراند – لە پەرلەمانی فەرەنسە و، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ئۆمانێتێ)دا.

بۆ بەرهەڵستیی مەسەلەی ئەرمەن:

**خــــاکی جـــزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتـی کـــوردان**
**سـەد حـەیف و سەد مـخابن دەیکەن بەئەرمەنستـان**
**وا ڕێگەتان دەبەسـرێ عـێـلاتی جـاف و بڵــبلس**
**گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستـان**
**کـامی کچ و هـەتیـوی شــیــرین بێ ڕایدەکـێـشن**
**هاوار دەبەنە بـەر کێ؟ پەشـــمـــە دەخـــیل و ئامـــان**
**مـەسـجـیـد دەبێـتـە دێرە، ناقـووسـیـان مـوئەززین**
**مـەتران دەبێـتـە قـازی، مـوفـتی دەبێـتـە ڕەهـبـان**
**هیچ غیـرەتێک نەماوە سەد جار قەسـەم بەقورئان**
**پەیدا بێ ئەرمــەنســتــان نامــێنێ یەک لە کـوردان**
**ســـەرتـان لە قـــوڕ هەڵێنن، ئەحـــواڵمـــان ببـــینن**
**چۆنـین لە دەسـتـی زوڵمی بـێ دینی دوور لە ئـیـمـان**
**وەڵڵاهـی ســــــوممە بیـللا، تـەڵـڵاهـی ئەم بـەڵایە**
**هەر هـێندی پێ دەزانن ئیـــقلیـــمی کـردە تۆفـــان**
**تۆفـانی ئاو نیـیـە هـیچ دەرچێ لە کـێـوی جـوودی**
**بەحـری تفـەنگ و تۆپە، ئینسـانە بەحـری عـوممان**
**ئەم قـــســـەیەی کــە کـردم نـاگـاتە چەند سـاڵی تر**
**ئەم حـــاڵەتە دەبینن یەک یەک بەچاوی خــــۆتـان**
**حـاڵ ئێستـێکە وەهـایە مـەگـەر خـودا بەسـووکی**
**تێکیـان بدا وە ئیللا دوورە لـە عــەقــڵی ئینســان**

**هـەرچی وەکــوو بـەیانم بـۆ کــردوون بـەتەحــقــیق**
**پەیدا دەبن سێ گـانە، کـام قـوڕ بکەین بەسـەرمـان**
**لەم بـەینە ئیـتـتـیـفـاقێ پەیدا بکەن بەمـەردی**
**فـەرقی نەبێ شـوان و جـووتیـار و مـیـر و گـاوان**
**گــەر هیچ نەبــێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن**
**بێگانە چاکـە دوشـمن نەک دوشـمنی لە خـۆتان**
**ڕۆمی وەکوو بەنی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ**
**کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران**
**کــوا والیــیی ســەنەندوج، بەگــزادەیی ڕەواندوز**
**کـوا حـاکـمـانی بابان، مـیـری جـزیر و بۆتان(٢٤)**

تا ئەڵێ:

**کوا ئـەو دەمـەی کە کـوردان ئازاد و سـەربەخـۆ بوون**
**سوڵتانی مـوڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان**
**جۆشێک بدەن وەکوو هـەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ**
**ئەسـبـابی شـەڕ پەیدا کـەن: تۆپ و تفـەنگ و هـاوان**
**پاڕانەوە و تەوەککول لەم عــەســرە پارە ناکــا**
**تیـرە دوعـایی جـەوشـەن، پەیکانە حـیـرزی مـەیدان**
**بۆچی بەشـیـری ئێـمـە یەعنی ڕەسـوولی ئـەکـرەم**
**هیچ ئـەدعـیـیـەی نەزانـی ڕۆژێ کـە دەچووە مـەیدان(٢٥)**

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥ – ٨٦ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦ – ٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢٥– دووبارە) لە بارەی بابەتی ئەم پارچە شیعرەی حاجی و ئەو ڕەخنەوە کە من=

بەڵام داخی گرانم کە حاجی ئەم شێوەی جوانی ئیشکردنەی کە لەم شیعرانەیا دایئەنێ، بۆ ئامانجێکی چەوتی پێشنیار ئەکا، وە پەی بەوە نابا کە کورد و ئەرمەن هەردووکیان گیرۆدەی دەستی یەک داگیرکەر بوون، وە بانگ ناکا بۆ یەکگرتنی هەردوو لایان لە خەباتێکی پێکەوەدا بۆ رزگاربوونی هەردوو لا، وە ناچێ بەگژی کردەوەی ناپەسەندی عوسمانییەکانا کە هەموو جارێ هەستی ئاینیی کوردەکانیان ئەبزواندەوە و ئەیانکردن بەگژی ئەرمەنا[٢٦] و خوێنێکی زۆری هەردوو لایان بەرشتن ئەدا، وە هەر سەرۆکێکی کورد کە هەوڵی بدایە بۆ برایەتیی کورد و ئەرمەن بێ سەرنوگوم کردن دەسیان لێ هەڵنەئەگرت. نەتەوەی کوردیش لەبەر پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی لەم پیلانەی عوسمانییەکان تێنەئەگەیی تا پێی هەڵنەخەڵەتێ.

ئەرمەنییەکان لەم بارەوە گەلێک لە ئێمە لە پێشتر بوون. ئەوەبوو

= لەم کتێبەدا لێم گرتووە و نووسینی چەند کەسی تر دوا بەدوای رەخنەکەی من، بڕوانەرە: کۆپلەی یەکەمی ئەو باسەم کە بەناوونیشانی (چەند بابەتێکی باش لێ نەکۆڵراوە لە ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی گەلی کورد حاجی قادری کۆییدا)، لەگەڵ ئەم کتێبە لە چاپدراوە (پەراوێزێکی نوێ).

(٢٦) ئەفسەرە عەرەبەکانی سوپای عوسمانی لە ساڵی ١٩١٢ نامەیەکیان لە (بۆلایر) کەوتە دەست کە یەکێ لە سەرۆکەکانی پارتیی یەکگرتن و پێشکەوتنی تورک (حزب الاتحاد والترقی) بۆ ئەفسەرێکی گەورەی لە خۆیانی نووسیبوو. لەو نامەدا نووسرابوو: «عەرەبەکان بدەن بەدەم گوللەی دوژمنەوە و، هەوڵ بدەن خۆتانیان لێ رزگار بکەن، چونکە کوشتنیان سوودمان پێ ئەگەیەنێ. بەڵام کوردەکان بیانهێڵنەوە چونکە پێویستمان ئەبن لە وڵاتی ئەرمەنا». ئەم نامەیە وەختی خۆی لە زۆربەی رۆژنامە عەرەبییەکانا بڵاوکرایەوە (کتێبی «مؤتمر الشهداء»، چاپی بێرووت، ل ٤٥).

سەرۆکی پارتیی (تاشناکسیۆن[٢٧])ی ئەرمەنی کە ناوی (ڕوسدۆم) بوو لە هاوینی ١٨٩٥ - ١٨٩٦دا لە (جنێڤ) چاوی بە(عەبدوڕڕەحمان بەدرخان) کەوت بۆئەوەی هەوڵی هەردوو لا یەکخەن، وە هەتاوەکو بەدرخانیش بەیاننامەیەکی بەزوبانی کوردی وە بە پیتی عەرەبی لەم بابەتەوە بۆ نەتەوەی کورد بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەی (ترۆشاک)ی ئەرمەنیدا[٢٨].

(٢٧) ئەو کاتە پارتیی (تاشناکسیۆن) هێشتا نەبووبوو بەپارتییەکی نۆکەری ئیمپریالیزم. [ئێستا لەم حوکمەم لەبارەی پارتیی (تاشتاکسیۆن)ەوە دڵنیا نیم کە کاتی خۆی لەژێر تەئسیری هەستی سیاسیدا داومە و، نازانم ئاخۆ بەڕاستی حیزبی تاشناکسیۆن بووبوو بە نۆکەری ئیمپریالیزم یان هەر، وەک حیزبێکی دەستەڕاست، هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانا ئەکرد کە لە دژی دەسەڵاتی نوێی سۆڤیەت لە ڕووسیادا هاتبوونە مەیدانەوە (پەراوێزێکی نوێ)].

(٢٨) بۆ نووسینی ئەم بەشەی دواییی ئەم باسە سوود لە کتێبی (تأریخ الامة الارمنية) وەرگیراوە. نووسینی (دوکتۆر أ. استارچیان)، چاپی مووسڵ، ١٩٥١.

## حاجی قادری ڕێگا پیشاندەر و بەرچاو ڕوون

حـاجی، وەک پزیشکێکی وریا، زۆر باش دەردی کـوردی پـێ دیاری کـرابوو، وە ئەیزانی لەمـــەوپێش دەرمـــانێکی چـەند بێکەڵکیـــان بۆ دۆزیوەتەوە کە هیچ چارێکی ناکا. جا دێت بێسـوودیی ئەو دەرمـانانە باس ئـەکـا و، پاشـــان دەسـی مـیللەتی کــورد ڕائەکــێـشـێ و چارەی ڕاسـتـەقینەی دەردەکانی پیشـان ئەدات. ئەوە بوو خەڵکی لـە سـەردەمی حاجیدا، لە بریتیی خۆ چەکدارکردن بۆ بەرهـەڵستی کردنی بێگانە، وە لەباتیی هـەوڵ و تەقـەلادان و فێربوونـی سنعات بۆ بەرزکـردنەوەی پلەی ژیانیان، هـەمـوو هیممـەتێکی خۆیان دابـووە سـەر ویرد و ئەوراد و دوعا خـوێندن، تا دوژمن زاڵ بوو بەسـەریـانا، ڕۆژ بەڕۆژیش وەزعی ژیانیـان خـراپـتـر ئەبـوو. حـاجی کــە دێت لەم بـابەتەوە خــەڵک وریا ئەکــاتەوە، ئەوەیان ئەخـاتەوە یاد کە پێغـەمـبـەر – دروودی خـوای لێ بێ – لە ژێر سایەی شیر و تیرا توانیی ئاینی خۆی بچەسپێنێ و خۆی و یارانی لە دەسدرێژیی دەسدرێژیکەران بپارێزێ، نەک بە دوعا خوێندن:

**قـەسری دین، بنج و بناغـەی مـەحکەمی**
**شــیـــر و تیــرە دیرەک و تاق و خـــەمی**
**مـوسـبـەتە فـەرمـووی حـەبیـبی کیـبریا**
**من نـەبیـی شــیـــرم لە مـــەیدانی وەغــا**(۱)

---

(۱) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ۲۰۳ (پەراوێزێکی نوێ).

وە ئەڵێ:

**فـــائیـــدەی گــەر بدایە زیکر و دوعـــا**
**دەبوە قـــاروون گـــەدایی ســـــەر ڕێگا**(٢)

وە بەتوندی ئەچێ بەگـژی ئەوانـەدا کـە لایان وایە بەخــەیاڵی بۆش هەمــوو کــارێ مــەیســـەر ئەبێ و هــەمــوو ئیــشــێ ئەچێــتــە ســـەر و، بەرپەرچیان ئەداتەوە ئەڵێ نەخـەیر دنیا لەسەر ئیش وەستـاوە و خـەیاڵ پڵاو سوودێکی نییە:

**بە قـــســـــەی ســـادە برسی تێــر نـابێ**
**عـــەمـــەلە عـــیـــززی دین و دنیـــا بێ**
**ئاسنـی ســـــارد بە فـــــوو نـەرم نـابێ**
**بە تڕانیش حـــــەمـــــام گـــــەرم نـابێ**(٣)

حاجی دەردی کوردی بە نەزانی و یەکنەگرتن دیاری ئەکرد و ئەیوت:

**کـــوردی ئێـــمـــە نـەزان و پاشکەوتـن**
**پـێکـەوە پـووش و ئـاگـــــــــر و نـەوتـن**(٤)

وە لای وابووە هەرچەند کـورد نەتەوەیەکی ئازا و بەرچـاو گوشـادە و بەژمـارەش زۆرە، بـەڵام ئەمـە هـەمـوو ئەبێ بەهیچ مـادەم کە هەمیـشـە لەناو خۆیانا شەڕ و ئاژاوەیانە و ئاگادارییەکیان لە وەزعی گێتی نییە.

**چوار ملیـــۆنە کـــوردســـتـــان نفـــووسی**
**بە قـیسـسـەی ئەهلی تەخـمـینی کـە نووسی**
**هەمـوویان شـێری بێـشـەن، حـاتەمی جـوود**
**لە شەڕدا کێوی (جـوودی) و بەحری مەمدوود**

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

**وەلێکین فائیدەی چی هەرجومەرجن**
**لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بەمەرجن**
**لە گوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن**
**وەکوو کەروێشکی چاو ڕاماو و کوێرن**(٥)

وە لەمەوە ئەگاتە ئەوە کە یەکگرتنی گەل تاقە چارێکی ڕزگار بوونیەتی، وە تا دوو دڵ و دوو قسە بن لە ناو خۆیانا هەر بەدواکەوتوویی ئەمێننەوە. نابینی وڵاتانی تر چۆن بەهۆی یەکێتییەوە ڕازاونەتەوە و بوون بە بەهەشتێکی سەر عەرز:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**
**هەروا دەبنە خەرابە ئاباد**
**ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک**
**خەمڵیوە مەمالیکی وەکوو بووک**(٦)

وە کە یەکیەتی سوپەریەتی بۆ وەستان لەبەر ڕووداوی ڕۆژگارا:

**ئیتتیحادی بە ئیتتیفاقی ئەنام**
**سوپەرە بۆ حەوادیسی ئەییام**(٧)

حاجی مێژووی ساڵەهای گەلانی ئەکرد بەشاهید لەسەر ئەوە کەوا هەر گەلێ خوێندەوار و ڕێ پیشاندەر و هێزی تەواوی نەبێ، مافی خۆی دەسگیر نابێ، وە ئەیوت کەواتە ئێمەش پێویستمان بەتاقمێکی ڕۆشنبیر هەیە کە ڕێگای ڕاستمان پیشان بدەن، وە هێز و چەکیشمان ئەوێ تا لە ژێر سێبەریانا وە لەسەر ڕووناکیی

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠ –٢٣١ (پەراوێزێکی نوێ).
(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩ (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

زانینەکەمان داوای حەقی خۆمان بکەین و دەستی بخەین. ئەنجا ئەیوت وا من بە پێویستی سەر شانی خوێندەوار و ڕێگا پیشاندەر هەڵسام، وە لەمە زیاترم لە دەسەلاتا نەبوو، بەلام تا ئەو سەرەکەشی نەبێت مەحاڵە بەئامانج بگەین:

**وەکوو بیستوومە ئەی یاری نیکۆپەی**
**لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی**
**بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**
**ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە**
**نە بەیداغی هەیە، نە تەپڵ و کووسی**
**ئەمەندەی پێ کرا، بێچارە، نووسیی**
**وەزیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی**
**بە شیر و دەوڵەتە میللەت نیزامی**
**ئەوا خۆی کردە مەهدی (حاجی قادر)**
**نە نادر شای هەیە و نە شاهی نادر**[٨]

حاجی کە چاوی بەئەوروپای بچکۆلەی کەم ژمارەدا ئەگێڕا کە تەنها دەوڵەتەکانی بەشی ڕۆژاوای دەسیان کێشابوو بەسەر هەموو ئاسیا و ئەفەریقا و ئوستراليادا کە ژمارەی دانیشتووانیان دەیان قاتی ئەوان ئەبێ، بەتەواوی دڵنیا ئەبوو وە بۆی ڕوون ئەبووەوە کە گەل با ژمارەشی زۆر بێ، بەلام ئەگەر لە ژێر یاسای کۆنا ئەژیا و پیشەسازی لە ولاتەکەیا نەبوو، دەرەقەتی بچووکترین دەوڵەتێکی سەنعاتکار نایەت و ئەکەوێتە ژێر دەستی ئەوەوە و سەروەت و سامانی ئەکەوێتە ژێر چنگی ئەو داگیرکەرەوەوە.

---

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤ – ٢٥٥ (پەراوێزێکی نوێ).

لەمەوە حاجی سەنعاتی بەبنچینەیەکی ئەستووری پێشکەوتنی وڵات و سەربەخۆیی ئەزانی. بێ گومان زۆر باشیشی بۆ چووبوو، وە بۆ میسال چین و ژاپۆنی ئەهێنایەوە، ئەو چینەی کە ژمارەی دانیشتووانی چەند قات لە دانیشتووانی ژاپۆن زیاترە، وە پێوانەی خاکی پەنجا قاتی پێوانەی خاکی ئەو ئەبێ، وە هەردووکیان وڵاتێکی ئاسیایی و دراوسێی یەکن، بەڵام چونکە پێشینیان لە ژێر یاسایەکی دەرەبەگیی کۆنی دارِزاوا ئەژیا و ناکۆکی و شەرِ و ئاژاوەی ناوخۆی بەینی گەورەکانی پشتی شکاندبوو، وە دواییان وڵاتێکی سەرمایەداری خاوەن سەنعات و پێشکەوتوو بوو، وە چەک و جبەخانە و ئۆردووی تازەی هەبوو، وە پێویستی بەکەرەسەی خاو و بەبازارِ بوو بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی خۆی و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی ئیشکردنی کارگەکانی، بۆیە توانیی ئەو ببەزێنێ و چەند پارچەی نیشتمانەکەی بکا بە ژێردەستەی خۆی:

با گوێ رِاگرین بۆ تێگەیشتووی بلیمەتی کورد، بۆ حاجی قادری کۆیی، بە تاقە سێ شیعر ئەم بیرە بەرزە بەگوێمان ئاشنا بکا:

**بە قسەی موخبیر و موئەرِریخی کۆن**
**میللەتی چینە چارصەد ملیۆن**
**سەر بەسەر دەوڵەتی هەموو ژاپۆن**
**زۆر بەزەحمەت دەگاتە چل ملیۆن**
**ئەهلی ژاپۆن بەفەنن و سەنعەتی چاک**
**سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خاک**(٩)

جا بۆ چارکردنی ئەم دەردی دواکەوتن و بێ سنعاتییەی کورد و کوردستانە، دەسەودامێنی کوردەکان ئەبێ کە رِاپەرِن هەوڵێک بدەن

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

وە چاو لەو نەتەوانەی تر بکەن کە تا دوێنێ ئەوانیش وەکوو کورد لە ژێر باری دیلیدا ئەیانناڵاند، بەڵام ئێستا بەسایەی بزووتنەوە و خەباتیانەوە ئازادیی خۆیانیان دەس خستووە و کەوتوونە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، وە ئێستا قەوارەی سیاسی و بەیداخ و سوپا و کاربەدەستی خۆییان هەیە:

**بنوارە سەعی و غیرەت ئێستا لە دەوڵەتی ڕۆم**
**خۆیان خەزینەدارن، خۆیان تەبیب و سوڵتان**
**هەر دوێنێ ئەهلی سوودان هەستانە پێ وەکوو شێر**
**ئیستێکە موستەقیللن، مەحسوودی کوللی ئەدیان**
**بولغار و سیرب و یۆنان، هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**
**هەر پێنجیان بەتەعداد نابن بەقەددی بابان**
**هەر ئێکە موستەقیللن، کوللێکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و ڕایەت، ئەرکانی حەرب و مەیدان**(١٠)

واتە – وەک باسمان کرد – عیبرەت بە زۆر و کەمیی نەتەوە نییە، بەڵکو بە هەوڵ و تەقەلا دانیەتی.

ئەو ڕۆژەی کە حاجیی تیا ئەژیا لە ئەمڕۆ زیاتر ڕۆژی پشت بەهێز بەستن بوو. هەر نەتەوەیەک هێزی نەبوایە و هونەری شەڕی نوێی نەزانییایە، دوژمن هەڵیئەلووشی. لەبەرئەوە حاجی هەندێ جار لە شیعرەکانیا بەکوردەکانی ئەوت مادەم ئێوە دەس لە نەزانی هەڵناگرن و فێری عیلمی نوێ نابن، دە بیخۆن! ئەرمەنییەکان کە گەلێکی هەوڵدەر و بەغیرەتن و لاوەکانیان ئەنێرنە ئەوروپا بۆ خوێندن و فێربوونی کاروباری شەڕ و ئیدارەکردنی وڵات، حەقیانە بێن

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

وڵاتەکەتان داگیر بکەن و بیکەن بە نیشتمانێکی نەتەوایەتی بۆ خۆیان(١١):

**هەم حەقیقیانە ئەرمەن غیرەتکەشی یەکترن**
**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بەشیران**
**بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئوروپا گەورە و بچووکی خۆیان(١٢)**

ڕەنگ بێ هەندێ کەس بڵێن لەم دوو شیعرەی حاجی وا دیار ئەدا کە چاروبار هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە کێ بتوانێ ئیش بکا بۆ خۆی حەق بەدەس ئەوەیە. ئەم فەلسەفەیە بێ گومان فەلسەفەیەکی ناڕاستە، چونکە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەبێ دان بنێین بەڕاستیی هەموو زوڵم و ستەم و داگیرکردنێکا، چونکە ئەو لایەی کە زوڵم و ستەمی لێ ئەکرێ و وڵاتی داگیر ئەکرێ بەحەزی خۆی ڕازی نابێ بەوە و ناچاری مەجبووری ئەکا. ئەو حاجییەش کە هەمیشە لەسەر هەقی میللەتی کورد هەڵیداوەتێ و بەهەڵبەستی ئاگرین بەربەرەکانێی داگیرکەرانی کوردستانی دواکەوتووی کردووە، قەت ڕێی تێ ناچێ لەو باوەڕەدا بووبێ هێز لە حەق لە پێشترە. ئەم چەشنە قسانەشی بۆ تانووتدان لە کوردەکان وە بۆ هەڵنانیان بووە لەسەر وازهێنان لە کۆنە و کەوتنە تەکی کاروانی گەلانی بەرەو پێش ڕۆیشتوو.

حاجی هەر لەو دەمەدا بیری لەوە کردووەتەوە کە میللەت ئەبێ

(١١) وەک لە باسی پێشوودا ڕوونمان کردەوە حاجی وای ئەزانی خەباتی ئەرمەن بۆ دەسخستنەوەی ئازادیی خۆیان، داگیرکردنی کوردستان و ژێر پێ خستنی مافەکانی نەتەوەی کورد ئەگەیەنێ لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە.
(١٢) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٨٨ (پەراوێزێکی نوێ).

هەوڵی ئەوەی بێ بتوانێ خۆی بەخۆی بژیی، وە تا پێی بکرێ شتی کەمتر لە دەرەوە بهێنێ، وە بەخەڵکی پیشان داوە کە ئێمەش ئەتوانین گەلێ لەو شتانەی کە لە دەرەوە ئەیهێنین هەر لە وڵاتی خۆمانا بیهێنینە بەرهەم و کەلێنێکی گەورەی ئابووریی وڵاتەکەمان بگرین. با گوێی لێ ڕاگرین چۆن توانج ئەگرێتە خەڵکی کۆیە و پێیان ئەڵێ هەروەک لە کاروباری ئاینیتانا سەرتان لێ تێکچووە، هەروا لە کاروباری کاسبییشا دواکەوتوو و نەشارەزان و نازانن سوودتان لە چیدایە:

**لەمەش تەنها نییە سووچ و خەتاتان**
**لە کەسبیش غافڵن میسلی مەلاتان**
**لە بەغدا بۆچی خورما بێت و لەیموون**
**لە بۆ دەرمان لە شار بێ ڕۆنی زەیتوون**
**لە دەوری کوللی باغی شاری کۆیێ**
**دوسەد بن داری زەیتوونی بەجۆیێ**
**لە ئێوە کامتان بوو ئێک دو بارەک**
**بکاتە کیسەیەک یاخود خەرارەک**
**دو پێی لێ دا لە کۆلا میسلی دۆشاو**
**وەکوو ڕۆن ڕۆنی زەیتوون بێتە سەر ئاو**
**وە یا کەی نێژراوە چەند نەمامەک**
**لە نارنج و ترونج و هەر مەقامەک**
**بزانن شین دەبێ، نابێ، بەبەر دێ**
**لە جێگای گەرم و ساردی چیی بەسەر دێ**(١٣)

(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨ – ٢٥٩ (پەراوێزێکی نوێ).

حاجی بێئاگا نەبووە لەوە کە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەخێر و پیتە، وە ئەیزانی کە کانەکانی کوردستان چ بەرهەمێکی لێشاو کردوویان تیایە، وە دێم و بەراوەکانی کوردستان چ حاسڵاتێکیان لێ هەڵئەگیرێ و دارستانەکانی چەند بەنرخ و نەبڕاوەیە، لەبەرئەوە هاواری لە خەڵک ئەکرد کە بەیارمەتیی یەکتری کارێک بکەن ئەو کان و دارستانانە بهێنرێنە بەرهەم دان، وە ئەو هەموو دێم و بەراوانە ئاوەدان بکرێنەوە بۆ سوودی گشتی و بەرزکردنەوەی پلەی ژیانی خەڵک:

**بەراو و ئەرزی ئێوە کیمیایە**
**دوڕ و گەوهەر گەزۆ و مازووی چیایە**
**مەعادین خاتری تۆ بێ لەگەڵ کان**
**گەنمتان زێڕە حەتتا زیوە زیوان**
**ڕەژووی پاپۆڕ و خوێ وو نەوت و گۆگرد**
**لە کێوی ئێوەدا کۆیە وەکوو گرد**
**لە بەینی میللەتی خۆتان بە یاری**
**بکەن تەقسیمی شاخ و داروباری**
**دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە**
**مەڕی لەڕ خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە**(١٤)

حاجی بێ ئاگا نەبووە لە یاسای گۆڕانی گێتی و کۆمەڵ. ئیشارەت بەوە دەدات کە ئادەمیزاد یەکەمجار پەیدا بووە لە خۆیا بەناچاری هەستی بەپێویستیی سێ شت کردووە کە خواردن و جێگا و پۆشاکە، وتوویەتی:

---

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩ – ٢٦٠ (پەراوێزێکی نوێ).

**خــواردن و ســـەتری عــەورەت و ســوکنا**
**باعـــیـــسی ژینە بۆ گـــەدا و پاشـــا**
**حـــاڵەتی وایە چی لەســـەر خـــاکـــە**
**غــەیری عــیــســا دەڵێن لە ئەفــلاکــە(١٥)**

هەروەها ئەیزانی کە شێوەی ژیان لە هەموو سەرێکەوە لە گۆڕانایە وە بەیەک ڕەنگ نامێنێتەوە، وە پێویستە ئادەمیزاد بەپێی گۆڕانی دنیا بگۆڕێ تا لە کاروانی گۆڕان دوا نەکەوێ:

**لازمـــە خـــول بخـــۆی وەکـــوو بەرداش**
**هەموو قـەڕنەک دەگۆڕێ ئەمری مـەعاش(١٦)**

وە لەمەوە ئەگاتە ئەوە کە هەرکەس بێخێر و لێنەهاتوو نەبێ پاڵی لێ ناداتەوە بۆ تەمەڵی، وە پیاوی هیچ لێ نەهاتوو هەمیشە ئەبێ چاو ببڕێتە دەسی ئەوانەی کە ئیشکەر و وریان:

**تەنبـەڵی کـاری حـیـز و بـێـخـێـرە**
**دەســتی مــاندی لەســەر زگی تێــرە(١٧)**

حاجی بیروباوەڕێکی دیموکراتیی هەبووە، ویستوویەتی وەزعێکی وا لە کـوردسـتـانا بێـتـە ڕوو کـە تـەنـهـا ئـاغـە و گـەورەکـانی کـورد چاودێریکەری کاروباری کـورد و کوردسـتان نەبن، بەڵکو چینەکـانی خوارەوەی نەتەوەی کوردیش بەشدار بن لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتەکەیانا. گوێت لێ بێ چۆن غیرەتی میللەتی کورد ئەبزوێنێتەوە و پێــیــان ئەڵێ چاو لەو نەتەوانە بکەن کـــە ڕاپەڕیون و قـــەوارەیەکی

---

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨ – ١٨٩ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(١٧) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).

سیاسییان بۆ خۆیان پێکەوە ناوە و ئێستا هەموو نیشانەیەکی دەوڵەتیان پێوەیە و هەموو چینەکانیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکانیانا بەشدارن و هەموو لایەکیان یەکیان گرتووە و بۆ سوودی هەوڵ و تەقەلا ئەدەن:

**بەغەیری ڕۆمییو ئینگلیز و ڕووسی**
**بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنووسی**
**لە جێی خۆیان هەڵستاون بەغیرەت**
**لە دنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت**
**سەراپا ساحێبی سککە و سوپاهن**
**وەکوو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن**
**لە تەدبیری ئومووری موڵکی خۆیان**
**شەریکن پینەدۆز و شاه و گاوان**
**لە جۆشین و لە ئیشا مێشی هەنگن**
**بە من چی کافرن یانە فەرەنگن**(١٨)

دیارە حاجی بەئەندازەی پەی بردنی بەحەقیقەتی دیموکراتیی بۆرجوازی باش وەسفی یاسای حوکمی وڵاتانی ئەورووپای کردووە لەو چەند شیعرەیدا.

حاجی وەک بیرکەرەوەیەکی ڕاست باوەڕی بەسەرکەوتنی ئاخریی نەتەوەکەی هەبوو، دڵنیا بوو لەوە کە هەرچەند ئەم داگیرکەر و ئەو ستەمکار ئەم دەسە و دەسی بکەن و بەری ڕەنجی بخۆن و نیشتمانی پێشێل بکەن، کورد هەر ئەمێنێتەوە و ئاخری ئەبێ ئەو دەوری جەور و ستەم و خوێنمژینە دوایی بێ. میللەتی کورد لە مێژووی درێژی پڕ لە

---

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢ – ٢٣٣ (پەراوێزێکی نوێ).

کـارەسـاتی خـۆیدا هەزاران داگـیرکـەر و خـوێنمـژی لەسـەر عـەرزی وڵاتەکـەی دیوە، بەڵام ئەوانە هەمـوو لەناوچوون و گـەلی کـورد هەر مایەوە. ئەمە بۆچی؟

چونکە کـورد نەتەوەیەکـە، بـەڵام دوژمنەکـانی چنگە ئـادەمـزادێکی خـوێنخـۆرن لەسـەر حـیسـابی چەوسـاندنەوەی ئەم و ئەو ئـەژین. بەڵێ حاجی دڵنیا بوو لەم ڕاستییە، بەڵام داخی ئەوەی ئەخوارد کە ناگا بەو ڕۆژە کە گەل دۆست و دوژمـنی ڕاسـتـەقینەی خـۆی بـناسـێ و، ئەویش لەناو کـۆمـەڵی پێشکەوتـوودا جێـی خـۆی بگرێ و هەقی خـۆی دەسگیـر ببێ. هەناسـەی سـاردی بۆ ئەوە هەڵئـەکـێـشـا کـە بەچاوی خـۆی سـەرکـەوتنی کورد نابینێ و دوا هەناسـەی لـە ژێر سێبـەری ئازادیدا نادا:

**سـەد شـەهەنشـاه و پادشـا مـردن**
**سەیری کە کوردی ئێمە هـەر کوردن**
**مـیللەتە باقی، مـابەقـا فـانی**
**هـەر لە جـافی هەتا بـە گـۆرانی**
**حـەسـرەتم هەر ئەمـە لە دنیـادا**
**(حـاجی) دەمـرێ بە دەوریان نـاگـا**
**گـەر بـە دەورانیـان بگـەیبـایە**
**هـەمـوو حـالی دەبوون چ دەریایە**(١٩)

حـاجی زۆر باش ئەوەی ئەزانی کـە لە ئەنجـامـا زرووفی ژیان بیـر بەنەتەوەی کورد ئەکاتەوە و کارێکیان لێ ئەکا باوەڕ بەقسەکانی بکەن کە لە زەمانی خـۆیا گوێی خۆیان لە عاستی کەڕ کردبوو، وە بۆ ئاخری

---

(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦ – ٢١٧ (پەراوێزێکی نوێ).

دێنە سەر ئەو باوەڕە کە حاجی تەنها سوودی ئەوانی مەبەست بووە وە بۆ ئەوان هەوڵی ئەدا و خۆی ئەخستە مەینەتەوە، بەڵکو دڵنیا بوو کە لە پاشەڕۆژا خەڵکی هەموو بەشانازییەوە شیعرەکانی ئەخوێننەوە و ئەیگێڕنەوە، وە لە ناو خۆیانا ئەڵێن ئای چەند ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێکی بۆ کورد دانابوو وە قسەکانی چەند ڕاست بوون هەمووی هاتە دی:

**من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم**
**وەرنە پەشمە لە لام هەموو عالەم**
**ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دەگرن**
**ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن**
**ئەو بە ئەم، ئەم بە ئەو دەڵێ: کاکە**
**سەیری قانوونی (حاجی) چەند چاکە**
**هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرموو،**
**وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو**(٢٠)

بێگومان حاجی بەهەڵەدا نەچووبوو، وە لە خۆیەوە ئەم قسانەی نەئەکرد. شارەزاییی لە یاسای گۆڕانی ئادەمیزاد هەبوو، وە ئەیزانی ژیانی ئەو ڕۆژەی نەتەوەی کورد شێوەیەکی کۆنی ڕزیوی هەبوو، ئەبوو لاچێ و شێوەیەکی تازەی بێتە جێ. وا ئێمە ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان ئەبینین و بەگوێی خۆمان ئەبیسین کە نەتەوەی کورد و هەموو ئادەمزادێکی ڕۆشنبیر کە شارەزای مێژووی ئەدەبی کورد بێ، بە چ چاوێکەوە سەیری حاجی و پایەی حاجی ئەکەن لە مێژووی نەتەوەی کوردا. بێگومان لە پاشەڕۆژیشا باشتر شانازی بەحاجییەوە ئەکەین و

---

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤ (پەراوێزێکی نوێ).

بەشـێوەیەکی زۆر جـوان یادی زیندوو ئەکـەینـەوە. وە وەکوو یـەکێ لە دانەرانی بنچینەی گیانـی نەتەوایەتی لە کوردسـتانا سـەیری ئـەکەین و ئەیژمێرین.

لە ژێر یاسـای سـتـەمی کـۆمـەڵایەتـی و کـۆتکردنی ئازادیی بیـرا، هونەرمـەندی ڕاست، شـاعیر بـێ یان چیرۆکنووس، مۆسـیـقـار بێ یان گـۆرانیـبـێـژ یان ئـاواز دانەر، وێنەکـێش بێ یان پەیکەرتـاش، یا هـەر هونەرمـەندێکـی تر، هـەمـیشـە بەدەم ئێش و ئازارەوە ئـەتلێتـەوە. دەمی نەفـام و تێنەگـەیشـتـوو و هـەرزەی تێ بەر ئـەبێ، ڕێگای ژیانـی لێ ئەگیـرێ، نانی ئـەبڕرێ، مـاوەی دەربڕینی زادەی بیری نادرێ، پیلانی سووک و نامـەردانەی بۆ ئەنرێنەوە، بەڵکو ئەخرێتە قـووڵی بەندیخانەوە و کـۆت و زنجـیـری لە دەس و پـێ ئەکـرێ. گـەلێ جـار ئەو ژیانە سـەخـتـەشی پێ ڕەوا نـابینن، وە بـەکـوشـتـی ئـەدەن. ئەمـە لـە لایەن دەسـەڵات بەدەسـتـانەوە. گـەلیش لەبەر دواکـەوتوویی و لەبـەر هێـزی زۆرداران نە ئەتوانێ لە دڵسۆزیی ئەو هونـەرمەندە بگا و نە پێی ئەکرێ هـەسـتی خـۆی بەرابـەری دەربڕێ و لایـەنگریی بکا. لە سـەرەتای مـێژووەوە دنیـا هـەر وا بووە و تا لـە قـوژبنێکی گێتـیدا جـەور و سـتـەم مابـێ ئەم وەزعە هـەر وا ئـەمێنێ. ئەمە بۆچی؟

چونکە ئەم هونـەرمـەندە ڕاسـتـە کـە باوەڕی بە گـەل و بە پـەیڕەوە بەرزەکـانی گـەل هـەیە و هونەری خـۆی بۆ دەربڕینی ئازار و ئـاواتی گـەل، وە بۆ بەرچاو ڕۆشنکردنـەوەی گەل بەکـاردێنێ، زیان بە یاسـای سـتـەمکاران ئەگـەیەنێ. ئاوازی مـۆسـیـقـاکەی و دەنگی گۆرانییـەکەی گـوێی زۆرداران کـاس ئەکـا و زراویان ئەتـەقـێنێ... ئەو قـەڵـەمـەی کـە شـیـعـر و چیـرۆکی پێ ئەنووسێ بەردی بنچـینـەی کـۆشک و تەلاری

زۆرداران لە بن هەڵئەکەنێ... ئەو مەرەکەبەی کە بۆ نووسینی یادگارەکانی بەکاری دێنێ سێڵاو ئەکا و ئەوان ڕائەماڵێ... چونکە ئەو پەڕەی کە وێنەکەی پێ ئەکێشێ چاویان کوێر ئەکا، ئەو تراشەی کە پەیکەرەکەی پێ ئەتاشێ ورگی ئەوان هەڵئەدڕێ... بەڵام هەرکە مرد و مەترسیی نەما، ئیتر ستەمکاران، دوژمنە خوێنخۆرەکانی دوێنیی، خۆیان ئەکەن بە برا و باوانی، بە میراتگر و زیندووکەرەوەی یادی، چونکە لە لایەکەوە ترسی خۆییان نەماوە، وە لە لایەکی تریشەوە حورمەت گرتنیان بەمردوویی، بۆ هەڵفریواندنی خەڵک کە زۆر قەدری ئەو هونەرمەندانەیان لایە، سوودی هەیە. خەڵکیش تا ڕادەیەک ماوەی چاکە وتن و پیا هەڵدانییان بۆ ئەکرێتەوە. حاجیی خۆیشمان کە بەڕاستی یەکێ بوو لەم چەشنە هونەرمەندانە، مەبەسی ئەم ڕاستییەیە کە ئەڵێ:

**(سەعدی) ئەییامی خۆی نەبوو نانی**
**وەکوو من بوو گەڕۆک و بێ خانی**
**ئێستە خەڵقی لە حەسرەتی دەمرن**
**بەیتەکانی لە زێڕ و زیو دەگرن**
**ئاخری ڕۆژەکیش دەیێ وەعدی**
**خەفەتم بۆ بخۆن وەکوو سەعدی**
**یەعنی تا ماوە شاعیری غەڕڕا**
**عالم و عامی داخی بۆ ناخوا**
**لاکین ئەو ساعەتەی بەڕەحمەت چوو**
**قوڕ دەپێون، دەڵێن: چ حیکمەت بوو**[٢١]

(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧–٢١٨ (پەراوێزێکی نوێ).

لە دواییی ئەم باسەوە ئەبێ ئەوەش بڵێین کە حاجی لەگەڵ ئەو ئاسۆی فراوانی بیرکردنەوەیشیا کە بوویەتی، وەنەبێ بیروباوەڕی چەوت و پاشماوەی کۆنی لە مێشکا نەبووبێ. ڕەخنەشی لێ ناگرم کە بۆچی وا بووە. ئەو زرووفەی کە ئەوی تیا ژیاوە و چۆنیەتیی پێگەیشتنی، ماوەی فێربوونی لەوە زیاتری بۆ نەلواندووە کە وتوویەتی و بۆی خستووینەتە سەر قاقەز.

# حاجی قادری دڵسۆزی کۆڵنەدەر

حـاجی لەو ڕۆژەوە کـە بیـری کـردبووەوە لە دواکـەوتـوویـیی کـورد و گیـرۆدەییی کوردسـتان، بڕیاری دابوو کە گیانی خـۆی باخت و وەختی خۆی تەرخان بکا لەپێناوی گەل و نیشتمـانەکەیا. هەر لەپێناوی ئەوانا بوو کـۆنەپەرسـتـان تەنگیـان پێ هەڵچنی و جـێـیـان پێ لێـژ کـرد و ناچاریان کـرد وڵاتەکـەی بەجـێـبـێـڵـێ و ڕوو بکاتە وڵاتـی بێگانە و ئەستـەمووڵ بکا بە ماوای خۆی و دوور لـەو کوردستانە کە تا مرد هەر دڵسـۆز بوو بۆی، سـەر بنێـتـەوە و بەشی گۆڕێکی لە خـاک و بوومی پێ نەبڕێ.

خـودپەرسـتـە کـەمـتـەرخـەمـەکـانی دەوروپشـتی حـاجی – وەک هاوچەشنەکانیـان لە هەموو جێگا و کاتێکا – زۆر ئەهـاتن بـەسـەریا کە چییـەتی لـەم سـەرئێشـە و خـۆ مـاندووکـردنە، وە بۆچـی بە ڕەحـەتی بۆ خـۆی داناکـەوێ. بەڵام حـاجی لەوانە نەبوو لـەبەر تیـر و تـوانجی لۆمەکەران دەس لە بیروباوەڕە بەرزەکانی هـەڵگرێ و تف لە تێکۆشانی لەوەوپێـشی خـۆی بکا و پشت لە ئاواتـە پیـرۆزەکـانی نـەتەوەی کـورد هەڵکا. گـوێ گرن چۆن گـفتـوگـۆی بەینی خـۆی و ئەو کـەسـانـەتان بۆ ئەگێڕێتەوە:

**دەفـەرمـووی ئـەم عـەزابە بۆچ دەکـێـشی؟**<br>**چ مـەلزوومـە ئەگـەر چاوت نـەیێـشی؟**

**قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت**
**خـــەوم نایە لە داخی مــوڵک و مــیللەت!**(١)

یان چۆن دوا بڕیاری خـۆی ئەدا کـە تا دوا هـەناسـەی ژیانی ڕێگا ڕوونکەرەوەی نەتەوە گیرۆدە دیلکراوەکەی بێ:

**قـوڕی کـام جێ بکەم بەسـەر خـۆدا**
**ئەمــە لێم بوویتـە عـیللەتی سـەودا**
**بە قـسـەی چاکـە دەسـتـیـان دەگـرم**
**تـەرکی نـاکــەم بە لۆمــە تا دەمــرم**(٢)

حاجی لە قووڵاییی دەروونیا دڵنیا بووە لە بەرزیی ئامانجەکانی و لە ڕاستـیـی ئەو ڕێوشـوێنانەی کـە بۆ خـەڵکی دادەنا، وە دڵنیـاش بوو کـە ئەو زەحـمـەتکێـشـان و مـاندووبـوونەی لەبەر خـاتری نەتەوەی کـوردە. لەبەرئەوە هیچ مـەبەسی نەبوو ئەگەر پیاوخـراپان و خاوەنانی سـوودی شـەخـسی لەم لا و لەولا خـراپەی بڵـێن و بە سـووکی ناوی بەرن، وەک ئەڵێ:

**پەندی من خـامی دەزانن خـامــەکـان**
**شـیرن و پوختـەی دەزانن پوختـەکان**
**تاکی دنیا مـایە، پوخـتـەی هـەر هەیە**
**لەم کەر و خـامـەی کە هەن باکم نییـە**
**با بڵـێن ئەم شـێـتـە قـەحـپـە مـردووە**
**چەنـد وەڕیوە، چەنـد وڕێنـەی کــردووە**
**حــەق تەعــالا واقــیـفـی ئەحــواڵمــە**
**(خــالصــاً لله) یە تـەرقــیــمی ئـەمــە**

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٠ (پەراوێزێکی نوێ).
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١ (پەراوێزێکی نوێ).

**وەرنێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسییە**
**گەر لەبەر ئێوە نەبێ، باکم چییە؟!**[٣]

جاروباریش ئەگەییە گیانی کە ئەیدی قسەکانی هەموو بەفیڕۆ ئەڕۆن و کەس نییە گوێی بۆ شل بکا و کەس نییە هاوارێکی لێ بەرز بێتەوە. پێی ئەوتن: وا من بەپێویستی سەرشانی خۆم هەڵسام، ئیتر گوناه لە ئەستۆی خۆتانە ئەگەر لە ڕێی چەوت لانەدەن و بیرێ لە حاڵی خۆتان نەکەنەوە:

**(حاجی) کەسێکە بێ کەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ**
**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلا لە خۆتان**[٤]

هەمیشەش بەشانازییەوە سەیری خۆی ئەکرد کە بیرێکی بەرزی وای هەیە و بووە بەپێشمەرگەی نەتەوەکەی و هەمیشە دڵی بۆی ئەسووتێ و لە پێناویا لە وڵاتی خۆی بڕاوە:

**لە ئادەم بگرە تا دەورانی ئێستا**
**یەکێکە (حاجی) لەو خاکە هەڵستا**
**کە غەمخواری بکا بۆ میللەتی خۆی**
**لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ پۆی**
**زەمانە تووشی دەرد و غوربەتی کرد**
**غەمی کۆیێ پەرێشانی هەمووی کرد**[٥]

بەڵام حاجی لەگەڵ ئەم گیانی خەباتی بەتینەشیا، چونکە پەیڕەوێکی عیلمیی تەواوی نەبووە بیکا بە مەشخەڵی دەستی خۆی و لەسەر ڕووناکیی بڕوا لە تاریکەشەوی ئەو سەردەمەیدا کە برەوی دەوری

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤ - ٢٠٥ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩ (پەراوێزێکی نوێ).
(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣ (پەراوێزێکی نوێ).

ستـــەمی داگـیـرکـەران و چەوسـانـدنەوەی نەتەوایـەتی بووە و هـیـچ ترووسکەیەک لە ئاسۆوە – بۆ پیاوی زۆر دووربین نەبێ – دیار نەبووە، لەبەرئەوە جـاروبار پەڵە هەوری گـیــانی ورە بەردان لە ئاســۆی بیرکردنەوەیا دەرکەوتووە، ئەویش لە ئیلهامی ئەو گیانەوە وتوویەتی:

**(حـاجی) ئەمنیش مـیـسـالی کـوردان**
**کـەوتوومـە کـەمـەندی نەفس و شـەیتـان**
**لەم حـەپس و کەمـەندە فـیکری دەرچوون**
**مـومکـین نیــیـە، من یەکم، ئەوان دوون**
**مـەوقـووفــە بە ڕوسـتــەمی عـینـایەت**
**مـوحـتـاجـە بە هیـمـمـەت و هیـدایەت**
**دەرچم لە ئەسـیـری مـیـسلی (بێـژەن)**
**ڕاهـی بوو بـە قــووەتی (تـەهەمــتــەن)**
**ئەی بێ بـەدەل و شـــەریک و هـەمـــتــا**
**(مــــا اعظـم شــــأنک تـعــــالی)**
**تـەعــیـین بکە ڕوســـتـــەمی دیرایەت**
**(تەوسـەن) بدە (خـوسـرەو)ی عـینـایەت**
**تـا کــــورد و ئـەمن لـە دەســـــتی دوونـان**
**دەرچین، هـەر ئـەتۆی ڕەحـیم و ڕەحـمـان**(٦)

وە وتوویەتی:

**وا دیارە هـەتاکـــــو دونیـــــا بێ**
**کــوردەکـــان حـــاڵیــان دەبـێ وابێ**(٧)

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦ – ١٩٧ (پەراوێزێکی نوێ).
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤ (پەراوێزێکی نوێ).

بەڵام ئەم بەرچاو تاریکبوونەی حاجی هەرگیز نەیگەیاندووەتە ئەوە کە لە چەقی ڕێگادا پاڵی لێ بداتەوە، وە لەوە زیاتری پێ نەکراوە، کە تاو تاوێک ڕێگای ڕاستی لێ شێواندووە.

***

ئاخری ئەم باسەمان بەم قەسیدە پڕ لە دڵسۆزییەی حاجی دێنین کە لە کردگار ئەپاڕێتەوە تیایا و داوای بێدارکردنەوەی نەتەوەی کوردی لێ ئەکا بەڵکو دەس لە کردەوەی بێ سوود هەڵگرن و یەک بگرن تا وڵاتەکەیان لە چنگی بێگانە ڕزگارکەن و هێزی داگیرکەر ڕافڕێنن:

**یا ئیلاهی بە ئایەتی مونزەل**
**بە چوار یاری ئەحمەدی مورسەل**
**بێنەوایانی موڵکی کوردستان**
**هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان**
**لە خەوی جەهل و مەستی یو غەفڵەت**
**بەخەبەر بێن بەنەغمەیی ڕەحمەت**
**پاکی دەرچن لە کاری نابەمەحەل**
**ڕۆمی ڕافڕێنن بۆ دەری ئەسفەل**(٨)

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤ (پەراوێزێکی نوێ).

## سكالاّ و دەردەدڵ

بەلاّم لەگەڵ ئەم هەموو شانازییەی حاجی بە کوردایەتیی خۆی و بە مێژووی پڕ لە شانازیی نەتەوەی کورد، جاروباریش کە بیری ئەکردەوە چۆن هەموو هێزێکی خۆی تەرخان کردووە بۆ وریاکردنەوەی کورد و ڕێگای ڕاست پیشاندانی، وە بەقسە و بەشیعر و بەکۆچکردن بۆ ولاّتی بێگانە هەر خزمەتیان ئەکا، کەچی ئەوان هیچ گوێی نادەنێ، دڵ گران ئەبوو لێیان و ئەکەوتە هەڵڕشتنی دەردی دڵی لە داخیان:

**کێ دەڵێ کوردەکان بەئیدراکن**
**بەسە ئەم نەقسە گوێ لە من ناکەن**
**لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن**
**واهیمەی شێخەکان لە دڵ دەگرن**(١)

وە پێی ئەوتن ئەمڕۆ با گوێ نەدەنە قسەی من، سبەینێ کە زۆر و ستەمی داگیرکەران تەنگی پێ هەڵچنین، وە وەک عەرەبەکانی ئەفەریقای سەروو ناچاریان کردن دەس لە نەتەوە و ئاین و زوبانی خۆیان هەڵگرن، ئەو کاتە ناچاری ئەیانهێنێتەوە هۆشی خۆیان و بیریان پێ ئەکاتەوە، جا پەنجەی پەشیمانی بەدان ئەگەزن و ئەڵێن: ئای! حاجی چەند بۆ ئێمەی بوو، وە چەند دڵسۆزانە هەوڵی بۆ ئەدایـن:

**بەیتی من چونکە کەڵکیان دەگرێ**
**لە غەریبی و بێ کەسی دەمرێ**

---

(١) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ١٨٩ (پەراوێزێکی نوێ).

**تا لە ژێر باری ڕۆمــیــیــان نەمــرن**
**زەحــمــەتە قــەدری بەیتی من بگرن**
**یانە وەک ئەهلی مەغریب ئێستاکێ**
**چییــە ناوت؟ دەڵێ: خــریســتــاکی**(٢)

ئەو ڕۆژەی کــە حــاجــیی تیــا ئەژیا، وەکــوو ئێــســتــا گــەل وریا نەبووبووەوە، جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری بەدەسی خۆیەوە نەبوو تا بتــوانێ چارەســەری دەردی خــۆی بکا. گــەورە و ئاغــەکــان و مــەلا و شێخەکان و دەوڵەمەندەکان دەم سپی و پیاوماقووڵ و سەرکردە و ڕێ پیشاندەری بوون. ئەمانەش چونکە لە چوارچێوەی سوودی تایبەتیی خۆیان نەئەچوونە دەرەوە و هەستیان بەئازار و ئاواتی ڕەشوڕووتی کورد و زۆربەی خەڵکی کوردستان نەئەکرد و هەر بەدوای چەپوگوپ و ڕووتاندنەوە و فێڵ و تەڵەکە و سوود و سەلەمی خۆیانا ئەگەڕان، هیچ گوێیان نەئەدایە ئەوە کوردستان ئاوا بێ یان وێران بێ، لە ژێر سمی ئەسپی عەجەمەکانا بێ، یاخود عوسمانییەکان وەک سیرمەی دۆم بیــهــێنن بەکــەڵبــەیانا. خــەڵک نەخــۆش و نەخــوێندەوار و هەژار و چەوساوەی ژێر باری جەور و ستەم بن یا نە؟ بۆیە حاجی بەهەموو هێزێکیەوە هێرش ئەباتە سەر ئەوانە و ئەیانداتە بەر تیری کاریگەری شیعری خۆی و تاوانی گەورەی پشتگوێ خستنی داخوازییەکانی گەلیان ئەخاتە ئەستۆ، چونکە ئەوان بوون، بەناخێری گیانیان، پێشەوای گەل بوون و ئەبوو ببوونایە بە ئاوێنەی ئازار و ئاواتی:

**ســەد شــێخ و مــەلا و ئەمــیــر و خــانی**
**بۆ لەززەتی عــــەیش و زیندەگــــانی**

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠ (پەراوێزێکی نوێ).

**لەولاوە ئەوان بە حـــــیلەســـــازی**
**لەم لاوە ئەمـــان بە تەقـــڵـــەبازی**
**قــــــوڕیان بە هـەمــــــوو وڵاتـەوە دا**
**تا مــوڵک و ڕەعــیــیــە پاکی فــەوتا**(٣)

ئەنجا دێ بەراوردێکیان ئەکا لەگەڵ خۆیی تێکۆشەرا و، ئەڵێ:

**یەکـــیـــان ئەمـی تۆ دەکــــەی نەیانکرد**
**غـەمیـان نەبوو کـورد ئەگـەر هەمـوو مـرد**(٤)

وە داخی دڵی خـۆی لە دەسـەڵاتدارەکـانی کورد هەڵئـەڕێژێ و وایان باس ئەکا کە خۆیان فرۆشتووە بەعوسمانییە داگیرکەرەکان، وە بۆ شـەوێکی سوور و مـێزێکی سـەوز وازیان لە هەمـوو هیوایەکی کورد هێناوە و مامە حەمەیی ئەکەن بۆ ئەو داگیرکەرانە:

**ئەو کــەســەی دەوڵەمــەندەکی چاکـە**
**بـەندەیی ڕۆمـــــیـــــانی ناپاکــــە**
**هەمـوو مردووی میـان و سـمتی خڕن**
**بەیتی مــەدداحـیـان بە جـان دەکـڕن**(٥)

جا ئەڵێ: ئەوە گەورەکانمانن ئاوەهان کە باسمان کردن: هەمیشـە خــەریکی کــەیف و ئاهـەنگی خــۆیانن و دەســیــان داوەتە هـەرزەیی و سەرسـەریەتی. لاوچاک و ئازاکانیشـمان بەفیز و خۆفوودان و شـانامە خـوێندنەوەوە خـۆیان خـەریک کـردووە. فـەقیـر و هـەژاریش خـەریکی دەردی سـەری و پەیداکـردنی پاروەوە نانێکن بۆ خـۆیان. زیاد لەوەش مێشکیان پڕ کراوە لە بیروباوەڕی هیـچوپووچ و بوون بەهۆی بەرهەم

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠ (پەراوێزێکی نوێ).
(٤) سەرچاوەی پێشوو، (پەراوێزێکی نوێ).
(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠ (پەراوێزێکی نوێ).

پەیداکردن بۆ ڕەنجخۆرەکانیان:

**ئەوی ئەعلایە سەردەستەی شکارە**
**ئەوی ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە**
**ئەوی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ**
**ئەوی مسکێنە گەنم و جۆ دەچێنێ(٦)**
**ئەمانە بێ شوعوور و گێژ و وێژن**
**موتیعی لۆتەخۆر و هەرزە بێژن(٧)**

جا هەرچی ئەڕوانێ بەم لا و بەولای خۆیا کەس نابینێ کە هەستێکی پاکی کوردانەی ببێ و بێتە کۆڕی خەباتەوە بۆ ئازادیی نیشتمان و پێشخستنی پلەی خوێندەواری و کۆمەڵایەتی و سەرەکانی تری ژیانی گەل، وە دەس لە ئاغە و بەگ و بازرگان و شێخ و مەلاکان ئەشوا، چونکە ئەوەندەی پووشێ خێریان تیا نابینێ و هیچ وریایی و تێگەیشتنێکیش لە ناو مسکێن و کاسبکار و جووتیارانا بەدی ناکا، دێتە سەر ئەو باوەڕە کەوا تا تاقمە لاوێکی تێگەیشتووی پێگەیشتوو پەیدا نەبێ کە شارەزای وەزعی دنیا و ڕووداوەکانی هەموو کون و قوژبنێکی گێتی بن و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی نوێ بخوێننەوە، وە

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١ (پەراوێزێکی نوێ).

(٧) دیوانی حاجی، چاپی یەکەمی گیو موکریانی، ل ٦٢. ئەم بەیتەم بەپێی تێکستی چاپی ناوبراو نووسییەوە چونکە ئەم لەوەی چاپەکەی میران و شارەزا ڕاستترە. لەم بارەوە بڕوانەرە:
دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣١ و ٢٣٤ و، هەروەها بڕوانەرە: محمدی مەلا کریم، هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٣٠٨ و ل ٣١٦ – ٣١٧، پەراوێزی چوارەم (پەراوێزێکی نوێ).

هەمیشە مێشکی خۆیان بەبیری نوێ زاخاو بدەن و شارەزاییی باشیشیان لە حاڵی کورد و کوردستان ببێ تا بتوانن لەسەر ڕووناکیی ئەو بیر و ئاگادارییەیان لە حاڵی کورد، دەردی کوردەواری بناسن و بتوانن تیماری بکەن. بەڵێ، تا تاقمە لاوێکی وا پەیدا نەبن قۆڵی لێ هەڵماڵن و بێنە کۆڕی خەباتەوە، دەردێکی کورد چار ناکرێ، وە لەوانەشە ئەگەر بەم زووانە پەیدا نەبن گیروگرفتەکانی کوردستان چەند قات زیاتر ببێ و شیرازەی کاروباری بەڕەنگێ تێکبچێ کە چارەکردنی زۆر زەحمەت بێ. گوێت لە حاجی بێ چۆن داخی دڵی خۆی هەڵئەڕێژێ لەبەر نەبوونی دەستە لاوێکی لەم چەشنە و، چۆن مەترسی لە پەیدا نەبوونیان دەرئەبڕێ:

**کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ**
**بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ**
**بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت**
**کتێبی تازەوو تەئریخی دەوڵەت**
**ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زوو**
**مەمالیک کاتەکی زانیت لە دەست چوو**
**گەمیی سەحراوو دەریا دێتە جەولان**
**بە غەیری پێکوڕەی فەوجی سوواران**(٨)

ئەنجا ئەڵێ تا ئێستا کە تەواو لەناونەچوون هیی ئەوە بوو هەندێ کەسی تێگەیشتووی وەک بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوون کە جاروبار پیلانەکانی دوژمنتان بۆ دەرئەخەن. ئەگەر ئەوانە نەمێنن بەیەکجاری لەناوئەچن و وەک پارووییەکی چەور بەگەرووی دوژمنا ئەچنە خوار:

---

(٨) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣١ – ٢٣٢ (پەراوێزێکی نوێ).

**بەدرخانی و لەسەر لاچێ، لەمەو پاش**
**لە هەر لاوە دەتانهارن وەکوو ئاش**(٩)
**لە ژێر پێدا دەچن، حەیف و مخابن**
**گەدا بن ئێوە، دوشمنتان بە شا بن**(١٠)

---

(٩) دیوانی حاجی، چاپی یەکەمی گیو موکریانی، ل ٦٢. ئەم بەیتەم لە چاپەکەی گیو موکریانی وەرگرتووە کە کاتی خۆی بینای ئەم کتێبەیشم لەسەر دەقی ئەو داناوە، چونکە ئەو سەرەتایەی بۆ ئەم بەیتەی ئەم شوێنەم نووسیوە لەگەڵ ئەم دەقە ڕێک ئەکەوێ و بۆ دەقی چاپەکەی میران و شارەزا دەس نادا کە گۆڕانێکی ڕیشەییی تیایە و جیاوازییەکی گەورەی لە دەقەکەی گیو موکریانی هەیە. هەرچەند ئەوەی دەقەکەی میران و شارەزام لا ڕاستە. بڕوانەرە: دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٢ و ٢٣٤؛ هەروا بڕوانەرە: محمدی مەلا کریم، هەنگاوێکی تر بەرێگادا (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٣٠٩ – ٣١١. بیبڕوانەرە بەشی سێهەمی ئەو باسەی لە پاش ئەم کتێبەوەم بڵاو کردووەتەوە بە ناوونیشانی (چەند بابەتێکی باش لێ نەکۆڵراوە لە ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی گەلی کورد حاجی قادری کۆییدا) (پەراوێزێکی نوێ).

(١٠) دیوانی حاجی، چاپی میران و شارەزا، ل ٢٣٢ (پەراوێزێکی نوێ).

# W1«Ëœ

خوێنەرەوەی خۆشەویست!

وا چاوت بە چەند نموونەیەکی شیعری حاجی قادرا گێڕا، شیعری لە بابەت زوبانی کوردی و هەستی نەتەوایەتی و نەتەوەی کورد، لە بابەت مەلا و شێخ و شێخیەتی، لە بابەت دڵسۆزییەوە بۆ گەل و نیشتمان، لە بابەت بیروباوەڕیەوە سەبارەت بەشیعر... وە شارەزای هەندێ لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی حاجی بووی، زانیت چۆن دەردی کورد دیاری ئەکا و چ دەرمانێکی بۆ دائەنێ، گوێت لێ ڕاگرت کە سکاڵای حاڵی کوردی ئەکرد و دەردی دڵی خۆی ئەگێڕایەوە. لە پێشانیشا زانیت تێگەیشتن و پێگەیشتنی چۆن بووە، لە کوێ وە لە کەیا ئەو بیروباوەڕانەی بووە. درێژەی نەدەینێ وا چەند سەعاتێکت لەگەڵ حاجیدا بردە سەر لەو شیعرانەیدا کە لە باسی وا ئەدوێن کە بەر لەو شاعیرەکانمان کەسیان بۆی نەچوون، بەڵکو بەبیریشیانا نەهاتووە. دیارە لەگەڵ شیعرەکانی حاجییشا ئەو چەند دێڕانەت خوێندووەتەوە کە بەنیسبەت هەر پارچە شیعرێکەوە وەک پێشەکییەک وان. جا ئاخۆ لەمەوە گەیشتیتە چ ئەنجامێک، وە چ باوەڕێک چەسپی دڵت بوو دەربارەی حاجی؟

من ناڵێم ئەم نووسینەی من بەتەواوی پەردە لە ڕووی شیعری حاجی هەڵئەماڵێ و ناو کورۆک و ئامانجی بەتەواوی دەرئەخا و کارێکی وا ئەکا کە بتوانین بەوردی لە هەموو سەرێکی بیروباوەڕی حاجی بگەین،

بەڵام، وەک من بزانم، ئەمە یەکەمین هەنگاوێکی ڕێکوپێکە - هەرچەند کەموکورتییشی هەبێ - کە لەم بابەتەوە نرابی، وە بەهۆی ئەم کۆکردنەوەی ئەو شیعرانەی حاجییەوە کە لەم بابەتە تازانە ئەدوێن و، دەرکێشانیان لە شیعرەکانی تری کە باسی خۆشەویستی و دڵداری و وەسف و باسە کۆنەکانی تر ئەکەن و ئەم ڕێکخستنەیان بەم چەشنە باس بەباس، تا ڕادەیەکی باش ئەتوانین لە حاجی و پایەی حاجی لەناو شاعیرانی کوردا و جێگای شیعری لە کاروانی شیعری کوردیدا - بگەین.

من خۆم لە خوێندنەوەی شیعری حاجییەوە، گەیشتوومەتە ئەوە کە حاجی بەبوێژی سەردەمی (پەیدابوونی نەتەوایەتی) دانێم کە ئەنجامی دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەدارییە[١]، وە وای لێ حاڵی بووم کە سنووری بەینی دەوری دەرەبەگیی زەمانە بەسەرچوو و سەرمایەداریی

(١) هەرچەند کوردستان تا درەنگێکیش پاش حاجی پێی نەنایە ئەم قۆناغەوە، بەڵام لە مێژوودا زۆر جار وا ڕێککەوتووە پەیدابوونی ئایدیۆلۆجیەتی قۆناغی تازە لە وڵاتێکا بکەوێتە پێش گۆڕانی پەیوەندی و شێوەکانی هێنانە بەرهەم بەپێی ئەو قۆناغە تازەیە، ئەوەش لە ئەنجامی کارتێکراوبوونی ئەو وڵاتەوە بەو گۆڕانانەی کە لە دەرەوەیدا ڕوو ئەدەن. هەر لەبەرئەوەش بوو - واتە لەبەرئەوە کە حاجی بیروباوەڕی وڵاتانی تری بەکوردا ئەگەیاند، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستانا وای لێ نەهاتبوو کە بیروباوەڕەکانی حاجی لە کوردستان خۆیان هەڵقوڵێنێ - حاجی وا بەسەختی هێرشی ئەبردە سەر نەزانی و شێخ و مەلا کە نیشانەی یاسای کۆنن، وە نەیئەزانی لە بنی یاساکە خۆی بدا، وە بۆیەش قسەکانی لە سەردەمی ژیانی خۆیا کارێکی وایان نەکردە سەر بیر و مێشکی خەڵکی.

(١- دووبارە) مەبەست دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا (پەراوێزێکی نوێ).

تازە پەیدا بووە، چونکە ئەو هەستانەی کە لە شیعرەکانیا دەریانئەبڕێ، هەموو لە چەشنی ئەو هەستانەیە کە بوێژانی قۆناغی پەیدابوونی گیانی نەتەوایەتی لە مێژووی نەتەوەکانی ترا دەریانبڕیوە. حاجی شاعیری ئەو دەورە بووە و ئێستاش لە گەلێ شتا بەشاعیری ئەم چەرخەش ئەژمێررێ و، ئەمەتە تێگەیشتنی من لە حاجی.

مامۆستایانی بیرکەرەوە و شاعیرانی تری پاش حاجی، هەموویان لەو ڕێگاوە دەسیان کردووە بەڕۆیشتن کە حاجی بۆی خۆش کردوون، بەڵام ڕێگاکەیان خۆشتر کردووە و بەپێی پێویستی دەسیان لێ داوە. ئەمە لە نووسین و شیعرەکانی جەنابی مەلای کۆیەدا لە هیی هەموو کەس باشتر دیاری ئەدا.

خوێنەرەوەی خۆشەویست!

من وا ئەم بەری تەقەلای خۆمەم خستە سەر قاقەز بۆ تۆ و بۆ هەموو خوێنەرەوەیەکی تری کورد زوبان. هیوام وایە بەشدارییەکی بەپێی توانای خۆم باشم کردبێ لە زیندووکردنەوەی یادی حاجی و، لە ڕێگا خۆش کردنا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردتر و باشتر لە شیعرەکانی.

ئیتر دەس لە دەس و، هێز لە گیانی ئەم زەمانە و گەلی خەباتکەری کۆڵنەدەرمان.

چەند بابەتێکی باش لێ نەکۆڵراوە

لە ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی گەلی کورد

# حاجی قادری کۆییدا

چاپی یەکەم

له ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی مەزنی گەلی کورد حاجی قادری کۆییدا چەند بابەتێک هەن هەرچەند چەند کەسێک لەمیان یا لەویان دوابن، من خۆم بەخاوەنی شانازیی ئەوە دەزانم کە یەکەم کەسم ئەو بابەتانەم هێناونەتە ئاراوە و یەکەم جار ڕچەم بۆ کەسانی تر تێدا شکاندوون، بەڵام تا ئێستایش ئەو بابەتانە بەنیوە و ناتەواوی ماونەتەوە و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاترە لەبارەیانەوە.

هەر کام لەو بابەتانە، من لە یەکێک یا دوان لەو بەرهەمانەمدا کە بەتایبەتی لە بارەی حاجی یا شیعری حاجییەوە نووسیومن یا باسی حاجیم تێدا کردوون، باسم کردوون. بەڵام، بەداخەوە، ئەوانەیش کە دەستیان تێ وەرداون، دوکتۆر کەمال مەزهەری لێ دەرکەی لە بارەی یەکێکیانەوە کە یەکەمی ئەو بابەتانەیە لەم باسەمدا، زۆر کەمیان تێدا نووسیون و مەسەلەکان پێویستیان بە گەلێ لەوە زیاترە کە لەبارەیانەوە وتراوە و نووسراوە. من هۆی ئەمە دەگێڕمەوە بۆ کەمتەرخەمیی توێژەرەوەکانمان کە تا هەڵکەوتێکی وەک ئەم ئاهەنگگێڕانە بەیادی حاجییەوە نەیەتە پێشەوە بیری لێ ناکەنەوەو، لەبەرئەوە مەسەلەکە هەر وا بە بەیاری دەمێنێتەوە و عەردەکەی پێویستی بەهەڵدانەوەیە.

***

یەکەمی ئەو بابەتانە بابەتی هەڵوێستی حاجییە لە گەلی ئەرمەن و خەباتی ئەم گەلە. حاجی لە پارچە شیعرێکی درێژی پڕ لە هەستێکی لێشاوکردووی دووربینانەی کوردایەتیدا هەندێ شتی وتووە وایان لێوە دەردەکەوێ دژی تێکۆشانی گەلی ئەرمەن بووبێ لەپێناوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و وەرگرتنی سەربەخۆیی ئەرمەنستاندا. حاجی

لەم پارچە شیعرەیدا وا پیشان دەدا کەوا:

**خــــاکی جـــزیر و بۆتان، یەعنی ولاتی کـــوردان**
**سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان**
**وا ڕێگەتان دەبەسـرێ عـێلاتی جاف و بلـباس**
**گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان**
**کـامـە کچ و هەتیـوێ شـیـرن بێ ڕایدەکـێـشن**
**هاوار دەبەنە بەر کێ ؟ پەشـمـە دەخـیل و ئامـان**
**مـەسـجـیـد دەبێتە دێرو، ناقـووسـییـان مـوئەززین**
**مـەتران دەبێتـە قـازی، مـوفـتـی دەبێـتـە ڕەهـبـان**
**هیچ غیرەتێک نەماوە سەد جار قەسەم بەقورئان**
**پەیدا بێ ئەرمـەنسـتـان نامـێنێ یەک لە کـوردان**
**ســەرتان لە قـــوڕ هەڵێنن، ئەحـــواڵمـــان ببـــینن**
**چۆنین لە دەسـتـی زوڵمی بێ دینی دوور لە ئیمـان**

تا دوایی پارچە شیعرەکە(١).

کە ئەم پارچە شیعرە دەخوێنینەوە هەست دەکەین ئەوەندەی نەماوە تێکۆشانی گەلی ئەرمەن بۆ گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆیی، پێ بگا و بێتە بەر. بە هاتنەبەریشی مەسەلەی گەلی کورد بەتەواوی دەبێ بەژێرەوە و بۆ خۆیشی لەناودەچێ و شناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدا و، بۆیە حاجی داوای هەستانەوەی گەلی کورد دەکا بۆ بەربەرەکانێی ئەرمەن و پرۆژە پەلهاوێژییەکانیان.

من کە یەکەمجار ئەم مەسەلەیەم لە کتێبی «حاجی قادری کۆیی

(١) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، (چاپخانەی آفاق عربیە)، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٨٥– ٩٠.

شـاعیـری قـۆناغـێکی نوێیـە لـە ژیانی نەتەوەی کـورد[٢]» دا هێناوەتە ئاراوە، ئاگام لە تەنها ڕوویەکی مەسـەلەکە بووە کە بەدادیی مـەسـەلەی ئازادیخـوازیی ئەرمـەنە و هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشـتـووم کە حـاجی قادر دژی مـەسـەلەی ئەرمـەنە و پێی وایە بە سـەرکەوتنی گەلی ئەرمەن و دروسـتبوونی ئـەرمەنسـتـان کورد و کـوردستـان دەکەونە بن دەسـتی ئەرمـەن و، ئـەمـەیش دیارە هـەڵەیە چونکە گـەلی کـورد و ئەرمـەن دوو گــەلی جــیــان و هـەریـەکــە وڵاتـی خــۆی هـەیە. حــاجی لـەم جــۆرە تێگەیشـتنەی خـۆیەوە گـەلی کـورد بانگ دەکـا بۆ بەگـژداچوونی ئەم ویستەی گەلی ئەرمەن.

من لە کتێبی ناوبراومدا بەشێکی زۆری پارچە شیـعرەکەی حاجیم نووسـیـوەتەوە کـە لەپاش خـسـتنەڕووی مـەسـەلەی مـەترسـییـەکـەی سـەرکـەوتنی گـەلی ئـەرمـەن بەرنامـەیەکی کـاری زۆر ڕێکوپێک و هـاوچەرخ و تێگەیشـتـووانەی بەبەڵگەی لە بـەرچاوەوە بۆ گـەلی کـورد و خـەباتی تێدا دادەنێ. من لەوکاتەدا ئەمـەم لەسـەر ئـەو پارچە شـیـعرە نووسیوە:

«بەڵام داخی گرانم کە حـاجی ئەم شـێوەی جوانی ئیـشکردنەی کە لەم شیـعرانەیا دایدەنێ، بۆ ئامانجێکی چەوتی پێشنیار ئـەکا، وە پەی بەوە نابا کـە کـورد و ئـەرمـەن هـەردووکـیـان گـیـرۆدەی دەسـتی یەک داگــیــرکــەر بـوون و، وە بانگ ناکــا بـۆ یەکگرتنی هـەردوولایان لـە

(٢) محەمەدی مەلا کەریم، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد، بەغدا، چاپخانەی نەجاح، (بێ نووسینی ساڵی لە چاپدان کە سـاڵی١٩٦٠ـە). ئـەم کـتـێـبـە جـارێکی تریش، وەک بەشـی یەکـەمـی ئەم کتێبەمان، لە چاپ دراوەتەوە (ل ١ – ١٣٦)

خــەباتێکی پێکەوەدا بۆ ڕزگــاربوونی هەردوو لا، وە ناچی بەگــژی کردەوەی ناپەسەندی عوسمانییەکانا کە هەموو جارێ هەستی ئاینیی کوردەکانیان ئەبزواندەوە و ئەیانکردن بەگژی ئەرمەندا و خوێنێکی زۆری هەردوولایان بەڕشتن ئەدا، وە هەر سەرۆکێکی کورد کە هەوڵی بدایە بۆ برایەتیی کورد و ئەرمەن بێ سەرنگومکردن دەستیان لێ هەڵنەئەگرت. نەتەوەی کوردیش لەبەر پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی لەم پیلانەی عوسمانییەکان تێنەئەگەیی تا پێی هەڵنەخەڵەتێ[٣]».

ئەم قسانەی من و شیعرەکانی حاجی هیچیان تەواوی ڕووی ڕاستی مەسەلەکە دەرناخەن. قسەکانی من لە ڕووی تیوورییەوە تەواون، بەڵام بەسەر ئەو وەزعەدا پراکتیکە نابن کە ڕووی پڕۆپاگاندەی مەسەلەی ئەرمەن و هەڵوێستی هەندێ لە کۆڕ و کۆمەڵانی ئورووپا لەئاست ئەو مەسەلەیەدا دەیاننواند. شیعرەکانی حاجییش بەپێچەوانەوە. من نەمتوانیبوو لەگەڵ بەیانی ڕاستی و بەدادیی مەسەلەی ئەرمەندا شۆڤێنییەتی دروشمە نەتەوەیییەکانی بۆرژوای ئەرمەن دەرخەم کە ئاڵای خەباتی نەتەوەییی گەلی ئەرمەنی هەڵگرتبوو. حاجییش نەیتوانیوە ڕاستی و بەدادیی مەسەلەی نەتەوەییی ئەرمەن تێ بگا و لەگەڵ شۆڤێنییەتی دروشمە نەتەوەیییەکانی بۆرژوای ئەرمەنی لێک بکاتەوە. لەبەرئەوە منیش و حاجییش یەکی نیوەی ڕاستیمان پیشانداوە. دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا[٤])

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥-٦٦ .

(٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،١٩٧٥ .

زۆر بەکورتی هێمای بۆ ئەوە کردووە کە محەمەدی مەلاکەریم لە ڕەخنەکەیدا «تەنها دیوێکی مەسەلەکەی دیوە(٥)» و بۆ خۆی لەئاست حاجی بێ دەنگ بووە. ڕەنگ بێ دوکتۆر لای وابووبێ حاجی لە من زیاتر هەقی بووبێ نەتوانێ بەباشی لە ڕاستیی مەسەلەکە بگات. ئەگەر وابێ منیش لەگەڵی هاودەنگم، چونکە ئەوەی بۆ ئێمە لواوە تا باش لە ڕاستی بگەین، بۆ حاجی نەلوابوو. پێش دوکتۆر کەمالیش، بەڕێز مام جەلال لە ڕۆژنامەی(خەبات)دا، بەناوی (پیرۆت)ەوە، کە ئەو سەردەمە، چونکی ئەفسەری ئیحتیات بووە و دەبوو سوپایی بەئاشکرا لەسیاسەت نەدوێ، بەو ئیمزایە دەینووسی، لەسەر ئەم مەسەلەیە هاتووەتە دەنگ و لە بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەکەی مندا لە حاجی بۆچوونی خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە: «دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان، بەتایبەتی ڕووسیا و بەریتانیا، ویستوویانە دەوڵەتێکی کۆنەپەرست بۆ ئەرمەن دابمەزرێنن و بەشێک لە خاکی کوردستانی بخەنەسەر (٦)». دوکتۆر ئیحسان فوئاد و دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵیش هەردووکیان لە نامەی دوکتۆرای خۆیاندا، یەکەم لە لێنینگراد و دووهەم لە باکۆ، چەردەیەکی کەم لەم بابەتە دواون و یەکەمیان وای پیشانداوە کە گوایە حاجی «بە هەستێکی زۆر قووڵەوە پشتی خەباتی ئەرمەنی گرتووە(٧)» و، دووهەمیش وای پیشانداوە کە گوایە حاجی «لەتاو پیلانی نێوان ئیمپریالیزم و بزووتنەوەی ئەرمەن بۆ زەوتکردنی خاکی کوردستان ڕوودەکاتە کورد و وریایان دەکاتەوە(٨)». لەناو ئەم

---

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦ (پەراوێز).

(٦) ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی تەمووزی ١٩٦٠ (بەگێرانەوە لە د.کەمالەوە). (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦–١٢٧، پەراوێز).

(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦، (بەگێڕانەوە لە د. کەمالەوە، پەراوێز).

(٨) سەرچاوەی پێشوو. من لام وایە چ دوکتۆر ئیحسان فوئاد و چ دوکتۆر

چەند نووسینەدا لەوبارەوە کە من ڕەخنەم لە حاجی تێداگرتووە، وەک پێشتریش وتم، تەنها دوکتۆر کەماله، با زۆر بەکورتییش بێ، لایەنی ناتەواویی بۆچوونەکەی منی بەڕاستی دەربڕیوە. دوکتۆر کەمال لە نووسینەکەیدا لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەشێوەیەکی ڕوونتر لە ڕەخنەکەی لە من، ڕەخنەی لە بۆچوونەکەی مام جەلالیش گرتووە و، لەسەر نووسینەکەی مام جەلال کە پیشتر گێڕامانەوە، نووسیویە: «لەڕاستیدا، تاپەیمانی (سیڤەر) قەت ناوی سەربەخۆییی ئەرمەنستان لە پەیمانە دەوڵەتێکاندا نەهاتووەتە ناوەوە. بەندی شازدەی پەیمانی (سان ستیڤانۆ) و بەندی شەستویەکی (بەرلین) کە تا (سیڤەر) بەبەرزترین پلەی بایەخ پێدانی دەوڵەتە گەورەکان بەئەرمەن دادەنرێن، تەنانەت ناوی ئۆتۆنۆمیشیان تێدا نییە و تەنها باسی (ئیسلاحات) و (پاراستنی ئەرمەن لە چەرکەس و کورد) دەکەن[٩]».

من، بۆ خۆم، لە وەرگێڕانی کتێبەکەی دوکتۆر کەمالدا بۆ عەرەبی[١٠] و، لە پەراوێزی ئەو شوێنەیدا کە ئەو ڕەخنەیەی دوکتۆری لە بۆچوونەکەی من تێدایە، توانیومە بگەمە بۆچوونێکی پوختەتر کە

---

عیززەددین مستەفاڕەسووڵ لە ژێر کاریگەریی ئاووهەوای سیاسیی ئەو زانکۆیانەی سۆڤیەتدا کە تێزی دوکتۆراکەیان تێدا پێشکەش کردووە، ئەم دوو بۆچوونە نادروستەیان کردووە بە هیی خۆیان. زانکۆی لێنینگراد گەلێ مامۆستای ئەرمەنیی تێدا بووە و دەبوو شتێکی وای تێدا نەوترێ لەسەر دڵی مامۆستای ئەرمەنی گران بێ و، زانکۆی باکۆیش بەو پێیە کە زانکۆیەکی ئازربایجانییە نەدەبوو شتێکی وای تێدا بگوترێ بەسوودی ئەرمەن بێ!

(٩) د.کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧، (پەراوێز).

(١٠) الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، بغداد، ١٩٧٧، مطبعة المجمع العلمي الكردي، الطبعة الاولى.

کورتەکەی ئەمەیە: من کە نەک تەنها یەکەم کەسم لەم بابەتی هەڵوێستی حاجییە لە مەسەلەی ئەرمەن کۆڵیومەتەوە، بەڵکو یەکەم کەسیشم لە پایەوپلەی حاجی لە تێکڕای بیری کوردیدا کۆڵیومەتەوە، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ و، بەتایبەتی بەش بەحاڵی ئەو ڕووناکبیرە کوردانەی دوکتۆر کەمال ناوی هێناون، لەباری سەرنجێکی سیاسییە ڕووتەوە لەم مەسەلەیە کۆڵیومەتەوە و، هیچ زانیارییەکی بەربڵاوم لە لایەنی مێژوویی ڕیالیستانەی بیری سیاسیی ئەرمەنەوە نەبووە. من، وەک هەر پێشکەوتخوازێک کە باوەڕی بە مافی گەلان، گەورە و وردیان، لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەدەستی خۆیان هەبێ، لام وابووە ئەرمەنیش، هەروەک کورد، مەسەلەیەکی بەدادیان هەیە کە مەسەلەی ئازادی و سەروەریی نیشتمانییە. جا لەبەرئەوەی لە مەسەلەی ئاڵۆز و لێکئالاوی سنووری جیۆگرافیایی نەتەوەیی نێوان ئەرمینیا و کوردستاندا هیچ شارەزاییەکم نەبووە و، شتێکی ڕوونیشم لە بارەی ئەو دروشمە شۆڤێنییانەوە لا نەبووە کە بۆرژوای تازە هەستاوەی ئەرمەن هەڵیاندەبڕین کە دیارە دەبێ ئەوانیش، وەک بۆرژوای شۆڤێنیی هەر نەتەوەیەک، بووبێتیان، نەمتوانیوە لەوە زیاتر بڕۆم کە تەنها یەک ڕووی مەسەلەکە ببینم[١١]. ئەمە پوختەی ئەوە بوو لە پەراوێزی وەرگێرانی کتێبەکەی دوکتۆر کەمالدا نووسیومەو، ئەمەوێ ئێستا لێرەدا ڕوونتری بکەمەوە و لەپێشاندا دەڵێم:

هەر لە سەرەتای هاتنی عەرەبە موسوڵمانەکانەوە لە سەردەمی خەلیفەی دووهەم عومەر و خەلیفەی سێهەم عوسماندا زۆر شوێنیان لە باشووری ئەرمینیا داگیرکردووە و ئیتر وردە وردە بەشی هەرەزۆری

(١١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩ (پەڕاوێز).

خەڵکی ئەو شوێنە داگیرکراوانە، بەزۆر یا بەخواهیش، موسوڵمان بوون و، بەپێی ئەوە کە کوردی موسوڵمان دراوسێیان بوون و موسوڵمان بوون، بە موسوڵمان بوونەکەیان لە گەلەکەی خۆیان دابڕاون و زمانی کوردی بووە بەزمانیان و بوون بەکورد. پاشانیش هەر میرێکی کورد لە یەکێ لە میرنیشینییە دراوسێکانیاندا دەسەڵاتی بووبێ لێی داگیر کردوون و خەڵکی ئەو شوێنە تازە داگیرکراوانەیش هەروا وردە وردە موسوڵمان بوون. پاشتریش کە خێلە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەئێران و عێراقی ئێستادا هاتن و تورکیای ئێستایان داگیرکرد کە گەلێ میللەتی جوێ جوێی تێدا بووە و، ئەرمەنیش یەکێک بووە لەگەلەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی و، بەشێکی زۆری باکووری کوردستانی ئێستایش بەشێک بووە لە ئەرمینیا، عەشایرێکی جەنگاوەری زۆری کوردیش لەگەڵ خێڵە تورکەکاندا هاتوون و لەوانەیە لەپێشیشیانەوە بووبن و شەڕیان بۆ کردبن و وڵاتیان بۆ داگیرکردبن. خێلەکوردەکان ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستایان داگیرکرد کە بەشێک بووە لە ئەرمینیا و خێڵە تورکەکانیش ناوەڕاست و ڕۆژاوای و، هەردوولا بەدرێژاییی ساڵەها بەشێکی زۆری میللەتی ئەرمەن و ڕۆم و گەلانی تری تورکیای ئەو سەردەمەیان کرد بەموسوڵمان و ئەوانەی لە ژێر دەستی کوردەکاندا موسوڵمان بوون بوون بەکورد و ئەوانەی لەژێر دەستی تورکەکاندا موسوڵمان بوون، بوون بە تورک، وەک چۆن یۆنانییەکانی قوبرس کە عوسمانییەکان داگیریان کرد ئەوانەیان کە موسوڵمان بوون بوون بەتورک و ئەوانەیان لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە هەر بە یۆنانییەتی مانەوە و، ئەو بەشانەیش لە گەلانی بەڵقان کە لە ژێر دەستی عوسمانییەکاندا موسوڵمان بوون لە گەلەکانی خۆیان دابڕان و زۆریشیان بوون بە تورک.

لەوکاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەرمەنستانی لەوەو پێش بووە بەکوردستان، نەتەوەییەکانی ئەرمەن ئەو ناوچانە، هەروەک جاری جاران، بەئەرمینیا دادەنێن، وەک چۆن هەندێ نەتەوەییی عەرەب گۆرانی بە بالآی ئەندەلوسی جاراندا دەڵێن. من خۆم لە مووزەخانەی ماتینەدەرانی شاری یەرێڤانی پایتەختی ئەرمینیا، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا نەخشەیەکی گەورەم دیوە بە ڕوویەکی دیواری ناوەوەی یەکێک لە ژوورە گەورەکانی مووزەخانەکەدا هەڵواسرابوو لێی نووسرابوو (نەخشەی ئەرمینیا). ئەم نەخشەی ئەرمینیایە تەنها بەشەکەی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لێ ڕەنگین کرابوو. بەشەکەی تری کە دەکەوێتە بەر تورکیا سپییەکی بێگەرد بوو بۆئەوەی تورکیا بیانووی دەستگیر نەبێت پرۆتستۆیان بکاتە سەر کە ئێوە کەڵکەڵەی دەستدرێژی کردنتان لە کەللەدایە، بەڵام تا دەگاتە ئەو شوێنانەی نەخشەکە کە ئەرمەنیش بە خاکی تورکیایان دادەنێن ناوی هەرچی شار و گوند و شاخ و ڕووبار هەیە هەمووی بەوردی لێ نووسرابوو. لە بەشەکەی تورکیای ناو نەخشەکەیشدا کە بەهەموو پێودانگێک تورکیایە، لە چەند ناوێکی شارە گەورەکان بەولاوە هیچی لێ نەنووسرابوو. واتای ئەمەیش ئاشکرایە.

بچینەوە سەر مەتڵەبەکەی خۆمان. من ئێستا لەو باوەڕەدام کە حاجی ئەو کاتەی ئەو پارچە شیعرەی وتووە ئاگای لەوە بووە کە بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەن بەشێکی زۆری باکووری کوردستانی بندەستی عوسمانیی بەئەرمینیا داناوە و، ئاگای لە دروشمە سیاسییە شۆڤێنییەکانیان بووە، بۆیە واناوی هەندێ لەو شار و شوێنانەی کوردستانی هێناوە کە ئەرمەن بەحیسابی سەدان ساڵ لەوەوبەر،

ئەگەر وابێ، بە هیی خۆیانیان لە قەڵەم دەدەن و، بۆیەیش وا ئاگری تێ بەربووەو وا بەپەرۆشەوە کەوتووەتە هاوار و داد و بێداد. لەو سەردەمەیشدا مەسەلەی ئەرمەن لە هەندێ لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئورووپادا لە سنوورێکدا لە ئارادا بووە هەرچەند نەیشگەیشتووەتە ڕادەی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ئەرمینیا. ڕۆشنبیر و سیاسییە کوردەکانیش لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی عوسمانی و کەم ئاگاییی خۆیان و ژێر دەسەڵاتیی بیری موسوڵمانەتیدا نەیانتوانیوە لەوە بگەن کە دەمەتەقێی ناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان و هەوڵدانی دەوڵەتان بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ ئەرمەن دوو شتی لێک جیاوازن و، ئەوەیشیان نەزانیوە کە بەشێکی زۆری ئەو هەڵڵاو بگرو پڕۆپاگاندەیەی لە ئورووپادا لە بارەی چەوساندنەوەی ئەرمەن و داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیانەوە دەکرا بەڕاست نەبووە و تەنها بەشێک بووە لە پەلاتیقەی دەوڵەتە سەرمایەدارە پەلهاوێژەکانی ئورووپا بۆ تەوژم خستنەسەر دەوڵەتی عوسمانی و ناچارکردنی کە مل زیاتر بۆ خواستەکانیان کەچ بکا و دەرگای وڵاتەکەی خۆییان پتر بۆ بخاتە سەر پشت. بۆیە هەرکوردێک لەو سەردەمەی حاجیدا لەم بارەوە هاتبێتە دەنگ هەقی بووە ترسی لە ئیددیعای پان و درێژی ئەرمینیایەتیی بەشێکی زۆری کوردستانی باکوور لە ئەرمەنییەکانەوە بووبێ و، وەک حاجی قادر کەوتبێتە بەرهەڵستی کردنی، هەرچەند ئەمە زۆریشی، بە سوودی سیاسەتی دوژمن بەکورد و گەلانی تری عوسمانیی عوسمانییەکان تەواو بووبێ. هەر لەبەرئەمەیش من ئێستا هیچ گلەیییەکیم لەوە نییە کە بۆچی حاجی وا توند بەرەنگاری بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەنییەکان بووەتەوە کە شان بەشانی بەدادیی مەسەلەی نەتەوەییی ئەرمەن، ئەو ڕووە شۆڤێنییەیشی بووە

کە ویستوویەتی گۆڕاوێکی چەند سەد ساڵەی مێژوویی لە بارەی جیۆگرافیای ئەرمینیا و کوردستانەوە هەڵوەشێنێتەوە و بیگێڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی(١٢).

***

(١٢) لەوانەیە هەندێ کەس لێرەدا ڕەخنەی ئەوەم لێ بگرن کە بۆچی داواکردنەوەی بەشە داگیرکراوەکانی ئەرمەنستان لەلایەن ئەرمەنەکانەوە کە کورد و تورک لێیان داگیرکردبوون بەناڕەوا دەزانی، کەچی ئێوەی کورد داوای ئەو شوێنانەی کوردستان دەکەنەوە کە ڕژێمی سەددام حوسێن لێی داگیرکردن و عەرەبی تێیاندا دانا؟
لە وەڵامی ڕەخنەیەکی وادا دەڵێم: بێ گومان ئەو داگیرکردنەی بەشێکی ئەرمەنستانیش لەلایەن کورد و تورکەوە، وەک هەر داگیرکردنێکی هەر شوێنێ، لەهەر وڵاتێ، لەلایەن هەر گەلێکی ترەوە، ناڕەوا بووە، بەڵام مێژوو بەدرێژایی تەمەن هەروا ڕۆیشتووە. بۆچی ئێرانی کۆن سەردەمانێ تا میسریشی داگیر نەکردبوو؟ یۆنانییەکان سەردەمانێ تا ئاسیای ناوەڕاستیان داگیرنەکردبوو؟ عەرەبە موسوڵمانەکان لە سەرەتای ئیسلامدا لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سنووری چین و، لە ڕۆژاواوە تا سنووری فەرەنسایان نەگرت؟ پاشانیش ئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسە و ئیتالیا و ئەلمانیا بەشێکی زۆری ئاسیا و ئەفەریقایان داگیر نەکرد؟ بەڵێ هەموو کردیان. بەڵام ئەمڕۆ چی دەتوانرێ بکرێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی ئەو سەردەمانە؟ ئەگەر گەلێک بۆ خۆی ڕاست نەبووبێتەوە، یا داگیرکردنێکی نوێتر بەسەر ئەو داگیرکردنانەدا نەهاتبێ، نەتوانراوە هیچ بکرێ و داگیرکردنەکە چەسپاوە و بووە بە ڕاستییەکی مێژوویی و ئەمڕۆ لە گێڕانەوەی باسی ڕووداوەکە بەولاوە هیچی تر ناکرێ. بۆیەیش ئەمڕۆ کە دنیاکە تاڕادەیەک دنیایەکی ترە و دەتوانرێ نەهێڵرێ داگیرکردنێکی بەزۆر سەربکەوێ و ببێ بەڕاست. ئێمە کە داوای ئەو شوێنانەی کوردستانی عێراق دەکەینەوە کە ڕژێمی سەددام لێی زەوت کردووین و عەرەبی تیایاندا نیشتەجێ کردووە، ئەمڕۆ دەرفەتی ئەوە =

«لێرەدا مەسەلەیەکی تریش هەیە لەگەڵ مەسەلەی ئەم هەڵوێستی حاجییە دەربارەی ئەرمەن لێک ئاڵاوە، ئەویش مەسەلەی هەستی موسوڵمانەتیی حاجییە کە من لام وایە حاجی بەرانبەر بە هەر مەسەلەیەک کە پێوەندی بەموسوڵمانەتییەوە بووبێ ئەگەر نەیشڵێین پێش ئەوەی وەک کوردێک بجووڵێتەوە وەک موسوڵمانێک جووڵاوەتەوە، کوردایەتییەکەی و موسوڵمانەتییەکەی وەک دوو بابەتی پێکەوە پێوەندکراو تەماشا کردووەو لەهەر مەسەلەیەکی تێکەڵ لەم دوو چەمکەدا هاوسەنگییەکی وردی لە نێوان هەردوو بابەتەکەدا کردووە. هەر خودی ئەم پارچە شیعرەی (خاکی جزیر و بۆتان)ە کە لەم بەشەی ئەم باسەدا لێی دواین، وەک پارچە شیعری هەر لە یەکەم جارەوە بە لێقرتاوی بڵاوکراوەی (وا دیارە ڕەسم و قانوونێکی دەوران

= هەیە بتوانین ئەو شوێنانە بسێنینەوە چونکە خۆمان زیندووین و لایەنگرانی ئەو داگیرکەرانە ئەوەندە زۆر و بەهێز نین دەرەقەتیان نەیەین و ئەگەر لێی بێ دەنگ بین تا پەنجا ساڵێکی تر کوردی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی تر دەبن بەئاردی ناو دڕک و ئیتر هیچ ناکرێ و مەگەر هەر بڵێین کەرکووک ئەوسا کوردستان بوو، بەڵام شوێنێکی وەک فەلەستین کە ئیمپریالیزمی جیهانی و لێهاتوویی جوولەکە خۆیان و خوێڕییەتیی حوکمڕانانی عەرەب و بێدەسەڵاتیی میللەتی فەلەستین و میللەتانی تری عەرەب و سیاسەتی چەوت و چەوێڵی خۆیان و حوکوومەتەکانیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ زایۆنیزمی جیهانی خوڵقاند کە جوولەکە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهانەوە بێن داگیری بکەن و دەوڵەتی ئیسرائیلی بەناڕەوا تێدا پێکەوە بنێن و بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لێ دەرکەن یا ناچاری هەڵاتنیان بکەن، مەگەر ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی جیهانی ڕوو بدا، ئەگینا جارێکی تر گەلی عەرەبی فەلەستین نابێتەوە بەخاوەنی هەموو وڵاتەکەی و دەرکراوەکانی ناگەڕێنەوە بە هەموو خاکی فەلەستینی جاراندا بتووڕێنێ.

دادەنێ(١٣))، بەڵگەیەکی زەقی ئەم بۆچوونەمە، وەک گەلێ شیعری تریشی کە وەک لە بواری کوردایەتیدا، لە بواری تریشدا گاڵتەیان بە ڕێبازی ئایینیی عەجەمان تێدا دەکا، هەروا دەڕژێنە ئەم ئاوەڕووە(١٤))». ئەم بابەتەیش، هەروا، یەکێکە لەو بابەتانەی پێوەندیدار بە حاجی قادرەوە کە من بۆ یەکەمجار هێناومنەتە ئاراوە و دووهەمیانە.

***

سێهەمی ئەو بابەتانە لە ژیان و شیعری حاجی قادردا کە من یەکەمجار هێناومنەتە ئاراوە، ئەوەیە حاجی بەر لەوەیش کوردستان بەجێ بهێڵێ نیشانەی هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی تێدا دیاربووە. ئەوەی تا ئەم دواییییە زانرابوو و باو بوو ئەوەیە کە حاجی قادر تا لە کوردستان بووە ئاستی هوشیاریی لە سنووری بەگژداچوونی بەناو شێخانی، لەڕاستیدا دەستبڕی، تەریقەت تێنەپەڕیوە، بەڵام لەم بوارەدا زۆر لە مەلایانی سەردەمی خۆی بەولاوە

(١٣) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨-١٨٣؛ محەممەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٩، چاپخانەی (دار الحریە). لە ناونانی ئەم کتێبەدا دەبوو لە جیاتیی (دیوانی..) بمنووسییایە (شیعری..) چونکە لە ڕاستیدا هێشتا شتێک لە بەردەستدا نییە ڕاست بێ پێی بووترێ (دیوانی شیعری حاجی قادری کۆیی) و، هێشتا دیوانی شیعری حاجی، وەک دیوان، کۆنەکراوەتەوە.

(١٤) ئەو چەند دێڕەی خراونەتە نێوان جووتە دوو کەوانۆلکەکانەوە، لە ئەسڵی بابەتەکەدا نەبوون کە لە ڤستیڤاڵی حاجی قادری کۆیەدا خوێنرایەوە کە لە ڕۆژانی ٦-٩ /١٠/ ٢٠٠٤دا لە کۆیە سازکرا.

چووە و دانوولەی زۆر زۆر زیاتر لەوان لەگەڵ شێخان نەکولاوە و، لەبەر سەختگیری کردنی بووە لە ئاستیان لەم ڕووەوە جێی لە کوردستان پێ لەق بووە و لە شوێنی خۆی هەڵکەنراوە و ڕێی ئەستەموولی گرتووەتەبەر. ئیتر کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە تا لە کوردستان بووە هیچ جۆرە هەستێکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونیدا بووبێ. تا من لە دوارۆژەکانی بەچاپ گەیاندنی کتێبی(هەنگاوێکی تر بەڕێگادا بەرەو ڕاستکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی)دا بووم پارچە بەیازێکی کۆنی زەرد باوم لە ناو دەستنووس و کتێبە کۆنەکانی کتێبخانەکەی خۆمدا دۆزییەوە دوو پارچە شیعری ناتەواوی نالی و کوردی و چوار پارچە شیعری حاجی قادری تێدابوو یەکێکیان لەوەو پێش پێی نەزانرابوو و بلاو نەکرابوەوە. ئەم پارچە پێ نەزانراو و لەوەوپێش بلاونەکراوەم بەهاوکاری لەگەڵ باوکم و کاکە فاتیحی ڕەحمەتیی برام ساغ کردەوە و، لە داوێنی کتێبە لە ژێر چاپەکەمدا بلاوم کردەوە. من لەم کارەمدا نەک تەنها بەوە پشت ئەستور بووم کە ئەو پارچە شیعرە پێشتر پێ نەزانراو و بلاونەکراوەیش، وەک سێ پارچە ناسراوەکەی تر، ناوی حاجی لە دوابەیتیدا هەیە و لەسەرەوەیش ناوی حاجیی لەسەر نووسراوە، بەڵکو هەر بە سروشتی شیعرەکە خۆیدا لێی دڵنیابووم کە ڕاستە هیی ئەوە. جارێ، بەرلەوەی لە پارچە شیعرەکە بدوێین، ئەمە دەقەکەی:

**هەروەکوو مەردوم لە بەرچاوم دەگریێ نم نمی،**
**پیرە گودروونیش لە داغی دەوری حوکماتی گومی**
**تەن لە سایەی دووکەڵی ئاهی دڵی پڕئاتەشە،**
**وا لە بەحری گریەدا چالاکە وەک (ئاتەش گەمی)**

**زوڵفی تاتا کـــــردووە بادی ســــەبا، هـەر تایەکی**
**سـەد هەزار چینی هـەیە، هەر چینی بارێکی خـەمی**
**(صـــــاد عــــینی بالبکا، للنای، ضنت بالکری)**
**(لیس للانســـان الا مـــاســـعی فی مـــا همی)**
**یا هەڵێ، یا تـاقـــەتی باری ڕەقــیـــبــانت هەبێ**
**ڕۆحەکەم، (حاجی)، مەبە ناموستەقیم و دەم دەمی**(١٥)

لە یەکـەم بەیتی ئەم پارچە شـیـعرەدا حـاجی قـادر هاتنەخـوارەوەی ئاوی کانیاوەکـانی پیرەمەگروون بەڕووی شـاخـەکەدا بـە گریانی ئەو شـاخـە سـەرکـەش و بڵندە دادەنێ لە داخی بەسـەرچوونی سـەردەمی حوکمڕانیی ونبووی وڵاتەکەی کە حوکمڕانیی بابانەکانە، کە ئەویش، وەک چۆن خـەڵکەکە دەگرین و نم نم فرمێسک بەچاویاندا دێتەخـوار، دەگری و فرمێسک دەڕێژێ.

لە بەیتی دووهـەمیشـدا، پاش باسکردنی حـاڵی خـاکی نیشـتمـان و کەژوکێوی وڵات بەهۆی ئەم کارەساتەوە، دێتە سـەر باسی حـاڵی خۆی و دەڵێ: منیش لەشم لەسـایەی دووکـەڵی دڵی ئاگر تێ بەربـوومـدا لە دەریای فـرمـێـسکی گـریـانـدا کـەوتووەتە سـەر ئاو و، چاڵاکـانە، وەک پاپۆڕی هەڵمی کە بە هێزی ئاگری ناوەوەی بەڕێوە دەچێ، ڕێ دەبڕێ.

ئەمە بەئاشکرا نیشـانەی ئەوەیە کە حـاجی هـەر لە زووەوە هەسـتی کوردایەتی و نیشـتمـانپەروەریی تێدابووە و بـەهێزیش بووە. بـەم پێیـە بەدووری نازانم و هـەرئەوەیش لە بـار و جـێی خـۆیدایەتی کـە حـاجی شیعری کوردایەتی و نیشتمانیی تریشـی لە پێش کۆچکردنیدا بووبێ، بەڵام یا فـەوتابێ یا دەسـتی کـەس نەکـەوتـبێ چونکە زۆر زەحـمـەتە ئەم

(١٥) بڕوانەرە: محەمەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا، ل ٢٧٦.

پارچە شیعرە پڕجۆش و خرۆشی کوردایەتی و نیشتمان پەروەرییە تاقانە پارچە شیعری بووبێ لەم بوارەدا کە لە کوردستاندا وتبێتی. کەواتە با چاوەڕوان بین هەر هیچ نەبێ دوا ڕۆژ چیمان لە کتێبخانەکانی ئەستەمووڵدا بۆ دەخاتە ڕوو(١٦).

هەروا بەم دوو بەیتەدا دیارە کە حاجی ئەم پارچە شیعرەی لە کوردستان وتووە نەک وەک شیعرە کوردانە و نیشتمانییەکانی تری لە ئەستەمووڵ، چونکە لە بەیتی یەکەمیاندا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن خەڵک لە خەمی ونبوونی حوکمەتەکەیاندا دەگرین و نم نم فرمێسک لە چاویان دەڕژێ، وەک چۆن پیرەمەگروونیش هەر لە داخی ئەم کارەساتەدا وەک خەڵکەکە ئاو بەڕوویدا دێتە خوار. دیاریشە ئەگەر لە کوردستان نەبووبێ چۆن خەڵکی دیوە بەم بۆنەیەوە دەگرین، هەرچەندیش ئاگای لە پیرەمەگروون بووبێ کە ئاو بەڕوویدا دێتە

(١٦) هەموو ئەو سەرچاوە شیعرییانەی لە نووسینی ئەم باسەمدا کەڵکم لێ وەرگرتوون باسی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵێک شیعری حاجی لای عەبدوڕڕەززاق بەدرخان بووە ئامادەکراوە بۆ لە چاپدان. کە تورکەکان عەبدوڕڕەززاقیان گرتووە و لە سێدارەیان داوە شتەکانی کەوتوونەتە لای ئەوان و ئەو کۆمەڵە شیعرەیش یەکێکیان بووە کە مامۆستا عەلائەددین سەججادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا وای وەسف دەکا کە (دیوانێکی نایاب بووە). جا یا تورکەکان ئەو کۆمەڵە شیعرەیان فەوتاندووە یا لە بەڵگەخانەیەکی خۆیاندا هەڵیانگرتووە و لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە شوێنێکەوە سەرهەڵدا. سەججادی لە دوادواییی باسی حاجیدا لە مێژووەکەی، دەیشڵێ: وێنەیەکی ئەو دیوانەی حاجی کە لای عەبدوڕڕەززاق بەدرخان بووە، لای حەمیدە خانم ناوێکیش بووە کە ئەویش یەکێک بووە لە بەدرخانییەکان و، نوسخەیەکیشی کەوتووەتە لای (موحەممەدی میهری) کە دادیارێک بووە لە کوردەکانی ئێران کەوتووەتە ئەستەمووڵ و ماوەیەک گۆڤارێکیشی بەناوی (کوردستان)ەوە =

.....................................................................

= بەکوردی و تورکی و وەک لە یادم بێ بەفارسییش دەرکردووە و، لە ساڵەکانی ١٩٥٢–١٩٥٣یشدا کە مامۆستا گۆران (ژین)ی دەردەکرد هێشتا مابوو و لە یادمە ژینی بەپۆستە بۆ دەنارد. ئێستا وای بۆ دەچم سەرچاوەی ئەم دوو سێ هەواڵەی مامۆستای سەججادی سەبارەت بە دیوانەکەی لای عەبدوررەززاق بووە هەر موحەممەد میهری بووە کە دەبێ مامۆستا پێوەندی ئاڵوگۆڕکردنی نامەی لەگەڵیدا بووبێ و لام وایە ئەو نامە ئاڵوگۆڕکراوانەی نێوان سەججادی و میهری لە کتێبخانەکانیاندا ماون. بێ گومان بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە ئەستەمووڵ و بنەماڵە کوردەکانی تری کوردستانی باشوور کە لە ئەستەمووڵ بوون و هەروەها پاشماوەکانی ئەوانەی گۆڤارە کوردی و تورکییەکانیان لە ساڵانی دەوروبەری جەنگی یەکەمدا لە ئەستەمووڵ دەرکردووە و ئەوانەی لە حەیدەرییەکان کە لەو سەردەمەوە کەوتوونەتە ئەستەمووڵ زۆریان لەوانەیە شیعر و دەسنووسی تری حاجییان لابێ، و هەروا ژمارەکانی ئەو گۆڤارە کوردی و تورکییانەیش کە ئێستا لای ئێمە نایابن، مەزەنەی ئەوەیان لێ دەکرێ شیعری حاجی و شاعیرانی دییان تێدا بڵاو کرابێتەوە. ئەمە گشتی سەرەڕای کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکانی ئەوێ کە بەهەر جۆر بووە پێوەندییەکیان بە کوردە باشوورییەکانی ئەستەمووڵەوە بووە. ئەمە لە ئەستەمووڵ.

من دڵنیام لە کوردستانی لای خۆیشمان، ئەگەر پێوەندیداران دڵ بسووتێنن، زۆر دەسنووس و شیعری بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی حاجییان لا دەدۆزرێتەوە. بنەماڵەی مەلای گەورەی کۆیە و مەلا و شاعیرەکانی کۆیە بەتایبەتی حەوێزییەکان، پاشماوەکانی حوزنی و گیوی موکریانی کە بۆ خۆیان لە پێشەکیی هەردوو چاپی دیوانەکەی حاجیدا باسیان کردووە چەند کەشکۆڵیان لایە چەند پارچە شیعری حاجییان تێدایە. من هیوام وایە ئەمانە هەموو ڕەحمیان بۆ ئەدەبی کورد و بۆ شیعری شاعیری پڕ بایەخی کوردی وەک حاجی و شاعیرانی تری کورد بتلیسێتەوە و چییان لا هەیە بیخەنە بەردەستی ئەوانەی شتێکیان لە بارەی شیعری ئەو شاعیرانەوە پێ دەکرێ.=

خوار، چونکە ئەمەیان هەمیشەییيە. بەیتی پێنجەمیش کە دوا بەیتە لە پارچە شیعرەکەدا هەروا نیشانەی ئەوەیە کە حاجی ئەم شیعرانەی لە کـوردسـتـان وتووە چونکە بۆ خـۆی دەڵێ تیـایاندا: دوو ڕێگەت لە بەردەمدایە: یا هەڵبێ و وڵات بەجێ بهێڵە و بڕۆ، یا تەحەممولی باری بەرهەڵستکاران و ناحەزانت ببێ و گوێ مەدەرێ و دەم دەمی مەبە هەردەمێ لەسەر ڕایەک بی، کەواتە لە کوردستاندا دایناوە چونکە باسی هەڵاتن دەکا و دیارە هەڵاتنەکەیشی لە کوردستانەوە بووە.

جا کە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە حاجی ئەم پارچە شیعرەی لە کوردستان داناوە و، ئەوەیشمان بۆ دەرکەوت کە هەر پاش ڕووخانی میرنشینییەکە داینـاوە چونکە لە بەیتی یەکەمدا باسی گریانی خەڵکەکە و چیای پیرەمەگروونی کرد بۆ نەمانی حوکوومەتی بابانی و، لە بەیتی دووهەمیشدا باسی حاڵی خۆیی کرد بەهۆی ئەم کارەساتە خەماوەرەوە و، لە لایەکی تریشەوە ڕێی تێ ناچێ کەسێک کۆستێکی قورسی وەک ئەم کۆستەی بکەوێ و پاش ئەوە بەماوەیەکی زۆر بێت پیایدا هەڵبداو بیلاوێنێتەوە. لە بەیتی پێنجەمیشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە حاجی هەر لە دەوروبەری ڕووخاندنی میرنشینیی بابانەکاندا لە کێشەیەکی سەختدا بووە لەگەڵ ناحەز و نەیارانی کە بەناو شێخانی تەریقەت بوون و بەهۆی ئەمەوە بەگەرمی بیری لە

= من بۆ خۆم کە دواساڵەکانی ژیانم بەسەر دەبەم، گفت بەهەر کەسێکی بەشەرەف دەدەم کە شتێکی حاجیی لا ببێ، بمداتێ فۆتۆی بکەم و بیدەمەوە دەستی بەڵکو بتوانم ئاواتی ئەم پەنجا ساڵەی دواییی تەمەنم بهێنمەدی و نوسخەیەکی ساغکراوەی پوختی دیوانی حاجی ئامادە بکەم و لێکی بدەمەوە و لێی بکۆڵمەوە و بیکەم بەدیاریی ماڵاواییی یەکجاریم لە گەلی کورد و ئەدەبی ناسک و نازداری کوردی و بیری کوردایەتیی پێشکەوتخواز.

بەجێهێشتنی کوردستان کردووەتەوە، بەڵام لەو قۆناغەدا دوودڵیش بووە لە کۆچکردن و لە پێشاندا بڕیاری ڕۆیشتنی نەداوە، تاپاشان، واتە پاش ڕووخاندنی بابانەکان، کە سێودووی یەگجاریی دڵی خۆی دەکات دەگاتە ئەوە کە نابێ هەروا بمێنێتەوە و پێویستە بڕیاری خۆی بدا یا بمێنێتەوە یا هەڵێ و بڕوا و، ئەوەبوو ئاخری هاتە سەر ڕۆیشتن و کۆچی کرد. پێشتریش لە بەیتی چوارەمدا هێمای بۆ ئەوە کردبوو کە هەرچیی دێتەڕێ ئەنجامی کردەی خۆیەتی و خۆی بەسەر خۆیدای هێناوە کە ئەمەیش لایەنی کۆچکردنەکەی لەدڵیدا بەهێزکردووە چونکە کارێ کە مرۆ بۆ خۆی کردبێتی چارەسەرکردنی ئاسان نییە.

لەوانەیشە لە پێکەوە بەستنەوەی باسی ڕووخانی بابانییەکان و بیری هەڵاتن کەوتنە کەللەی حاجییەوە کە بەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێ، ئەم بیرە، پاش ئەم ڕووداوە، زیاتر لە لەوەپێش، لە دڵیدا جێگیر بووبێ و سەرەنجام جێ بەجێی کردبێ ـ بگەینە ئەو ئەنجامە کە حاجی ڕووخانی بابانەکانی بە مایەی پشت شکانی خۆی زانیبێ لە خەباتیدا لە دژی شێخە نەیارەکانی کە ئێمە نیشانە گەلێکی کەمیمان لە شیعرە ماوەکانیدا لە بەردەستدایە و، دەبێ بەشی زۆری بەهۆی مەترسیی بابەتەکە و پاشکەوتوویی کۆمەڵەوە فەوتێنرابێ. ئەگەر ئەم بۆچوونەمان لە جێی خۆیدابێ، لە لایەکەوە بەڵگەیەک دەبێ لەسەر پشتگرتنی حاجی لەلایەن بابانییەکانەوە و، لەلایەکی تریشەوە لەسەر بەهێزبوونی بەرەی کۆنەپەرستی شێخە دەستبڕەکان بەگەڕانەوەی تورکە عوسمانییەکان کە دەورێکی ئێجگار باڵایان لە پەرەپێدانی شێخایەتیدا لە کوردستان بووە. لەوانەیە ئەمەیش بۆ خۆی بمانگەیەنێتە ئەوە کە دەبێ حاجی لەو سەردەمی کێشەیەیدا لەگەڵ دەستە و دائیرەی شێخانی تەریقەت لە خودی کۆیە یا لە سلێمانی

ژیابێ چونکە بابانییەکان لە شوێنێکی وادا دەتوانن پشتی بگرن و پارێزگاریی لێ بکەن کە دەسەلاتی ڕۆژانەیان بەسەریدا هەبێ. ئەمەیش بەش بەحاڵی سلێمانی جێگەی قسە نییە و، هەرچی کۆیەیشە لەو سەردەمەدا لە ژێر دەستی ئەواندا بووە و تەنانەت ئەو شەڕەیش کە بوو بەمایەی بڕانەوەی حوکوومەتی بابانییان لە نزیکی کۆیەدا ڕووی داوە. هەروەها لەوانەیە لە دوو وشەی (حوکماتی گومی)یشەوە کە حاجی لە بەیتی یەکەمی شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە، بڵێین هێمای بۆ خۆ ونکردن و هەڵاتنی ئەحمەد پاشای دوا میری بابان کردووە کە پاش بڵاوەلێکردنی لەشکرەکەی، وەک لە سەرچاوەکانی مێژووی میرنشینیی باباندا باسی کراوە(١٧)، دیویە کەسی بەدەوردا نەماوە، سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕووی کردووەتە ئێران و لەوێیشەوە چووەتە ئەستەمووڵ، چونکە بەتەواوی دەتوانرێ ئەم هەڵاتنەی ئەحمەد پاشا بە (ونبوونی حوکوومەت) دابنرێ. هەروەها ڕێیشی تێ دەچێ بڵێین حاجی لە وەسفکردنی حاڵی خۆیشیدا، بەبۆنەی ڕووخانی میرنیشینیی بابانەوە، لە بەیتی دووهەمدا، کە وتی: تەنی لە سایەی دووکەڵی هەناسەی هەناوی ئاگرتێبەربوویدا وەک پاپۆڕی هەڵمی، چۆن چالاکانە بەسەر ئاودا دەڕوا، ئاوا لە دەریای فرمێسکدا چەپۆکان دەکا، هێمای بۆ کەوتنە ڕێی، لەوانەیە لە ڕێگای دەریاوە، بۆ ئەستەمووڵ کردووە کە ئاوی دەریایش وەک فرمێسک سوێرە. ئەمە ئەگەر وابێ، دەتوانین بۆ پینەکردنی ناکۆکیی ئەم بۆچوونەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی پێشتر وترا کە ئەم پارچە شیعرە ڕاستەوخۆ پاش

(١٧) بۆ نموونە، بڕوانەرە: حسين ناظم بيگ، تأريخ الامارة البابانية، ترجمة شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس، من منشورات دار موكرياني، اربيل، ٢٠٠١، ص ٣٤١-٣٤٢ .

ڕووخانی میرنشینیی بابان دانراوە، بڵێین تەواوی پارچە شیعرەکە بەزیاتر لە قۆناغێک دانراوە و ئەگەر بەیتی یەکەم و چوارەم و پێنجەمی هەر پاش ڕووخانی بابانییەکان لە کوردستان دانابێ، دوور نییە ئەم بەیتی دووهەمەی بەڕێگای دەریاوە لەناو پاپۆڕی هەڵمی، یا وەک خۆی دەڵێ، لەناو (ئاتەشگەمی)دا لێ زیاد کردبێ[١٨].

***

یەکێکی تر لەو بابەتانەی پێوەندیان بە ژیان و شیعری حاجی قادری کۆییەوە هەیە و من هێناومنەتە ئاراوە، مەسەلەی ڕاستی و ناڕاستیی هەڵدانیەتی بەشانوباڵی بەدرخانییەکاندا کە گوایە بەیتێکی پارچە شیعری (سلام الله منی کل یوم[١٩]) دەیگەیەنێ و من توانیومە بەڵگەیەتیی ئەو بەیتە شیعرە ڕەت کەمەوە کە وا خوێنراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە ئەو مەبەستە بگەیەنێ و لەم بارەوە پشتی پێ بەستراوە.

لە پێشەکیی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی)دا کە عەبدوڕڕەحمان سەعید کۆیکردووەتەوە و لە ١٩٢٥دا لە بەغدا لە چاپی داوە[٢٠] و، هەروەها لە باسی حاجی لە بەرگی یەکەمی(شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا کە ڕەفیق حیلمی دایناوە و لە ١٩٤١دا لە بەغدا

---

(١٨) ئەگەر ئەم بۆچوونەم لەجێی خۆیدا بێ مەتەڵی ئەوەیشمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە حاجی ئەم وشەی (ئاتەش گەمی)یەی لە کوێوە هێناوەتە زمانی ئەدەبییاتی کوردییەوە کە کورد تا ئەم دواییەش کە بە پاپۆڕ و کەشتیی هەڵمی زانیی، هەر وشەی (کەشتی)ی بەکار دەهێنا.

(١٩) بڕوانەرە: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠-٢٣٤ .

(٢٠) کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، چاپ و بڵاوکەر عەبدوڕڕەحمان سەعید، بەغدا، چاپخانەی داروسسەلام، ١٩٢٥، ل٥.

لە چاپی داوە[٢١] و، لە پێشەکیی (گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی)دا کە کۆمەڵەی (ژ.ک) بەکۆششی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی لە ١٩٤٣دا لە تەورێز لە چاپی داوە[٢٢] و، لە پێشەکیی هەردوو چاپەکەی دیوانی حاجیدا کە گیوی موکریانی لە ١٩٥٣ و ١٩٦٩دا لە هەولێر لە چاپی داون[٢٣] و، لە هەندێ سەرچاوەی تری هاوچەرخی هەندێ لەمانیشدا[٢٤] باسی ئەوە کراوە کەوا حاجی کە گەیشتووەتە ئەستەمووڵ لە دیوەخانی بەدرخانییەکان دابەزیوە و لە پەنای ئەواندا حەساوەتەوە و بوویشە بە مامۆستای منداڵەکانیان. مەبەستی من لە ڕاستی و ناڕاستیی بەشانو باڵی بەدرخانییاندا هەڵدان، ڕاستی و ناڕاستیی ئەم دابەزین و بەمیوان بوون و دەرز بە منداڵان وتنە نییە و لایشم وانییە ئەم قسانە ڕاست نین و دەستهەڵبەستن هەرچەند تا ئێستا سەرچاوەیەکی سەردەمی حاجی خۆی یا نزیک بەو سەردەمە

(٢١) ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، (بەرگی یەکەم)، بەغدا، چاپخانەی تەفەییوز، ١٩٤١، ل ٩٩–١١٨.

(٢٢) گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، بە پارەی کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ وشیاریی ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد، لە چاپ درا، (بێ نووسینی شوێنی لە چاپدان. وەک مامۆستا ئەحمەدی شەریفی لە نامەیەکیدا لە مەهابادەوە بۆی نووسیوم، بە سەرپەرشتی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی و، لە چاپخانەی ئەرمەنییان لە تەورێز لە چاپ دراوە)، ١٩٤٣، ل ٣–٦.

(٢٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی، گرد و کۆ و بڵاوکەرەوە: گیوی موکریانی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٥٣، ل پ–ت؛ دیوانی حاجی قادری کۆیی، گرد و کۆ و پەخشکار: گیوی موکریانی، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩، ل ٣–٦ .

(٢٤) بۆ نموونە: عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، ل ٣٠٩–٣٢٧؛ کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەغدا، چاپخانەی ئەننجووم،(بێ نووسینی ساڵی لەچاپدان کە ساڵی١٩٦١ە)، ل٢٠–٢٦ .

دەرنەکەوتووە هەواڵێکی لەم بارەوە تێدابێ بەڵام ڕووداوەکەیش نامەعقوول نییە و دەبێ هەر شتێکی وا بووبێ، بۆیە قسەکە دەم بەدەم بەهۆی هاتوچۆکەرانی نێوان ئەستەمووڵ و کوردستانەوە کە حاجییش شیعری خۆی پێدا ناردوونەتەوە بۆ دۆستانی لە کۆیە و شوێنانی تر، گەیشتووەتە کوردستان و بڵاوبووەتەوە و هیچ شتێکی وایش لەئارادا نییە گومان بخاتە سەر ڕاستیی ئەم قسە و باسە بڵاوبووەوەیە.

پێوەندی ئەم باسە بە بەیتە شیعرەکەوە کە من دەڵێم تا بڵاوبوونەوەی چاپی دیوانەکەی حاجی قادری سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا بەهەڵەوە بڵاوکراوەتەوە و خوێنراوەتەوە و لەڕاستیدا هیچ جۆرە پێداهەڵدانێکی بەدرخانییانی تێدا نییە، لەوەدایە ئەگەر بەیتە شیعرەکە بەو جۆرە بێ کە لە چوار سەرچاوەکەدا نووسراوە کە ناوم هێنان، دەبێ بە پێداهەڵدانی بەدرخانییان، با واتای بەیتەکەیش ڕوون نەبێ و، لەوانەیشە بکرێ بەپشتگیری بۆ میوانداری کردنیان لە حاجی و مامۆستایەتیی حاجییش بۆ منداڵەکانیان، بەڵام بەهەڵە دەرکردنی ئەو جۆرە نووسرانە کە لەو چوار سەرچاوەدا نووسراوە و ڕاستکردنەوەی بەو جۆرە کە من لە چاپەکەی سەردار میران و کەریم شارەزادا ڕاستم کردووەتەوە و(٢٥) لە کتێبەکەی خۆیشمدا بەدرێژی ڕوونم کردووەتەوە(٢٦)، هیچ لەکەیەک بە ڕاستیی دابەزین و بەمیوانبوونی حاجی لای بەدرخانییان و دەرزوتنی بە منداڵانیان ناگەیەنێ.

بەیتە شیعرەکە لە چاپەکەی عەبدوڕڕەحمان سەعیددا بەم جۆرەیە:

(٢٥) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢
(٢٦) محەمەدی مەلاکەریم، هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا...، ل ٣٠٩–٣١٠ .

**بەدرخانی بەسەر ناچێ لەمەو پاش**
**لە هەر لاوە دەتانهارِن وەکو ئاش**(٢٧)

لە چاپەکەی «ژ.ک»یشدا بەم جۆرەیە:

**بەدرخانی بەسەر ناچن لەمەو پاش**
**لە هەر لاوە دەتانهارِن وەکوو ئاش**(٢٨)

لە هەردوو چاپەکەی گیوی موکریانییشدا بەم جۆرەیە:

**بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەو پاش**
**لە هەر لاوە دەتانهارِن وەکوو ئاش**(٢٩)

وشەی مەبەست یەکەم وشەی بەیتەکەیە کە لە هەر چوار لەم سەرچاوانەدا (بەدرخانی)یە.

من بۆ یەکەم جار لە چاپەکەی سەردار میران و کەریم شارەزادا ئەمەم، پشت بە دوو تێکستی لەو چوارە کۆنتر و، لە سەردەمی حاجی خۆیەوە نزیکتر، بەهەڵە داناوە و بەم جۆرە ڕاستم کردووەتەوە کە:

**بە ترِ خانی بەسەرناچی، لەمەوپاش**
**لە هەر لاوە دەتانهارِن وەکوو ئاش**(٣٠)

چونکە، لەبارەی واتاوە، یانی چی (بەدرخانی بەسەر ناچێ) یا (ناچن)؟ پێوەندی ئەمە بە پاشماوەی بەیتەکەوە دەبێ چی بێ؟ هەر

(٢٧) عەبدورِڕەحمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦ .

(٢٨) گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٥٦.

(٢٩) دیوانی حاجی قادری کۆیی، گرد و کۆ و بڵاوکەرەوە: گیوی موکریانی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٥٣، چاپی یەکەم، ل ٦٢؛ دیوانی حاجی قادری کۆیی، گرد و کۆ و پەخشکار: گیوی موکریانی، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٦٩ ل ١١٥.

(٣٠) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو.

هیچ نەبێ ئەگەر تێکستەکە (بەدرخانی و لەسەر لاچن) بووایە دەتوانرا پینەیەکی بکرێ و واتایەکی بۆ بلکێنرێ.

من، کە بەیتەکەم لە چاپەکەی سەردار میران و کەریم شارەزادا، وەک لە کتێبەکەی خۆیشمدا (هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی)، بەو جۆرە ساغ کردووەتەوە کە کەمێک پێش ئێستا باسم کرد، پشتم بەگۆڤاری (ڕۆژی کورد) و گۆڤاری (تێگەیشتنی ڕاستی) بەستووە، کە وەک وتم، لە هەر چوار سەرچاوەکەی تێکستە باوەکە لە سەردەمی حاجی خۆیەوە نزیکترن و پتریش جێی بڕوان چونکە هەرچی گۆڤاری (رۆژی کورد)ەکەیە زۆر ڕێی تێ دەچێ لە ڕووی دەسنووسی حاجی خۆی یا دەسنووسێکی لە ڕووی دەسنووسی ئەو نووسراوە لە چاپ درابێ، جگە لەوە کە بێگومان گۆڤارەکە کۆمەڵێک خوێندەوار کاریان تێدا کردووە کە زۆر زەحمەتە هەڵە بەسەر هەموویاندا گوزەر بکا. هەرچی گۆڤاری (تێگەیشتنی ڕاستی)یشە، من لەو باوەڕەدام کە جگە لە سەرچاوەی دەستنووس گۆڤاری (رۆژی کورد)ەکەیش لەبەردەستی بنووسەکانیدا هەبووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەیش کە دیارە بنووسانی (ڕۆژی کورد) و (تێگەیشتنی ڕاستی) هیچ جۆرە ناتەواوییەکیان لە خوێندنەوەی کوردیی کۆنی بەشێوەی فارسی نووسراودا نەبووە، بەپێچەوانەی لە چاپدەرەکانی چوار چاپەکەی دیوانەکەوە کە لەم ڕووەوە، زەبیحییان لێ دەرکەی، زۆر لە دواوە بوون. دیارە زەبیحییش چاپەکەی (ژ.ک)ی لە ڕووی چاپەکەی عەبدوڕڕەحمان سەعید لە چاپ داوە کە لە مەهابادەوە بۆ مەبەستی گۆڤار و نامیلکە لە چاپدان چووە بۆ تەورێز و دیارە لەوێ کاتی لێکۆڵینەوەی نەبووە. بەڵام عەبدوڕڕەحمان سەعید و گیوی موکریانی چۆن کەوتوونەتە ئەو هەڵە زەقەوە؟

من وای بۆ دەچم ئەو دەسنووسانەی لە بەردەستیاندا بووە تێیاندا نووسراوە: (بترخانی). ئەو سەردەمەی ئەو دەسنووسانەیان تێدانووسراونەتەوە نە دانانی پیتی (ە – ـە) لەجیاتیی (فەتحە–سەر) باو بووە و، نە لە ژێر (ڕ)ی توندو گیراویشەوە نیشانەی (٧) دانراوە. دیارە کە ڕوونووس کەرەوەی پەی بەڕاستی نەبردووی دەستنووسەکەیش لە (بترخانی)یەوە بۆ (بە ترِ خانی) نەچوو، دەبێ بیربکاتەوە بزانێ چۆنی دەخوێنێتەوە. (د) و (ت)یش لە گۆکردندا لەیەکەوە نزیکن، لەوەوە وای بۆ چووە دەبێ ئەم نووسینە هەڵە بێ و (بترخانی) نەبێ و (بدرخانی) بێ کە نەخوازەڵا ئەوەیش باو بووە کە حاجی لە ئەستەمووڵ لای بەدرخانییان بووە و ئەوانیش بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و، پارچە شیعرەکەیش پارچە شیعرێکی نیشتمانی و کورد پەروەرانەیە. سەیر ئەوەیە دەسنووسەکەی مەلاڕەئووفی سەلیم ئاغای حەوێزییش کە دەستنووسێکی تا ڕادەیەکی زۆر ورد و پشت پێ بەستراوە، ئەویش، وەک چوار چاپەکە کەوتووەتە هەمان هەڵەوە و تێیدا نووسراوە، (بەدرخانی) و، من وای بۆ دەچم ئەویش لای وابووە کوردایەتی دەکا ئەگەر بیکا بە (بەدرخانی) و، کاری تری لەم چەشنە لە دەسنووسەکەیدا هەیە و من لە کتێبەکەی خۆمدا نیشانەیم پیشان داوە[٣١].

من پاش ڕاستکردنەوەی تێکستی بەیتەکە لە چاپەکەی سەردار میران و کەریم شارەزادا، لە پەراوێزدا نووسیومە: «ئەم وشەیەمان لەسەر تێکستی (ڕۆژی کورد) و (تێگەیشتنی ڕاستی) ڕاست کردووەتەوە، ئەگینا لە هەموو چاپ و دەستنووسەکاندا (بەدرخانی)یە

(٣١) محەمەدی مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٤–٣١٥، ٣١٧ (پەڕاوێز).

کە مەعنا نابەخشێ[٣٢] »، لە کتێبەکەی خۆیشمدا نووسیومە: «بەڵگەی ڕاستی (واتە:ڕاستیی ڕاستکرنەوەکەم) مەعنای بەیتەکە، کە بە بەرچاوگرتنی لەگەڵ بەیتەکانی پێشەوەی، پوختەکەی ئەمەیە: دنیای جاران گۆڕاوە و ئەمڕۆ ڕۆژی خوێندەواریی نوێ و چەک و سوپای تازە و شەمەندەفەر و پاپۆڕە و، خانییەتی و سەرداری بە قسەی زل و دێی وێرانی ڕژێمی دەرەبەگی بەڕێوە ناچێ و، ئەگەر (ئێوە، ئەی کوردینە)، چارێکی خۆتان نەکەن وەک دانی بەئاشداکراو دوژمن لە هەموو لاوە دەتانهاڕن. کەواتە ئەمەی تائێستا خەڵک وتوویانە گوایە ئەم بەیتە تەعریف کردنی بنەماڵەی بەدرخانییانە ئەسڵ و ئەساسی نییە[٣٣] ». بەڵکو لەمە زیاتریش ڕۆیشتووم و نووسیومە: «بەڵکو لەوانەیە لەلاوە، بەشێوەی یاری کردن بە وشە، گاڵتە کردنێکیشی بەو بنەماڵەیە (بنەماڵەی بەدرخانییان) تێدابێ، نەخوازەلا کە حاجی لە پارچە شیعری (لەڕۆما کەوتە بەرچاوم..)دا چەند بەیتێکی هەیە وادیارە بە شانو باڵی عیززەددین شێری ناحەزی بەدرخانییەکاندا هەڵدەدا تیایاندا » بەیتەکانیش ئەمانەن:

**لەپاشی ئەو هەموو گریان و ناڵەو زارییە پێم گوت:**
**عەزیزم، غەم مەخۆ هێندە، لەسایەی ڕەحمەتی ڕەحمان**
**ئەمیرێک ماوە، پاشایە. گوتی: کێیە؟ گوتم: شێرە**
**گوتی: لێرە؟ گوتم: لێرە، هەتا تاران و هیندستان**
**بەخۆی شێرە وەکوو ناوی، لەشەڕدا دوشمن ئەندازە**
**تەمایان هەر بەئەو ماوە جەمیعی خاکی کوردستان**

(٣٢) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤ (پەراوێز)

(٣٣) محەمەدی مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠ .

## هەچی جێگای ئومێدمانە و ئەوی دڵ خۆش دەکا ئەمڕۆ کەسی دی لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی کوردان[٣٤]»

هەر لە کتێبەکەمدا، لەبارەی ئەم شیعرانەیشیەوە نووسیومە: «لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم مەسەلەی بە شان و باڵی عیززەددین شێرەدا هەڵدانەی حاجی قادر پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی مێژووییە، چونکە پێشان عیززەددین شێر خەیانەتی لە میر بەدرخانی میری بۆتان کردووە و داویەتیە پاڵ عوسمانییەکان لە دژی، بەڵام پاش شکانی بەدرخان بە چەند ساڵێ، کە عوسمانییەکان ویستوویانە عیززەددین خۆیشی لەناوبەرن، لێیان یاخی بووە و شەڕێکی زۆری لەگەڵ کردوون[٣٥]» و بووە بە فەرمانڕەوای ناوچەی بۆتان. پاش ئەوەیش عوسمانییەکان لەشکریان ناردووەتە سەر و شکاندوویانە و گرتوویانە و دووریان خستووەتەوە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی من بەجێ بێ و حاجی ئەم یاری بەوشەکردنەی مەبەست بووبێ، لە وەڵامی کەسێکدا کە بڵێ: ئەمە چۆن لەگەڵ ئەوە یەک دەکەوێ کە حاجی لە سەرەتادا کە هاتووەتە ئەستەموڵ لە دیوەخانی بەدرخانییان گیرساوەتەوە و میوانی ئەوان بووە و نانیانی خواردووە و بوویشە بە مامۆستای منداڵانیان، کەچی لەدواییدا بکەوێتە تانەو تەشەر لێدانیان؟ چونکە لە ژیاندا هەزاران نموونەی وا هەیە دووکەس زۆر دۆستی یەک بووبن و پیاوەتییان بەسەر یەکەوە بووبێ، کەچی لە پاشاندا نێوانیان تێک بچێ و یەکێکیان خراپەی ئەویان بڵێ. حاجییش، وەک مرۆیەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، کە

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠-٣١١ .

هاتووەتە ئەستەموول و چاوی کراوەتەوە و زیاتر لە دنیا گەیشتووە و ئاگاداری ناکۆکیی نێوان بەدرخان پاشا و عیززەددین شێر بووە، لەوانەیە لە چەند بابەتێکدا هەڵوێستی بەرانبەر بەدرخان پاشا لە هەڵوێستی عیززەددین شێرەوە نزیک بووبێ و هەندێ شتی بەدرخان پاشای بەهەڵە زانیبێ و بەو تەعریف کردنی عیززەددین شێرە پلاری تێ گرتبێ.

ساغکردنەوەی ئەمەیش، وەک وتم، پێویستی بەدەستکەوتنی بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژووییەو تا ئەوکاتە نابێ لەم بارەوە هیچ بڕیارێکی یەگجاری بدەین.

***

ئەمەیش دوابابەتی ئەو بابەتانەی بەر لە من تەنها ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناسراوی هۆڵەندەیی مارتین ڤان بڕاونێسن تەنها هێمایەکی کەموکورتی بۆ گۆشەیەکی کردووە(٣٦).

لە ژمارە(٣)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد مەدحەت بەدرخاندا ئەم پارچە شیعرەی حاجی قادر، بۆ یەکەمجار، بڵاوکراوەتەوە:

**زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە**
**چراغی نازم و مونشی کوژاوە**
**لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە**
**ئەگەر چی مەقسەدە، زانینی باوە**

(٣٦) مارتین ڤان بڕاونێسن، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوایەتیی کوردیدا (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: حەسەنی قازی)، گزینگ (گۆڤار)، ژمارەی ١٤، زستانی١٩٩٧، چاپی سوید، ل ١٥-٢٢ .

**ئەمـــان قـــەدری بزانـە ئەم کــتـــێـــبـــە(٣٧)**
**لە دنیـا ئێـســتــەکێ هـەمــتــای نـەمــاوە**
**لە ئـەییــامـی جــەنابی شــێــخـی (خــانی)**
**لەســەر نـوسـخــەی خــەتی ئـەو نووســراوە(٣٨)**
**لەلای ئـەربابـی خـۆی بۆ قــەدر و قــیــمــەت**
**خـــەزێنەی گـــەوهـەرە و کـــیــســـەی دراوە**
**لە مـــەجــمــووعی دووەل، ســۆران و بۆتان**
**لە ســایـەی ئـەم کــتـــێـــبـــە ناســـراوە**

(٣٧) مەبەست مەم و زینی ئەحمەدی خانییە. بڕوانەرە: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوە و پێشەکیی دوکتۆر کەمال فوئاد، بەغدا، ١٩٧٢، چاپخانەی ئۆفسێتی (الاخلاص)، ل ١١، ستوونی یەکەم.

(٣٨) حاجی وا وەسفی ئەو نوسخەیەی مەموزین دەکا کە لەبەردەستیدا بووە کە لە ڕووی دەستنووسێکی خانی خۆی و لە سەردەمی خۆیدا نووسراوەتەوە و، لە ڕۆژنامەکەیشدا نووسراوە: حاجی ئەم پارچە شیعرەی خۆی لە پشتی، واتە لە یەکەمین لاپەڕەی، مەم و زینەکە نووسیوەتەوە، کە لەوانەیە ئەمەیش بۆ خۆی وا بگەیەنێ هەرچی بەشێکی مەم و زین کە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکرابێتەوە لە ڕووی ئەو نوسخەیە لە چاپ درابێ کە کاتی خۆی لە ژێردەستی حاجیدا بووە و لە ڕووی دەستنووسی خانی خۆی و لەوانەیە لە سەردەمی خۆیشیدا نووسرابێتەوە. جا ئەگەر لێرەدا ئەوە بهێنینەوە یاد کە براونێسن لەو موحازەرەیەیدا کە لە ١٩٩٥/٥/٢٧دا لە سوید و بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠٠ ساڵەوە بەسەر لێبوونەوەی خانیدا لە دانانی مەم و زین خوێندبوویەوە، هەوڵێکی زۆری دابوو پێشەکییەکەی مەم و زین بەساختە و دەستهەڵبەست دەربکا چونکە ئەو بیرە نەتەوەیییەی خانی لەو پێشەکییەیدا دەریبڕیوە پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە ئوورووپای سەرمایەداردا دەکەوێ و گوایە نایشکرێ بەر لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری، بیری نەتەوەیی لەناو هیچ کۆمەڵە خەڵکێک و لە هیچ وڵاتێکدا سەرهەڵداو، تەنها=

## لەکوردان غەیری (حاجی) و (شێخی خانی) ئەساسی نەزمی(٣٩) کوردیی دانەناوە(٤٠)

جا، کە حاجی وا بەشانازییەوە لە (مەم و زین) دەدوێ و، دیارە دەبێ چەندین جاری خوێندبێتەوە و بەباشی لێی تێگەیشتبێ و زانیبێتی بیری سەرەکی لە پێشەکییەکەی مەم و زیندا داوای بەخاوەنی چارەنووسی خۆ بوونی کوردە بەوە کە ئەویش، وەک ڕۆم و

= چاپەکەی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی م.ڤ. ڕوودێنکۆ بوو کە لە ڕووی چەند دەستنووسێک ساغ کراوەتەوە یەکێکیان لە ساڵانی ١٧٣١-١٧٣٢دا نووسراوەتەوە، وەک براونێسن خۆی دانی پێدا دەنێ، دەستی لەم بۆچوونەی پێ هەڵگرت، چونکە بیری نەتەوەیی تەنانەت لە ساڵی نووسینەوەی ئەو نوسخەیەیشدا، هێشتا لە ئورووپادا سەری هەڵنەدابوو. ئەگەر ئەمە بهێنینەوە یاد، کە بەداخەوە من لە کاتی نووسینی نامیلکەی (لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا)دا لەیادم نەبووە تا وەک بەڵگەو دەستاوێژ لەبەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی براونێسندا باسی بکەم، بەڵێ ئەگەر ئەمە بهێنینەوە یاد، لەو ڕووەوە کە ئەو نوسخەیە پێشەکییەکەی تێدا بووە کە بیرە نەتەوەییەکەی خانیی تێدایە و، لەولایشەوە حاجی وتی ئەو نوسخەیە لە ڕووی دەسنووسی خانی خۆی نووسراوەتەوە، دەزانین ئەوەی حاجی قادر لەم پارچە شیعرەیدا وتوویە، چەند بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکەی براونێسن بەکار و پڕ بایەخە (بڕوانەرە: محەمەدی مەلا کەریم، لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩).

(٣٩) حاجی کە لەم پارچە شیعرەیدا وشەی (نەزم)ی بەکار هێناوە و نەیوتووە (شیعر)، بەتێگەیشتنی من، ئیشارەتی بۆ بابەتێکی زۆر سەرەکی کردووە لە بواری هونەری شیعردا. خەڵکی ڕەمەکی جیاوازی لە نێوان شیعر و نەزم یان هەڵبەستدا ناکەن و ئێستا لە کوردییەکەی خۆیشماندا زۆر کەس (شیعر) بە(هەڵبەست) وەردەگێڕنە سەر کوردی. ڕاستە شیعر و نەزم یان هەڵبەست، بەحیسابی کۆن، لە هەندێ شتی وەک وەزن و قافییەدا یەک دەگرنەوە، بەڵام=

.....................................................................

= لە ڕاستیدا زۆریان جیاوازی لە نێواندا هەیە. هەرچی شیعرە قافییەی هەموو کاتێ تێدا مەبەست نییە، ئەگەر غەزەل یان قەسیدە بوو قافییە تەنها بۆ دوو نیوە بەیتی یەکەم پێویستە و لە بەیتەکانی پاشەوەیدا تەنها بۆ نیوەی دووهەم. بەلاَم نابێ بێ وەزن واتە بێ مۆسیقا بێ. دەیشبێ بیری وردو وێنەی جوان و خەیاڵی دوورەفڕ و ڕەوانبێژی و ساکار کارییشی تێدابێ، لەکاتێکدا کە نەزم یان هەڵبەست هەر ئەوەندەی تێدا مەبەستە کە وەزن و قافیەی هەبێ و، ئەگەر مەرجەکانیتری شیعریشی تێدا هاتەدی لە هەڵبەستی دەکەوێ و دەبێ بەشیعرێکی ڕاستەقینە وەک لە هەندێ بەیتی فۆلکلۆریدا ئەیبینین. بۆیە شیعر شتێک نییە بۆ هەمووان و تایبەتە بەکەسانێکەوە کە پلەیەکی تێگەیشتنی وایان هەبێ بەباشی لە شیعر بگەن، لە کاتێکدا کە بۆ خەڵکی سادە تەنها نەزم واتە هەڵبەست، بەکێشی خۆماڵیی کوردی یا بەپێی عەرووزی عەرەبی وترابێ، سوودی هەیە و دەوری خۆی بەباشی دەبینێ. حاجی قادریش لە قۆناغی پێش وشیاریی کۆمەلاَیەتی و نەتەوەییدا، وەک شاعیرە کلاسیکە بالاَکانی کورد، شیعری دەوت، کە گەلێکی لە کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانیدا هەیە، بەلاَم لەو ڕۆژەوە کە کەوتە سەر ڕێی تێکۆشانی کۆمەلاَیەتی و کولتووری و سیاسیی نەتەوەیی، دەستی لە شیعر هەڵگرت چونکە چاک دەیزانی ئەو جەماوەرەی ئەو ڕووی دەمی تێ دەکا، زۆری لە شیعر ناگا و پێویستی بەهەڵبەستە و، لەو سەردەمەوە بۆ تێکڕای ئەو بابەتانە هەڵبەستی وتووە و، هەر بۆیەیش لەم پارچە شیعرەدا کە ئەم پەراوێزەی بۆ دەنووسین، لە جیاتیی وشەی (شیعر) وشەی (نەزم)ی بەکارهیناوە و، تەنانەت لەوانەیە زۆر جار گوێی بە لاری و لەواریی هەڵبەستەکانیشی نەدابێ و لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی مەبەست بووبێ ئەوەی دەیەوێ بەخەڵکەکەی بڵێ بتوانێ بەجۆرێکی وایان پێ بڵێ بە ڕوونی و بێگرێوگۆڵی پێیان بڵێ، بۆیەیش لە بەیتیکیدا دەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن**

**مەقسەدم لەم بەند و باوە دەربچن**

=

عـەجـەم، دەوڵەت و پادشـا و تـاج و تەخـتی خـۆی هەبێ، دەبێ بۆچی ئەمـیش لە شـیـعرەکانیـدا بۆ ئەم مـەبەسـتـە نەچێ و لە دوورەوە نەبێ خـۆی لە قـەرەی نەدا؟ ئەمـە پرسـیـارێکە دەمـێک بوو لە مێشـکی مندا دەهات و دەچوو.

من [٤١] کـە بیـر لـەم دیاردەیە دەکـەمـەوە لـە هەڵوێسـتی حـاجـیدا،

= ئەمـەیش کـە لەم بەیتـەدا وشـەی (بەیت)ی لەجـیـاتی (شـیـعـر) یا (نەزم) بەکـارهێنـاوە کە (بـەیت) لە کـوردیدا بۆ شـیـعـری (بە واتا گـشـتـیـیـەکـەی) فۆلکلۆری بەکاردێ کە خەڵکی سادە وتوویانەو بۆ خەڵکی سادەیشیان وتووە. ئەمەیش بەڵگەیەکە بۆ دروستیی ئەم بۆچوونەی من کە (شیعر) و (نەزم) و (بەیت) لای حاجی زۆر لێک جیاوازن.
ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج بێ ئەوەتە حاجی لەم پارچە شیعرەیدا شیعری خانییشی هەر بە (نەزم) ناو بردووە. من لەمەیشەوە دەگەمە ئەو ئەنجامە کە ئەو لە وشەی (نەزم)، وەک واتای ڕستەی وەزن و قافیەداری ئاسان لێ حاڵی بووی مـەبەست بووە، ئەوەیشی مـەبەست بووە کـە ئەو ڕسـتـە وەزن و قافیەدارانە بۆ تێگەیاندنی خەڵکی هەڕەمەیش وترابن و، تەنها بەم پێودانگە شیعری خانیی خستووەتە ڕیزی نەزمەوە، ئەگینا مەم و زینی خانی لەو جۆرە نەزمانە نییە خەڵکی هەڕەمە هەروا بەئاسانی لە هەمووی بگەن و، بەشێکی زۆری لەو جۆرەیە کە پلەیەکی بەرز و باڵای خوێندەواریی بۆ لێ حاڵیبوونی پێویستە.

(٤٠) کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ستوونی دووەم؛ سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٠٦-١٠٧.

(٤١) لێرەوە تا دواییی ئەم باسە تازەیە و لەجیاتیی بەشێکی تری دانراوە کە لە ڤستیڤاڵەکەی حاجیدا لە کۆیە خوێنرایەوە. بەمەبەستی لادانی هەندێ بڕگەی دووبارە کراوی و خستنە سەری هەندێ بڕگەی لەوێدا نەوتراوی، سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە و بەم جۆرەی لێ کراوە کە ئێستا هەیە. بە پێویستیشی دەزانم=

سەرچاوەکەی لەو پارچە شیعرەیدا دەبینمەوە کە چەند دێڕێک پێش ئەم دێڕانە نووسیمەوە و لەگەڵێ شت دواوە تیایدا کە هەر یەکێکیان بۆ خۆی شایانی لەسەرنووسینێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە دوو شتن یەکەم ئەوە کە (مەم و زین)ی خانیی تێدا هەڵئەسەنگێنێ و، دووهەمیش ئەوەیە لەدوا بەیتیدا دەڵێ لەناو کورددا جگە لە من و لە خانی کەس بنەمای نەزمی کوردیی دانەناوە و، لێرەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەڕۆم. حاجی لەبارەی مەم و زینەوە لە پارچە شیعرەکەیدا دەڵێ: ئێستا هاوتای ئەم کتێبە لە دنیادا نییەو ئەم کتێبە قەدر و قیمەتی کیسەی گەوهەر و گەنجینەی دراوی هەیە و سۆران و بۆتان، واتە کوردستان هەمووی، لە سایەی ئەم کتێبەوە ناسراوە.

مەم و زینی خانی، کە لێکی بدەینەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە: سەرەتاکەی کە تەرخانە بۆ گلەیی و گازندەی خانی لە ڕۆژگار کەوا کوردی لەناو هەموو گەلانی جیهاندا بەدبەخت کردووە و لەکاتێکدا کە دەوڵەت و تاج و تەختی بەهەموو گەلێک داوە، هەر کوردە لە ژێرپێی سوارە و پیادەی شەڕ لەگەل یەکدی کەرانی ڕۆم و عەجەمدا پێشێل دەکرێ و ماڵی وێران دەبێ و منداڵی هەتیو دەخرێ و سامانی بەتاڵان دەبرێ و، لە خوا دەپاڕێتەوە لەو ژیانە تاڵەی ڕزگاری بکاو، ئەسڵی کتێبەکەیش کە ڕازی تراژیدیای خۆشەویستیی ناکامی مەم و زینە. دیارە بایەخی ڕاستەقینەی کتێبەکە، هیچ نەبێ بەش بەحاڵی گەلی کورد، لە سەرەتاکەیدایەتی کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ژیانی ئەم گەلەدا کەسێک لە خۆی ڕادەپەڕێ و گیروگرفتی سەرەکیی ئەم گەلە کە

= بڵێم هیچ بڕگەیەکی وایشی تێدا نییە لەگەڵ ئەوەی ئەسڵەکە هیچ جۆرە ناکۆکییەکی تێدابێ.

بێ دەوڵەتی و ژێر دەستییە، دەخاتە ڕوو، ئەگینا تراژیدیایەکی خۆشەویستیی وەک ئەوەی مەم و زین لەوانەیە لە ژیانی هەر گەلێکی جیهاندا هەبێ و لە هیی زۆریاندا دەریشبڕابێ و نووسرابێتیشەوە، ئەم بابەتە خۆی ئەوەندەی بەدەمەوە نییە کە حاجی لەبەر خاتری ئەو (مەم و زین)ی خانی وا لەقەڵەم بدا کە لە جیهاندا هاوتای نییە و کوردستان هەمووی بەهۆی ئەوەوە ناسراوە.

بەش بەحاڵی ئەوەیش کە حاجی خۆی و خانیی لەناو هەموو شاعیرانی کورددا هەڵبوارد و بە دانەری بنەمای شیعری کوردیی لەقەڵەم دان و هەموو شاعیرانی تری خستەلاوە، ئەوە ئێمە ئەگەر وشەی نەزم (نظم) لە واتا ئەسڵییەکەی خۆی لانەدەین و کورتی هەڵنەهێنین لەسەر نەزمی وشیارکەرەوەی گەل، کە ئێمە لێرەدا ناڵێین (نەزم)و هەر دەڵێین (شیعر)و، ئەگەر ئەو ئەرکە لە بەرچاو نەگرین کە حاجی و خانی داویانە بە کۆڵی شیعری خۆیاندا و بەوە حاجی خۆی و خانیی کردووە بە دانەری بنەمای شیعری کوردی، دەزانین ئەم بەیتە شیعرە زیادەڕەوییەکی زۆری بەهەموو سەنگوتەرازوویەک تێدایە چونکە ئاشکرایە چ لە سەردەمی خانی خۆی و چ پێش و پاش سەردەمی خانی و بەڵکو پاش سەردەمی حاجی و ئێستایش دەیان کەڵە شاعیر لەناو کورددا هەڵکەوتوون و، تەنانەت حاجی بۆ خۆیشی لە شیعریدا باسی دەیان شاعیری ناسراو و نەناسراوی کوردی کردووە و بەشانوباڵیدا هەڵداون. کەواتە دەبێ مەبەستی حاجی لە وشەی (نەزم) شیعری بابەتێکی تایبەتی بێ و (نەزم) بەو بابەتە تایبەتییە لێکبداتەوە. لە لایەکی تریشەوە ئێمە دەزانین حاجی لە پاش چوونە قۆناغی دەستدانە هوشیارکردنەوەی گەلەوە، هەرچەند زۆریشی

مەتح و سەنای شاعیرە پێشینەکانی کوردی کردووە و پیایاندای هەڵداوە، هەرچی جۆر و بابەتی تری شیعر هەیە هەمووی بە بێسوود دەزانێ و لەم بوارەدا گەلێ شیعری هەیە. بۆ نموونە لە پارچە شیعرێکیدا دەڵێ:

**شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن**
**لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن**
**باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو**
**نەبڕاوە، بووە تڕی خوسرەو(٤٢)**

یان دەڵێ:

**بەسە، ئەی خامە، با ئەم باسە بەس بێ**
**وەرە سەر باسەکی وا فائیدەی بێ**
**ئەمانە قیصصەیێکە زۆر کراوە**
**وەکو ئاوی شەوێ تامی نەماوە(٤٣)**

یان دەڵێ:

**ئەو هەموو مەدحی بادەو و دولبەر**
**نووسراوە لە سەد هەزار دەفتەر**
**وەکو (خەمسە)ی نیزامیی گەنجە**
**کە لەلای خەڵقی کیمیا و گەنجە**
**یا وەکو بەیتی شیرن و فەرهاد**
**شیعری حاجی لەبەر کرایە بەیاد**

(٤٢) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧–٢٥٨.

**ئێستە میللەت دەبوونە ساحیبی جاە**
**یانە هەمـــتـــایی (اولیـــاء اللە)(٤٤)**

بەڵام لە پێداهەڵدانی شیعری خانیدا کە خانی لە پێشەکیی (مەم و زین)ەکەیدا بۆ دەرخستنی دەردی سەرەکیی ژیانی گەلی کورد و حاجییش لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا بۆ هوشیارکردنەوەی و خستنە سەر ڕێی پێشکەوتنیانی تەرخان کردبوو، دەڵێ:

**لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی**
**ئەســـاسی نەزمی کـــوردیی دانەناوە(٤٥)**

کەواتە وا حاجی شیعری کوردیی سوودبەخش و پێوەندیدار بەگەلەوەی تەنها لەسەر شیعری خانی و خۆی کورت هەڵێنا و وای دایە قەڵەم کە تا ئەو سەردەمە دوو کەس هەبوون بنەمای شیعری بۆ خزمەتی گەلیان لە زمانی کوردیدا داناوە کە یەکەمیان خانی و دووهەمیان خۆیەتی کە هەر یەکێکیان لایەکی مەسەلەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ژیانی گەلیان لە ئەستۆی خۆیان گرتووە و بەبێ هیچ کامیان ناتوانرێ بووترێ شیعری کوردی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ گەیاندووە. هەرچی خانییە مەسەلەی نەبوونی دەوڵەتێکی بۆ کورد و ژێر دەستەیی و پێشێلکراویی کوردی لە لایەن ڕۆم و عەجەمەوە بۆ یەکەمجار هێناوەتە ئاراوە کە ئەوەی تا ئێستا زانرابێ بەر لەو کەس لەم مەسەلەیە نەدواوە و، دیارە کورد هەرگیز بەبێ بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی خۆی ناتوانێ

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩. تێکستی شیعرەکانم لەبەر درێژە پێ نەدان نەنووسیییەوە.
(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

بەڕاستی بێتە ڕیزی گەلانی پێشکەوتووی جیهانەوە و، هەرچی حاجییشە، پاش ئەوەی کە خانی گەلی کوردی خستە سەر ڕێگای تێکۆشان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی نەتەوەیی، دەستی دایە ڕوونکردنەوەی ڕێگای ژیانی نوێ بۆی کە بەبێ شارەزایی لەو ڕێگایە و گرتنەبەری تا گەیشتنە مەبەستی دوایی، گەلی کورد و مرۆی کورد نابن بەو گەل و مرۆیەی شایانی ئەو ژیانی نوێیە بن کە کاروانی مرۆڤایەتیی لەو سەردەمەی ئەودا گەیشتبوویێ. ئەرکی یەکەم، خانی لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا بەجێی هێنا و سەردەمەکەی ئەو هەر ئەوەندەی لە باردا بوو کە ڕێ بەدێییییەکە بکا و پاشماوەکەی بەجێهێشت بۆ خاوەن بیرانی وەچەکانی پاشەوە بەجێی بگەیەنن. حاجییش خۆی بۆ ڕاگەیاندنی پێویستییەکانی بەدیهاتنی ئەرکەکەی خانی تەرخان کرد و لە ڕێگای شیعرەکانییەوە، کە لە کۆمەڵگایەکی پاشکەوتووی وەک کوردستانی ئەو سەردەمەدا هەر شیعر لە ئارادا بووە چەردەیەکی ئەو ئەرکی ڕاگەیاندنەی بە جەماوەری گەلدا پێ جێبەجێ بکرێ. هەرچەند وایشی دەزانی چرای شاعیر و میرزا کوژاوەتەوە و ڕۆژ ڕۆژی ڕۆمان و ڕۆژنامەیە، بەلام هێشتا ڕۆژ هەر ڕۆژی (هەڵبەست) بوو، بۆیە تەنانەت خۆیشی نەیتوانی ڕۆژنامەیەک دەرکا و تەنها هەڵبەستەکانی خۆی بەدەستەوە بوو بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی سەرشانی لە ئەستەمووڵەوە بۆ کوردستان. بەم جۆرە خانی و حاجی ئەو دوو شاعیرە بوون بنەمای هۆنراوەی کوردیی لە پێناوی گەلدایان، هەر یەکەیان لە لایەکەوە، دانا.

من هۆیەکی پڕ بایەخ لە خۆ خەریکنەکردنی حاجی قادردا بە داوای ئاشکرا و بێ پێچوپەنای شۆڕشەوە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و داوا نەکردنی ئاشکرای سەربەخۆییی کوردستان لە بارودۆخی ئەو ڕۆژەدا

بۆ ئەو هۆیە دەگێڕمەوە کە لەم چەند لاپەڕەی پێشوودا یەکلام کردەوە، چونکە ئامادەکردنی گەلێک بۆ سەربەخۆیی و هوشیارکردنەوەی بۆ بەدیهێنانی پێویستییەکانی دروستبوونی ئادەمیزادی شایانی سەربەخۆیی بە مەرجێکی سەرەکیی توانی وەدەستهێنانی ئەو سەربەخۆییە و پاراستنی زانیوە.

لەگەڵ ئەم هۆ بنەماییە پڕ بایەخەیش هۆی تایبەتیی سەردەمییش هەبووە کە ڕێگای ئەوەی لێ گرتووە، وەک کەسێکی خەریک بە کاری سیاسەتی ڕۆژانەوە، بێپەروا، ئەم دروشمی سەربەخۆییە هەڵبگرێ، بێ ئەوەی هەڵنەگرتنی ئەو دروشمە هیچ کارێک بکاتە سەر ئەو ئامانجە ستراتیژییەی کە هەموو شیعری سەردەمی ئەستەمووڵی خۆی بۆ خزمەتی ئەو تەرخان کردووە کە ئازادیی گەلی کورد و سەربەخۆییی کوردستانە.

لەو سەردەمەی حاجی لە ئەستەمووڵ بووە بیری پان ئیسلامیزم، واتە یەکێتیی جیهانی موسوڵمانان، لەناو ڕیفۆرمخوازانی گەلانی موسوڵمانی دەوڵەتی عوسمانیدا باو بووە و ئەوانە زۆریان ورد لەوە گەیشتبوون کە دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی ئورووپا چییان بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی موسوڵمان لە دڵدایە و چۆن تەماعیان تێ کردووە و لەم لاو لەو لاوە قەپاڵی لێ دەگرن و لێی دابڕ دەکەن بۆ خۆیان. بۆیە ئەوانیش کە، وەک حاجی، لە دەردی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبوون و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بارەکەیان دەدا، هیچ لایەکیان دروشمی جوێبوونەوەی گەل و وڵاتی خۆیانیان لە دەسەڵاتی خەلافەت هەڵنەگرتبوو تا بەوە گیروگرفتی زیاتر بۆ دەوڵەتی عوسمانی نەهێننەدی. حاجی دەیویست کورد ڕزگار ببێ و بۆ پێشکەوتن و

بەجیـهـاندا گـەیشـتنەوەی خـەباتـی دەکـرد، بەڵام لەبەر ئەو هـۆیانەی وتمانن نـەیدەویست بلّـێ لە ڕێگای تـێکۆشـانـەوە بۆ جـوێبـوونەوە و بۆ ڕزگاربوون لە تەوقی دەوڵەتی عوسمانی.

حاجی کە دروشمی جوێبوونەوەی کوردستانی لە دەوڵەتی عوسمانی بێ پێچوپەنا هەڵنەگرتووە، لە هەموو دڵیەوە چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی کوردستان ئازاد دەبێ و لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەردەچێ و لە کاروبیریدا بۆ ئەوە تێکۆشاوە. شیعرەکانی پڕن لە باسی خراپەی ڕۆمـییـان و لە هاندانی کورد بۆ تێکۆشـان لە پێناوی ئازادیدا، بەڵام نەیشـیـویسـتـووە وەک مـەلایەکی مـوسـوڵمـان و نومـایندەی گەلێکی خـاوەنـی مـێـژوویەکی پڕ شـانازی لە مـوسـوڵمـانەتیـدا، لەناو ڕیفـۆرمخـوازانی موسـوڵمانی ئەسـتـەمووڵی پێتەختی بەناو خەلافەتدا بەدانسـقـەو بێ هاوبیـر بناسـرێ و زمـانی هەمـوو ئەو–بەڕاست یا بەدرۆ– ڕیفۆرمـخوازانەی تێ بەر ببێ کە وایان پیشان دەدا بەرەو ڕوو بوونەوەی دەوڵـەتە ئیـمـپـریالیـیـەکـانی ئورووپا بـەرانبـەر بە دەوڵەتی خەلافەت بەوە دەکرێ کە پشتی بگرن و دژایەتیی توندی لەگەڵ نەکەن، ئەگینا ئەوە لە چەندین شیعری حاجییەوە بەئاشکرا دیارە کە باوەڕی نە بە دەوڵەتـی عـوسـمـانی و تـەنانەت نە بەخـەلیفـەی عـوسـمـانی و نە بەڕەواییی دابـەشـبوونی کوردستـان لەنێوان ڕۆم و عـەجەمدا نەبووە و، ئاواتـی هاتـنەدیی ئەو ڕۆژە بـووە کــە کــورد ڕاپەڕن و ڕۆمـــیـــانی عـوسـمـانی لە وڵاتـی خـۆیان ڕافـڕێنن و بییـانکەنە دەرەوە و داکـۆکـیی گەرمی لە پێویستیی پاراستنی خاکی کوردستان لە هەمـوو تەماعکار و داگـیـرکـەرێکی بێگـانە کـردووەو، چاوی بـڕیوەتە ئـەو ڕۆژەی ئاڵای کوردسـتـان بـەسـەر لووتکەی چیاکـانیـەوە هەڵدەکـرێ و، خـەفـەتی بۆ

ڕۆژانی بەسەرچووی سەربەخۆیی کوردان خواردووەو، گەلی کوردی بانگ کردووە بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی چەک بۆ تێکۆشان لەپێناوی ئازادیدا و دەستەو دامێنیان بووە کە بۆ بەدیهاتنی ئاوات و خواستەکانیان پشت بەهیچ هێزێکی نادیار نەبەستن و، داوای لێ کردوون لەناو خۆیاندا یەکبگرن و ئەگەر هەر هیچیش نەبووە بە تۆین تابیع بەدەوڵەتی بن بەڵکو لەو ڕێگاوە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و، گەلانی باڵقان بکەن بەسەرمەشق بۆ خۆیان کە تا دوێنێ دیل و دەستبەسەری عوسمانی بوون و بەیەکگرتنیان توانییان دەوڵەتی ڕۆمییان ببەزێنن و سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە و، پێی وتوون سەرکەوتن تەنها بەنسیبی ئەوانە دەبێ کە ڕێگای ڕاستی سەرکەوتن دەگرنە پێش و، بانگی کردوون بۆ چاولێکەریی ئەو گەلانەی ڕێگای دیموکراسییان گرتووەتەبەر و هەموو توێژاڵەکانی گەلەکەیان لە حوکمڕانی کردنی وڵاتەکەیاندا هاوبەش بوون (٤٦).

ئەم بابەتانەی ناومان هێنان و چەندین بابەتی تری کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی تری نەتەوەیی کە حاجی لە شیعرەکانیدا هێناونیەتە ئاراوە و لێیان دواوە، هەموو نیشانەی زەقی ئەوەن کە هەڵگرێکی شایان و لێهاتووی ئەو پەیامەیە کە خانی ڕایگەیاند و، خەباتکەرێکی کۆڵنەدەری ڕێگای ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بووە، با، وەک لێکیشماندایەوە، بەئاشکرایی و ڕوونییەکی تەواو، جەختی لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی گەلی کوردیش نەکردبێ، ئەو ئامانجەی تا دوا هەناسەی ژیانی

(٤٦) بڕوانەرە: بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، محەمەدی مەلا کەریم، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد.

پڕشکۆی بۆی تێکۆشاوە دروستکردنی میللەت و هاونیشتمانی کوردی هاوچەرخی شایان بە دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد بووە و، بۆیە–وەک خۆی پێشبینیی کردووە – یادی هەمیشە بەزیندوویی لەناو گەلەکەیدا دەمێنێتەوە و، وەچە لە دوای وەچەی میللەتەکەی ئەو ڕێیە دەگرن کە ئەو بانگی دەکردن بیگرنە بەر و، ئەو نوقلانەیەی دێتەدی کە وتوویەتی:

**(حاجی)یە شیعرەکانی وەک کاوە**
**ڕۆژێ دەبیێن درەفشی هەڵداوە**(٤٧)

(٤٧) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

# پێڕەس

پێشەکیی چاپی دووەم ........ 7
سەرەتا ........ 14
بەکورتی مێژووی ژیانی حاجی قادر ........ 17
ئەو کارەی کە کات و شوێنی ژیانی حاجی کردیانە سەر بیری ........ 20
شیعری حاجی ........ 23
حاجی و خوێندەواری ........ 24
حاجی و زوبانی کوردی ........ 29
شیعر لای حاجی ........ 40
حاجی و کەلەپووری زانیاریی کوردی ........ 45
حاجی و شێخیەتی و شێخەکان ........ 53
حاجی و مەلاکان ........ 79
گەل و نیشتمان پەروەری و هەستی نەتەوایەتیی حاجی ........ 84
حاجی قادری ڕێگا پیشاندەر و بەرچاو ڕوون ........ 107
حاجی قادری دڵسۆزی کۆڵنەدەر ........ 123
سکاڵا و دەردە دڵ ........ 128
دوایی ........ 134
چەند بابەتێکی باش لێ نەکۆڵراوە لە ژیان و شیعری شاعیری هوشیارکەرەوەی گەلی کورد حاجی قادری کۆییدا ........ 137